# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

چوارشەممە ۳۰ی بانەمەڕی ۱۳۹٤ _ ۲۰ی مای ۲۰۱٥

ژمارە ٦٥٦

www.kurdistanukurd.com


### وەزیری بەرگریی ئێران سەردانی عێراقی کرد

**هەواڵدەریی ئیرنا:** گرینگرتین ئامانجەکانی سەفەری هەیئەتی ئێران بۆ پەرە پێدانی هاوکارییە نیزامیو بەرگرییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەیە.

هەواڵی سەفەری وەزیری بەرگریی ئێران بۆ عێراق لە حاڵێک دایە کە داعش هێرشی کردۆتە سەر شاری ڕۆمادیو دەستی بەسەر داگرتوە.

دەست بەسەرداگرتنی شاری ڕومادی لە حاڵێک دایە کە ڕۆژی ۳۰ی خاکەلێوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندبوو کە هەر نەبێ ۹۰ هەزار کەس لە دانیشتووانی شاری ڕۆمادی بەهۆی ترس لە داعش ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشتووەو خەریکن لەم ناوچەیە دەردەچن.

شایانی باسە داگیر کرانی شاری ڕۆمادی لە لایەن داعشەوە، بە شکستێکی گەورە بۆ هێزە دەوڵەتییەکانی عێراق دادەنرێ، چونکی مەودای شاری ڕۆمادی لەگەڵ بەغدا کەمتر لە ۱۰۰ کیلۆمیترە.

## حدک لە پەیامێک دا بۆ کۆمەڵە و دامەزراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهان:

# وەدەنگ‌هاتنی بەوەختی ئێوە، خەڵک لە دەستدرێژی، سەرکوت‌و تۆڵەستاندنەوە دەپارێزێ

### پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ هەموو ڕێکخراوو دامەزراوە جیهانییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ

نارەزایەتی دەربڕینی هەزاران کەسیی ڕۆژی ۷ی مای ئەمساڵی خەڵکی مەهاباد لە پێوەندی لە گەڵ تاوانی گیانلەدەستدانی خانمی فەریناز خوسرەوانی لە یەکێک لە هوتێلەکانی ئەم شارە، لە گەڵ توندوتیژی نواندنی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوو. تەقەی هێزە حکوومەتییەکان لە خۆپێشاندەران، برینداربوونی چەندین کەسی لێکەوتەوە. هێندێک لەو بریندارانە لە دۆخێکی ناجێگیر دان‌و مەترسیی گیانلەدەستدانیان لە سەرە. زیاتر لە ۱۰۰ کەس لە لاوانی خەڵکی ئەو شارە بە تاوانی بەشداری لە خۆپێشاندانەکە، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە گیراون‌و چارەنووسیان ناڕوونە. هێندێک لە بریندارەکانیش بۆ ئەوەی نەکەونە دەست هێزە ئەمنییەتییەکان‌و لە جیاتی دەرمانکران بە برینداری ڕەوانەی بەندیخانە نەکرێن، نەیانوێراوە خۆیان بە نەخۆشخانەکان بناسێنن.

بە دوای سەرکوتی خوێناویی خۆپێشاندانی مەهاباد، خەڵکی ژمارەیەک لە شارەکانی کوردستان، بە نیازی هاودەردی لە گەڵ خەڵکی ئەو شارەو پشتیوانی لە داخوازەکانیان، هەوڵیان دا ڕێپێوان‌و کۆبوونەوەی هێمنانە بکەن. لە سەردەشت ڕێپێوانی ژنان‌و لاوانی ئەو شارە کەوتە بە پەلاماری هێزی چەکداری حکوومەتی‌و تەنانەت تەقەیان لێ کرا. کۆمەڵێکی ۱٥–۲۰ کەسیشیان قۆڵبەست کراون کە زۆربەیان هەتا ئەم کاتەش لە دەستبەسەری دان. لە شارەکانی دیکەش لە ماوەی چەند ڕۆژی رابردوودا ژمارەیەک لە چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان گیراون.

ئێستا جگە لەوەی شەپۆلی گرتن‌و ڕاوەدوونان لە شارەکانی کوردستان بەردەوامە، کەشوهەوایەکی پۆلیسی‌و نیزامی بە سەر شارەکان‌دا زاڵ کراوە. ڕێگە بە هیچ کۆبوونەوەو ڕێپێوانێکی هێمنانە بە مەبەستی پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد نادرێ. کۆنترۆڵێکی توند خراوەتە سەر پێوەندییە تەلەفۆنییەکان‌و کۆسپ دەخرێتە سەر ڕێی دەستڕاگەیشتنی هاونیشتمانان بە هێڵی ئەنترنێت. هێندێک لە بەندییە سیاسییەکان‌و یەک لەوان ”مەنسوور ئاروەند“ کە حوکمی ئێعدامی بە سەردا سەپێندراوە، لە شوێنی خۆیان ڕاگوێزراون‌و نیگەرانیی ئەوە هەیە کۆماری ئیسلامی بۆ چاوترساندنی خەڵک، وەک زۆر جاری دیکە، پەنا بباتە بەر ئێعدامی بەندییەکان.

ل ۲



دوانیوەڕۆی پێنجشەممە ۱۷ی بانەمەڕ، هەزاران کەس لە خەڵکی شاری مەهاباد بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر تاوانی کوژرانی فەریناز خوسرەوانی، لە بەر دەرکی هوتێل تارا کە تاوانەکەی تیدا ڕوودابوو، کۆبوونەوە. ئەم کۆبوونەویە لە ئاکامی خۆتێهەڵقوتاندن‌و پەلاماری هێزە ئەمنییەتییەکان‌دا توندوتیژیی لێ‌کەوتەوەو سووتانی هۆتێلەکەشی بە دوا داهات. بە هۆی دەسرێژی هێزە حکوومەتییەکان، چەندین کەس لە خۆپێشاندەران‌و خەڵکی ناڕازی بریندار بوون‌و نزیکەی ۲۰۰کەسیش گیران. دوای سەرکوتی خوێناویی خۆپێشاندانی ڕۆژی ۱۷ی بانەمەڕی خەڵکی شاری مەهاباد، خەڵکی ژمارەیەک لە شارەکانی کوردستان، بە نیازی هاودەردی لە گەڵ خەڵکی ئەو شارەو پشتیوانی لە داخوازەکانیان، هەوڵیان دا ڕێپێوان‌و کۆبوونەوەی هێمنانە بکەن. لە سەردەشت ڕێپێوانی ژنان‌و لاوانی ئەو شارە کەوتە بە پەلاماری هێزی چەکداری حکوومەتی‌و تەنانەت تەقەیان لێ کرا، ژمارەیەکی ۱٥–۲۰ کەسیش لەوان قۆڵبەست کراون. خەڵکی ژمارەیەک لە شارەکانی دیکەش ڕۆژی پێنجشەممەی رابردوو،۲٤ی بانەمەڕ، بە داخستنی دوکان‌و بازاڕو وەدەرنەکەوتن لە ماڵەکانیان، پشتیوانییان لە خەڵکی زامداری مەهاباد کردو داواکاری ئازادکردنی گیراوەکان بوون.

لە پێوەندی لە گەڵ وەڕێخرانی شەپۆلی سەرکوت‌و گرتنی خەڵکی ناڕازی‌و زاڵکرانی کەشوهەوای پۆلیسی‌و نیزامی بە سەر شارەکانی کوردستاندا، حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی بۆ دامەزراوەو ناوەندە جیهانییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ نارد. لە پەیامەکەدا داوا کراوە: «ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە دەستبردن بۆ سەرکوت‌و توندوتیژی لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ خەڵکی ناڕازیداو، بە بۆنەی ڕێگەنەدان بە نارەزایەتیدەربڕینی هێمنانەی خەڵک، بخەنە ژێر گوشارو ناچاری بکەن دەست لە کوشتن‌و گرتن‌و بەندکردنی ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان هەڵ بگرێ.» پەیامەکە تەئکیدیش دەکاتەوە کە:» وەدەنگهاتنی بە وەختی ئێوە، خەڵکی داواکاری ئازادی، دیموکراسی‌و مافە نەتەوەییەکان لە دەستدرێژی، سەرکوت‌و تۆڵەستاندنەوە دەپارێزێ.»



هەڵوێستەیەک لە سەر مانگرتنی ٢٤ی گوڵان

۳



خالید عەزیزی: تێبکۆشین پردێک لە نێوان جیاوازییەکان‌دا دروست بکەین

٤



دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم «ظرفیت‌سازی» لە کوردستان

٥



ڕۆژهەڵات تەوەری: تێکشاندنی تەلیسمەکان

٦



«ڕۆژهەڵات، تامەزرۆی شۆڕشێکی بەربەرین»

۷

### دەسبەسەرکراوانی خۆپێشاندانەکەی مەهاباد لە ژێر ئەشکەنجە دان



**کوردستان و کورد:** بەشی زۆری ئەو کەسانەی لە خۆپێشاندانی ڕۆژی ۱۷ی بانەمەڕ لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ئێرانەوە دەسبەسەر کراون، لە گرتووخانەکانی وەزارەتی ئیتلاعات‌و سپای پاسداران لە ورمێ بەند کراون.

بەندکراوێکی ئەو سەرهەڵدانە دوای ئەوەی توانی پێوەندی بە بنەماڵەکەیەوە بگرێ، ئاشکرای کردوە کە بەندکراوان لە ژێر ئەشکەنجەی توندی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی دان. شکەنجەگەران بەندکراوانیان خستۆتە ژێر فشار بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن سوتانی هوتێل تارا بە ئەستۆ بگرن.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی بە کوردستان‌و کورد گەیشتوون زیاتر لە ۱٥۰ کەس لە شاری مەهابادو سەردەشت لە دوای ڕووداوەکەی هۆتێل تارا دەستبەسەر کراون‌و کە ژمارەیەک لەوان بە برینداری کەوتبوونە بەر دەستی ناوەندە ئەمنیەتییەکان.

شایانی باسە زۆربەی ئەو گیراوانە تا ئێستا لە مافی سەردان‌و چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکانیان بێبەش کراون‌و ئەوەش پتر بنەماڵەی ئەوانی سەبارەت بە دۆخی سلامەتی‌و چۆنیەتیی ڕاگیرانیان نیگەران کردوە.

### یەکیەتیی ئورووپا هێرشی نیزامی دژ بە قاچاخچیانی ئینسان پەسەند کرد

ستهکۆلمیان: ڕۆژی دووشەمە وەزیرانی بەرگری ودەرەوەی ۲۸ وڵاتی ئورووپایی لە شاری برۆکسل کۆبوونەوەو هەتا لەسەر ڕێگاکانی بەربەرەکانی لە گەڵ قاچاخی پەنابەران و ڕێگای پێشگیری کردن لە قاچاخی ئینسانەکان لە سنوورەکانی باکووری ئافریقا و ڕۆژهەلاتی ناوەراست، تاوتوێ بکەن و بریاری لەسەربدەن.

لەدوایین کاتەکانی ڕۆژی دووشەمە بە فەرمی ڕاگەیاندرا کە یەکیەتیی ئورووپا بۆ یەکەمین جار «هێرشی نیزامی دەریایی دژ بە قاچاخچیانی ئینسان پەسەند کرد.

ئەم بڕیارەی یەکیەتیی ئورووپا بۆ ڕاگرتنی قاچاخی مرۆیی و پێشگرتن لەو کارەساتە جۆربەجۆرانەی کە لە ماوەی چەند حەوتەی ڕابردوو لە سنوورە



ئاوییەکانی باکووری یەکیەتیی ئورووپا ڕوویان داوە.

تەنیا لە ژانۆیەی ئەمساڵدا تاکوو ئێستا نزیک بە ۱۸۳۰ پەنابەری نایاسایی لە ڕێگای گەیشتن بە ئورووپا لە سنوورە دەریاییەکان گیانیان لە دەست داوە.

ئەم بریارە لە زووترین کات بەرێوە دەچێ و بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندێک لە شاری «ڕۆم» دامەزراوە...

# سەردانی نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان



نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان کە لە ١٤ حیزبی چوارپارچەی کوردستان پێکهاتوون، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان کردو لەو کۆبوونەویەدا دوایین ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوتوێ کران.

رۆژی یەکشەممە، ٢٠ی بانەمەڕی ٩٤ی هەتاوی بەرامبەر بە (٢٠١٥/٥/١٠ زایینی) نوینەرانی حیزب ولایەنە سیاسیەکانی پارچەکانی کوردستان بە مەبەستی هاودەردیو پشتیوانی لە خۆپێشاندانی خەڵکی وەزاڵە هاوتوی شاری مەهاباد و باقی شارەکانی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کردو لە لایەن شاندی رێبەریی حیزبەوە بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتیری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

خالید عزیز، سکرتیری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بەخێرهێنانی شاندی میوان بە کورتی باسێکی لە بارودۆخی ئەم دوایانەی رۆژهەلاتی کوردستان و ئیرانی لە پێوەندی لەگەل خوپێشاندانی ئەم دواییانەی شارەکانی کوردستان بە تایبەتی شاری مەهاباد کرد کە خەڵک بە شێوەیەکی مەدەنیانە بۆ دەربرینی نارەزایەتیی خۆیان لە چۆنیەتیی مەرگی فەریناز خوسرەوانیوهێنانە ئارای ویستو داخوازییەکانیان هاتنە سەر شەقام، بەڵام لە لایەن هیزە ئەمنیەتییەکانی رێژیمەوە بە توندی بەرپەرچ دراونەوەو ئەوەش لە ئاکامدا، توندوتیژی لێکەتەوە.

سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەرپرسایەتیی توندوتیژییەکانی ئەو چەند ڕۆژەی خستە ئەستۆی بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامیو تیشکی خستە سەر ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران پێداگری لەسەر ئەوە کردوە لە کێشەکانی کورد تەنیا لە ڕێگەی دانیشتنو وتوێژەوە چارەسەر دەنم، بەڵام بە داخەوە کاربەدەستانی ریژیم تا ئێستاش ئامادە نەبوون کە گوێ بۆ ویستو داخوازییەکانی خەلک بگرن.

هەر لەو پێوەندییەدا خالید عەزیزی ئاماژی بە چاوەروانیی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان لە حیزبو لایەنە سیاسیەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کرد کە لە رووی سیاسیو مەعنەوییەوە هاوکارو پشتیوانی ڕۆڵەکانی خۆیان لە رۆژهەلاتی کوردستان بن کە هەموو کاتی خەلکی رۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوان ویارمەتیدەری پارچەکانی دیکە کوردستانو بەتایبەتی باشووری کوردستانو حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونە.

لە درێژەی کۆبوونەوەکە دا نوینەرانی حیزبو لایەنەکانی بەشدار لە کووبوونەوەکە دا هاودەردیو پالپشتی خۆیان بۆ خەباتی رەوای خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانو بەتایبەت خوپێشاندانە ئاشتیخوازەکانی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەربری.

شایانی باسە هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبەکوردستانییەکان کە لە ١٤ حیزبی هەر چوار پارچەی کوردستان پێکهاتوون بریتین لە:

١-پارتی دیموکڕاتی کوردستان، ٢- یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ٣-بزووتنەوەی گۆڕان، ٤-کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، ٥-حیزبی دیموکراتی کوردستان، ٦-کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکیشانی کوردستان، ٧-حیزبی ئایندەی کوردستان، ٨-یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان، ٩- بزووتنەوەی دێموکڕاتی گەلی کوردستان، ١٠- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ١١-حیزبی بەیتونەهرەینی دێموکراتی ئاشووری، ١٢- پارتی یەکیەتیی دێموکڕاتی کورد، ١٣-پارتی ئازادیی کوردستان ( باکوور) ١٤- پارتی سەربەستیی کوردستان.

# کۆبوونەوەی نێوان کۆنسولی گشتیی ئەمریکاو حیزبی دێموکڕات لە بنکەی دەفتەری سیاسی



لە چوارچێوەی ئەو سەردانەدا کە رۆژی پێنجشەممە، ٢٤ی بانەمەڕ، ژۆزێف پێنینگتۆن کۆنسولی گشتیی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەولێر و وەڤدی هاوڕێی بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان کرد، کۆبوونەوەیەک لەنێوان ناوبراو و کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب بە بەشداریی ئەندامانی دەفتەری سیاسی لە سکرتاریای حیزب بەڕێوە چوو.

لەسەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا هەردوولا خۆشحاڵیی خۆیان لەو دیدار و چاوپێکەوتنە و هۆگریی خۆیان بۆ پەرەپێدان و قووڵکردنەوەی پێوەندی و دۆستایەتیی نێوانیان دەربڕی.

پاشان باس و بابەتەکانی جێگای مەبەستی ئەم دانیشتنە گفتگۆیان لەسەر کرا. لەو نێوەشدا خرۆشانەکەی ئەم دواییەی مەهاباد و شارەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدوای مەرگی فەریناز خوسرەوانی زۆرترین کاتی بۆ تەرخان کرابوو. لەو پێوەندییەدا سکرتێری گشتیی حیزب خوێندنەوەی حیزبی دێموکڕات لەو جینایەتە و بەرپرسیارێتیی کۆماری ئیسلامی لەو نێوەدا و بەگشتی ئاکام و دەرەنجامەکانی ئەم رووداوەی خستەڕوو. دواتر سروشت و پۆتانسیەلەکانی ئەو شەپۆلە لە نارەزایەتی کە بەدوای ئەم رووداوەدا لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ کەوتووە و هەڵوێست و کاریگەریی پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو پێوەندییەدا قسەیان لەسەر کرا.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا پاشخان و دۆخی ئێستای پرسی کورد لە ئێران گفتگۆی لەسەر کرا. لەو بەشەدا وێڕای ئاماژە بە رەهەندە مێژوویی و سیاسییە جۆربەجۆرەکانی مەسەلەی کورد لە ئێران، هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات چ پاش ئینقلاب و چ دواتر بۆ یارمەتیدان بە کرانەوەی سیاسی و چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد، توانا و پۆتانسیەلەکانی خەباتی گەلی کورد لە ئێران و حیزبی دێموکرات لە بەستێنە جۆراوجۆرەکاندا و هەروەها پێوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەتی باشووری کوردستان باس کران.

پرسی پرۆگرامی ناوکیی ئێران و دوورەدیمەنی رێککەوتن لەسەر ئەو مەسەلەیە لەنێوان کۆماری ئیسلامی و هێزە گەورەکانی جیهان و شوێنەوار و دەرەنجامەکانی وەها رێککەوتنێک لەسەر دۆسیەکانی دیکەی قەیران لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی ئایندەی بزوتنەوەی مافخوازیی خەڵکی ئێران بەگشتی و گەلی کورد لە رۆژهەڵات بەتایبەتی تەوەرێکی دیکەی گرینگی ئەو کۆبوونەیە بوو.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا سەبارەت بە قووڵکردنەوە و بردنەسەری ئاستی پێوەندییەکانی نێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

# خالید عەزیزی: ستراتێژیی ئێران خوڵقاندنی قەیرانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست



خالید عەزیزی لە پێوندی لەگەڵ سەرهەڵدانەکەی شاری مەهابادو

پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان لە کوردستان لە وتوویژ لەگەڵ ئاژانسی ئاناوڵدا دەڵێ ئێمە پێمانوایە مانگرتن، خۆپێشاندانی خەڵک لە رۆژهەڵاتی کوردستان مافی تەواوی ئەو خەڵکەیە. هەر کردەوەیەکی هێمنانە کە خەڵک مافەکانی خۆیان بێننەگۆڕێ ئەوە هەقێکی سرووشتی خۆیانە و نابێ ئەو هەقەیان لێ بسێنیتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، باسی هۆکارەکانی بەردەوامیی نارەزایەتییەکان لە کوردستان کرد و گوتی هەر لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی نیزامی سیاسیی وڵات نەیویستوە گوێ بۆ داوای کورد بگرێ، هەر بۆیە شەڕێکی ناحەقو نارەوای بەسەر کورددا سەپاندوە کە تا ئێستا بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

**قادر وریا بۆ «الشرق الاوسط»:**

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵک چاوەڕوانی دەرفەتن بۆ نارەزایەتی دەربڕین.

ڕۆژنامەی بەناوبانگی عەرەبیی "الشرق الاوسط" لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان راپۆرتێکی بڵاو کردۆتەوەو باسی لە کەشی کوردستان بە دوای خۆپیشاندانەکەی شاری مەهابادا کردوە.

قادر وریا ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە "الشرق الاوسط"ی گوتوە: "حکوومەتی ئێران رێگە لە خەڵک دەگرێ کە خۆپێشاندانی ئاشتیخوازانە بەڕێوە ببەن، بەڵام هەوڵەکان بەو مەبەستە درێژەیان هەیە و چالاکانی مەدەنی لەپێناو درێژەدانی خۆپێشاندانەکان لەنێوان خۆیاندا پلان دادەڕێژن. لەنێوان لایەنە سیاسییە کوردییەکانیشدا کۆبوونەوەکان لەپێناو یەکخستنی هەوڵەکانیان بۆ کارکردنی زیاتر لەسەر ئەم خۆپێشاندانانە لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات بەردەوامن".

قادر وریا لە درێژەدا گوتی :" ئێستا خۆپێشاندەران بۆ دەربڕینی تووڕەیی خۆیان هەوڵ دەدەن رێگەی ئاشتییانە بگرنە بەر، بەڵام ئەگەر تاران هەروا بەردەوام بێ لە پێشگرتنی خەڵک لە خۆپێشاندان، ئەو کاتە هاووڵاتییان رێگای دیکە دەگرنە بەر".

قادر وریا هەروەها ئاشکرای کرد کە ژمارەی گیراوەکان بەتەنیا لە مەهاباد لە ٢٠٠ کەس تێپەڕیوە. ناوبراو پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە



حکومەتی ئێران "هیچ جێگە و پێگەیەکی لە کوردستانی ئێراندا نیە و جێگەی متمانەی [خەڵک] نیە، و [رێژیمێکە] کە لە سەرکوت و لە پەراوێزخستنی کوردەکان بەردەوامە و لە ساڵانی رابردوودا دەیان کەسی لە لاوانی کورد ئێعدام کردوە.

# کۆبوونەوەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانو کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان



رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی ٢٧ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، هەیئەتیکی نوێنەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان لە زرگوێزەڵەیان کرد.

لەم دیدارەدا هەیئەتی حیزبی دیمۆکرات لەلایەن شاندی کۆمەڵە بە سەرپەرستیی عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەوە پێشوازییان لێکرا.

دیدارەکە دوو تەوەری سەرەکی واتە رووداوەکەی ئەم دواییەی مهاباد و دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ کاری هاوبەش لە نێوان حیزبە سەرەکییەکانی رۆژهەلاتی کوردستانی لەخۆگرتبوو.

خالید عەزیزی بە ئاماژەی بە گرینگیی ڕووداوەکەی مەهابادو دەنگدانەوەی بەرینی ڕووداوەکە بەرپرسایەتیی نائارامییەکانی ئەم دواییانەی خستە ئەستۆی ڕێژیمو گوتی ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو بە کردەوەکانی خەڵکی هان داو دەیانویست وێنایەکی توندو تیژ لە خەڵکی کوردستان پێشانی دەرەوە بدەن. سکرتیری گشتیی حیزب هەر لەو پێوەندییەدا گوتی دواتر رێژیم بۆ ئەوەی ئەو نارەزایەتییە تەشەنە نەستێنێو درێژە نەکێشێ، بەشێوەیەکی توندوتیژ وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە.

عەزیزی وێڕای بەرزنرخاندنی راسانی خەڵکی مهاباد ڕەخنەی لە کاریگەریی خراپی پرشو بڵاویی هێزە سیاسییەکانو نەبوونی یەکگرتوویی بەکردەوەی حیزبە سیاسییەکان گرتو پێی وابوو یەکیەتیی بەکردەوەی حیزبە سیاسییەکانو گوتاری هاوبەشی هێزە سیاسییەکان دەتوانێ هاوکێشە سیاسییەکانی کوردستان بەرەو ئاقارێکی دیکە بەرێ.

عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری کۆمەڵەش وێڕای بە گرینگ لەقەڵەمدانی ئەو رووداوە گوتی: رووداوەکەی مهاباد دەریخست کە رێژیم لە جاران "آسیبپذیرتر"ە و هۆی ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە راگەیاندنو میدیاکان لەم سەردەمەدا ناهێڵن کە کەس بێکەسکوژ بکرێ و لەلایەکیترەوە مەسەلەی کورد لەم قۆناغەدا بۆتە پرسێکی نێودەوڵەتی و هەر رووداوێکی لەو چەشنە لە کوردستان روو بدا، لە ئاستی جیهانیدا بە گرینگییەوە باسی لێدەکرێ.

سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانیش ئاوا

## درێژەی: پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ هەموو ڕێکخراوو دامەزراوە جیهانییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ

لەم بارودۆخەشدا، دەزگا ئەمنییەتییەکان لە دەستبەسەرکردنی پێشەنگانی بزووتنەوەی کرێکاریو بانگ کردنی ئەو مامۆستایانە غافڵ نین کە لە مانگرتنەکانی ئەم دوایانە بە مەبەستی خستنەڕووی داخوازە سینفییەکانیان بەشدار بوون.

لەم بارودۆخە هەستیارەدا، بە پیویستی دەزانین، دامەزراوەو رێکخراوەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤو بیروڕای گشتی لەو سەرکوتو هەڕەشانە ئاگاداربکەینەوە کە خەڵکی کوردستان بە تایبەتی چالاکانی بەشدار لە حەرەکەتە ئێعترازییەکان لە گەڵیان بەروڕوون. ئێمە سەرنجتان بۆ لای چارەنووسی بەندکراوانو بریندارەکانی ڕووداوەکانی ئەم دوایانە رادەکێشین. هەر وەها چارەنووسی دەیان بەندیی سیاسیی کورد لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیتاندا وەبیردێنینەوە کە چەندین کەس لەوان، حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپێندراوەو هیچ دوور نییە ئەو ڕێژیمە بۆ چاوترساندنی خەڵک، گیانیان لێ نەستێنێ. وەبیریشتان دێنینەوە هەر لە کۆنەوە ستاندنی گیانی ئینسانە بێتاوانەکانو بێسەروشوێنکردنی جیابیرانو نارازییان لە کوردستان لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانو هێزە چەکدارەکان بە داخەوە ڕەواڵیکی ئاسایی بووە. هەر بۆیە ئەگەر گوشاری نێودەوڵەتیو چاوەدێرییەکی جیهانی لە سەر ئەو ڕێژیمەو ڕەفتارو کردەوەکانی لە کوردستان نەبێ، بە خەیاڵیکی ئاسوودەتر درێژە بە سەرکوتی خەڵکی وەزاڵەهاتووو خنکاندنی دەنگی نارازیی ئەوان دەدا.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێوەو هەموو داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان داوا دەکا، رێژیمی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە دەستبردن بۆ سەرکوتو توندوتیژی لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ خەڵکی نارازیدا و، بە بۆنەی رێگەنەدان بە نارەزایەتیدەربڕینی هێمنانەی خەڵک، بخەنە ژێر گوشارو ناچاری بکەن دەست لە کوشتنو گرتنو بەندکردنی ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان هەڵ بگرێ.

وەدەنگهاتنی بە وەختی ئێوە، خەڵکی داواکاری ئازادی، دیموکراسیو مافە نەتەوەییەکان لە دەستدریژیو سەرکوتو تۆڵەستاندنەوە دەپارێزێ.

**١٤ی مای ٢٠١٥**

**٢٤ی بانەمەڕی ١٣٩٤**

## بەیاننامە:

# خەڵکی زامداری مەهاباد چاوەڕوانی پشتیوانیی خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستانن

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان!**
**دۆستانو دڵسۆزانی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

دوانیوەڕۆی دوێنێ پێنجشەممە ١٧ی بانەمەڕ، هەزاران کەس لە خەڵکی قارەمانی شاری مەهاباد بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر تاوانی کوژرانی فەریناز خوسرەوانی، لە بەر دەرکی هوتێل تارا کە تاوانەکەی تیدا ڕوودابوو، کۆ بوونەوە. هێزەکانی ناسراو بە دژە شۆڕش کە لە پێشترەوە لە دەوروبەری ئەو هوتێلە جێگیر کرابوون، بۆ بڵاوە پێکردنی خەڵکەکە دەست بە کار بوون و بە لێدان بە باتووم و بە گازی فرمێسکڕێژ و تەنانەت بە چەکی گەرم بەرەوڕووی خەڵکی نارازی بوونەوە. توندو تیژی نواندنی هێزە چەکدارەکان لە لایەک وموتتەهەمبوونی دامودەزگای ئیتلاعاتو دەزگا حکوومەتییە پێوەندیدارەکان لە ڕوودانی تاوانەکەو لێنەپرسینەوەی لە لایەکی دیکەوە، خەڵکی خرۆشاوی مەهابادی لە سەر پەلاماربردن بۆ سەر ئەو هوتێلە و بە گژداچوونەوەی هێزە چەکدارەکان شێلگیرتر کرد. لە ئاکامی تێکهەڵچوونی هیزە چەکدارەکان و خەڵک دا چەندین کەس لە خۆپێشاندەران بریندار بوون کە برینی ژمارەیەکیان جێگای مەترسیە. خەڵکی تووڕە لە دەستدرێژیو ستەمی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانو مۆرە بەدناو و فاسدەکانی ئەو ڕێژیمە، لە درێژەی خۆپێشاندانەکە دا هۆتێلەکەیان ئاگر تێبەردا. نارەزایەتیدەربڕینی خەڵک و تێکهەڵچوونیان لە گەڵ هیزە چەکدارەکان هەتا کۆتاییەکانی شەوی ڕابردوو بەردەوام بوو. بە گوێرەی هەواڵەکان دەیان کەس لە لاوەکان گیراون و ژمارەیەک لەوان بۆ میاندواو ڕاگوێزراون. زۆر لە بریندارەکانیش لە ترسی گیران بە برینداری، نەیانتوانیوە بچنە نەخۆشخانەی دەوڵەتیو لە بارودۆخێکی خراپ دا دەرمان کراون. لە ئێستا دا بارودۆخی مەهاباد بە تەواوی نیزامییە. هێزێکی زۆری سەرکوتکەر کە لە شارەکانی دیکە ڕا بۆ سەرکوتی خەڵک و کۆنتڕۆڵکردنەوەی وەزعەکە هێنراون، شاریان بە تەواوی تەنیوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی دووبارەی پەلاماری دەستدرێژیکەرانە بۆ سەر فەرینازخوسرەوانی کە بووە هۆی مەرگی ناوبراو، بێدەنگنەبوونو هەڵویستگرتنی خەڵکی قارەمانی مەهاباد لە ئاست ئەو تاوانە، بەرز دەنرخێنێ. خەڵکی مەهاباد، نیشانیان دایەوە کە لە ئاست سووکایەتی و تاوان دەرحەق ڕۆڵەکانی خۆیان بێدەنگ نابن و چاویان لە ئاست خوینی بە ناحەق ڕژاو و گیانی بە ناحەق ئەستیندراوی کچێکی لاوی شارەکەیان نانووقێنن. حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لەو کاتە دا توندوتیژی نواندنی دامودەزگا پیوەندیدارەکانو هیزە سەرکوتکەرەکان کە لە جیاتی لێکۆڵینەوە لە تاوانبارانی سووکایەتی پێکردن وگیانلەدەستدانی کچێکی کورد، کەوتوونە دەسرێژ لە خەڵکی نارازی، بە توندی مەحکووم دەکا.

داوای لە خەڵکی سەرجەم شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین بە کردەوە پشتیوانیی خۆیان لە خەڵکی زامداری مەهاباد ڕابگەیەنن . ئیستا نۆرەی خەلکی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتە کە بە پشتیوانیی مەهابادی خرۆشاوی زامدارەوە بچن. ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە شارەکانی دیکەوە هێزی چەکداری بۆ سەرکوتی مەهابادییە خرۆشاوەکان هێناوە، پیویستە لەمڕۆوە و بە تایبەتی بە دوای نوێژی هەینی دا، خەڵکی شارە جۆربەجۆرەکان ڕێپێوانی نارەزایەتی بەڕێوە ببەن، هەم تاوانی پەلامار بۆ سەر فەریناز و دەیان تاوانی دیکەی کاربەدەستانی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە دژی ڕۆڵەکانیان مەحکووم بکەن، هەم هاودەنگی و پشتیوانیی خۆیان لە نارەزایەتی دەربڕینی خەڵکی مەهاباد رابگەیەنن.

لەم کاتوساتەش دا بە دەرفەتی دەزانین هەموو ئەو چەکدار و کاربەدەستە کوردانەی خزمەتی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەکەن، وریا بکەینەوە کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ ئەوان بۆ سەرکوتی خەڵکی هاوشاری و هاوزمان و هاونەتەوەی خۆیان بە کار بێنێ. وەختی ئەوە هاتوە چاوی خۆیان بکەنەوە و لە جیاتی جێبەجیکردنی پیلانی بکوژانی خوشک و برا وخەڵکی هاوشاری و هاوزمان و هاونەتەوەی خۆیان ، لە گەڵ خەڵکی بێزار لە ستەم و تاوان، هاودەنگی بنوێنن و ڕابردووی خۆیان بەهەڵویستێکی بوێرانە و شەرافەتمەندانە بکرنەوە.

لە ڕۆلەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و لە دۆستان و دلسۆزانی گەلی بەشخوراوی کورد لە ڕادەی ئێران و جیهان دا داوا دەکەین لەم بارودۆخە هەستیارە دا، پشتیوانی خەڵکی وەزالەهاتووی ڕۆژهەلاتی کوردستان بن و لە هەر ڕێگایەکەوە بۆیان دەگونجێ،لە بەرامبەر هێرش و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی دا، پشتیوانیان لێ بکەن.

ئێمە جارێکی دیکە سلاو بۆهەڵوێستی بوێرانە و خرۆشانی جەماوەریی خەڵکی قارەمانی مەهاباد دەنێرین. بۆ بریندارەکان چاکبوونەوەی هەر چی زووترو بۆ گیراوەکان ئازاد بوون و گەڕانەوە بۆ نیو بنەماڵەکانیان بە ئاوات دەخوازین.

**خەڵکی مەهاباد، نیشانیان دایەوە کە لە ئاست سووکایەتی و تاوان دەرحەق ڕۆڵەکانی خۆیان بێدەنگ نابن و چاویان لە ئاست خوینی بە ناحەق ڕژاو و گیانی بە ناحەق ئەستیندراوی کچێکی لاوی شارەکەیان نانووقێنن**

چاوەڕوانو هیوادارین خەڵکی شارو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە کۆماری ئیسلامیی بسەلمێنن کە خەڵکی خرۆشاوی مەهاباد بە تەنیا نین و لە بەرامبەر سەرکوت و دەستدرێژییەکانی ئەو ڕێژیمە بەرامبەر خەڵکی هەر شارو ناوچەیەک، یەکگرتووانە دێنە مەیدان.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٨ی بانەمەڕی ١٣٩٤**
**٨ ی مای ٢٠١٥**

---

# هەڵوێستەیەک لە سەر مانگرتنی ٢٤ی گوڵان



**قادر وریا**

بانگەوازێک کە کۆمەڵێک چالاکیی مەدەنیی نیوخۆی وڵات لە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردووە بۆ مانگرتنی سەرانسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاویان کردبۆوە، سەرەڕای زاڵبوونی کەشوهەوایەکی بە تەواوی نیزامی و ئەمنییەتی بە سەر شارەکان دا، ڕۆژی ٢٤ی بانەمەڕ بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە بەشێک لە شارەکانی دوو پارێزگای ڕۆژهەڵات(پارێزگەی سنەو پاریزگەی ورمێ)، وڵامی خۆی لە لایەن خەڵکەوە، وەرگرتەوە.

دیارە بانگەوازەکە هی کۆمەڵێک لە چالاکانی نێوخۆ بوو نەک هی حیزبو لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو. بەڵام ژمارەیەک لە حیزبەکانو ڕاگەیەنەکانیان بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانو تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ، لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەو گەیاندنی پەیامی ئەو کۆمەڵە چالاکەی نێوخۆ، درێغیان نەکرد. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان، پشتگیرییەکەی لەم بانگەوازە لەباوەڕ بەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە پشتیوانی لە چالاکانی مەدەنیی نیوخۆو حەرەکەتەکانیان بۆ هێنانە گۆڕو بەرگری لە داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، ئەرکێکی نەتەوەییو ئەخلاقیو خەباتگێڕانەیە. جگە لەمەش هەر وەک لە بەیاننامەی ئەم حیزبە لە بارەی خۆپێشاندانی ١٧ی بانەمەڕی مەهابادا هاتبوو، پێویستە «خەڵکی شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کۆماری ئیسلامیی بسەلمێنن کە خەڵکی خرۆشاوی مەهاباد بە تەنیا نینو لە بەرامبەر سەرکوتو دەستدرێژییەکانی ئەو ڕێژیمە بەرامبەر خەڵکی هەر شارو ناوچەیەک، یەکگرتووانە دێنە مەیدان“.


بانگەوازی مانگرتنی سەرانسەری لە کاتێکدا ڕاگەیەندرا کە لە ڕۆژانی پێشتردا داوا دەکرا خەڵکی شارەکانی کوردستان بڕژێنە سەر شەقامو بە خۆپێشاندان تاوانی هێزە حکوومەتییەکان دژی خەڵکی نارازایی مەهاباد مەحکووم بکەن. دیارە لە چەند شارێکو بە تایبەتی شاری سەردەشت، خەڵک لە کەشوهەوایەکی بە تەواوی پۆلیسیو میلیتاریزەدا بە دەنگی ئەم پەیامەوە چوون، کە وەک دیتمان بە توندی کەوتنە بەر پەلامارو تەنانەت تەقەیان لێ کراو چەندین کەسیشیان گیرانو ڕەوانەی بەندیخانە کران.

پەنابردن بۆ دوکانو بازارداخستنو مانەوەی خەڵک لە ماڵەکانیان لە هەلومەرجێکدا کە شوێنە گشتییەکانو شەقامو کۆڵانو دەوراندەوری شارەکان بە هێزی دڕندەی نیزامیو سەرکوتکەر تەنراون، بۆ هێندێک بارودۆخ بیرۆکەیەکی دروستەو ئەگەر خەڵک بە شێوەیەکی بەرین بە پێشوازییەوە بچن، هەم پەیامێکی ڕاشکاوو کاریگەر دەدەن بە دەسەڵاتو بیروڕای گشتیی نێوخۆو دەرەوە، هەم تێچووی گیانیی هەڵویستەکەیانو نارەزایەتیدەربڕینەکەیان،کەمتر دەبێتەوە.

لە مانگرتنی پێنجشەممە ٢٤ی بانەمەڕدا، ڕێژەیەکی بەرچاوی بازاڕیان لە شارەکانی مەریوان، سنە، پاوە، مەهاباد، سەردەشت، نەغەدە، پیرانشار و شنۆ و هێندێک شارو شارۆچکەی دیکە، بە تایبەتی لە بەرەبەری نیوەڕۆوە، دوکانو بازاڕیان داخست. دیارە لە هێندێک شارەکان ڕێژەی داخرانەکە لە شارەکانی دیکە زیاتر یا کەمتر بوو. بەڵام ڕوویەکی دیکەی مانگرتنی ئەمجارە، خۆبواردنی خەڵک لە چوونە نێو بازاڕو، مانەوەیان لە ماڵەکانیان دابوو. ئەم کارە وای کردبوو ئەگەر بەشێک لە بازاڕییەکان بە هەر هۆیەک دوکانەکانیشیان دانەخستبوو، بە هۆی مانەوەی خەڵک لە ماڵەکانیانو نەهاتنیان بۆ نیو بازاڕ، ڕوخساری مانگرتن بەو شارانەوە دیار بێ.

لە هەڵسەنگاندنی مانگرتنی ئەمجارەدا، نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە لە ڕاگەیاندنی بانگەوازەکە هەتا جێبەجێکردنی، ماوەیەکی کەم بە دەستەوە بوو. جگە لەمەش لە ئاستی حیزبەکانو چالاکانی دەرەوەی وڵاتیشدا پشتیوانیەکی هاودەنگ، تێکڕاییو بەرین وەڕێ نەکەوتبوو. تەنانەت لە نیوخۆی وڵاتیشدا بانگەوازی مانگرتن، کەمترین کاری بۆ کرابوو. بەو حالەشو سەرەڕای زاڵبوونی ئەو کەشوهەوا پۆلیسی و ئەمنییەتییەش، دیتمان لە زۆرێک لە شارەکان بەشێک لە خەڵک بە پێشوازییەوە چوون. بەر بوونی بەشێک لە گیراوانی ئەم





دوایانەی شاری سەردەشتیش لە ڕۆژی مانگرتنەکە دا، با لە بەرامبەر گرەو و بارمتەش دا بووبێ، دەبێ بە دەسکەوتی ئەم مانگرتنەی بزانین کە یەکێک لە داواکانی، ئازادکرانی گیراوەکانی ئەم دوایانە بوو.

پێشوازیی ڕێژەیی خەڵکی ڕووبەرێکی بەرچاو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بانگەوازی مانگرتن، نیشاندەری بوونی ئیرادەی خۆڕاگریو هەبوونی زەمینە بۆ بەشداری لە حەرەکەتی مەدەنیو نارەزایەتیدەربڕین لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە. بە دڵنیاییەوە ئەم پێشوازییەو بەشدارییە – با لە ڕادەی مانگرتنە گشتییەکەی ٢٣ی بانەمەڕی ٥ ساڵ لەمەوبەریش دا نەبووبێ- نیشاندەری پوتانسیەلێکی بە هێزی نارەزایەتیدەربڕینو وەدەنگهاتن لە نیو خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان دایە، کە پێویستە بکرێتە دەسمایەی حەرەکەتی هەڵسەنگێندراو بۆ هاتوو.

با هەم کۆسپو لەمپەرەکانی خەباتی جەماوەریو کەم ئەزموونیو کەموکووڕییەکانی خۆمان لە وەڕێخستنو بەرەوپێشبردنی جۆرو شێوەکانی خەباتدا ببینینو هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەین، هەم ئەو زەرفییەتو ئامادەییانە بۆ نارەزایەتیدەربڕینو خەباتی مەدەنی لە نێو خەڵکی خۆماندا ببینین، ڕێزی لێ بگرین و هیوای پێ ببەستین. گرنگ ئەوەیە خەڵکەکەمان گەیشتوەتە ئەو بڕیارە کە تەنیا بە خەباتو بەرخۆدانو نارەزایەتیدەربڕینو ململانێ لە گەڵ زۆرداریو ستەم، دەتوانێ خۆی لە بندەستیو ڕۆژڕەشی ڕزگار بکا. دیارە کە ئیرادەی خەباتکردنو بڕیاری وەلاتانی ژێردەستیو بێمافی هەبێ، دۆزینەوەی فۆرمو جۆری کاریگەری خەباتو ئەزموون وەرگرتن لە لاوازیو کەموکورتیەکانی حەرەکەتەکانی تا ئێستاشی بە دوا دا دێت.

حیزبی دیموکراتی کوردستان سوپاسو

**پێشوازیی ڕێژەیی خەڵکی ڕووبەرێکی بەرچاو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بانگەوازی مانگرتن، نیشاندەری بوونی ئیرادەی خۆڕاگریو هەبوونی زەمینە بۆ بەشداری لە حەرەکەتی مەدەنیو نارەزایەتیدەربڕین لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە**

پێزانینی خۆی بە هەموو ئەو کەسانە ڕادەگەیەنێ کە بە دەنگ بانگەوازی چالاکانی نێوخۆوە چوونو لە مانگرتنی ٢٤ی بانەمەڕ دا بەشدار بوون. هەروەها جارێکی دیکە سلاو بۆ خەڵکی وشیارو بە هەڵوێستی کوردستان دەنێرێ کە لە دوای سەرکوتی خوێناویی خۆپێشاندانی خەڵکی مەهاباد، لە هەر دەرفەتێک بۆیان هاتوەتە پێش، بۆ نارەزایەتی دەربڕینو داوای سزادانی تاوانبارانو ئازادکردنی ڕۆڵە بەندکراوەکانیان ، هاتوونە مەیدان.

دڵنیاشین زۆر بەرەنگاربوونەوەی پڕشکۆتر لە پێشمانن.

# خالید عەزیزی: تێبکۆشین پردێک لە نێوان جیاوازییەکان‌دا دروست بکەین

**لە پێوەندیی لەگەڵ ڕووداوەکەی مەهاباد (گیان لە دەستدانی گوماناوی فەریناز خوسرەوانی) بەهۆی ئەوەوە ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم ڕووداوە و کاردانەوەو دەنگدانەوەکان لە ئاستی کوردستان و جیهان‌دا بەرانبەر بەو ڕووداوانە و کۆمەڵێک پرسی پێوەندیدار، تلویزیۆنی کوردکاناڵ ڕۆژی چوارشەمە ٢٣ی بانەمەڕ وتوویژێکی لەگەڵ سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێز کاک خالیدی عەزیزی پێک هێناوە کە بەشێک لە پیادەکراوی ئەو وتوویژە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی «کوردستان».**

**کوردکاناڵ: کاک خالید زیاتر لە یەک حەفتەیە لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگوزەڕێ، پێمان باشە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زمانی جەنابتەوە ببیسین؛**

پێشەکی سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئەو خانمە دەکەم کە بە هۆی ئەو ڕووداوە ناخۆشە گیانی لەدەستدا هەروەها ئارەزووی زوو چاکبوونەوە دەکەم بۆ بریندارانی ئەو ڕووداوە، هیوادارم ئەوانەی کە لە زیندان دانو زیندانیان کردوون بە زوویی ئازادبنو بگەڕێنەوە ناو بنەماڵەکانی خۆیان.

لە ڕاستی‌دا ماموستا هێمن شێعرێکی جوانی هەیە عینوانی ئەو شێعرە «ڕقی پیرۆز»ە. دەبێ بڵێم ئەوە ڕقێکی پیرۆزە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵانی خەڵک کە لەو فورسەتە کەڵک وەردەگرن لە دژی کۆماری ئیسلامی بەکاری دێنن. جەوهەری ئەو کێشەیە دوو لایەن تێیدا بەشدارە؛ لایەنێک کۆماری ئیسلامییە کە بە سیاسەتی سەرکوتی خۆی، بە سیاسەتی بە ئەمنییەتی کردنی کوردستان، تەحقیر کردنی کورد وەک نەتەوەیەک، بەو سیاسەتانەی کە تەوەجو بە کوردستان ناکا، تەبعیز لە کوردستان هەیە، بێکاری لە کوردستان زۆرە، فەقری ئیقتسادی لە کوردستان زۆرە، مەجالو دەرفەتی کار لە کوردستان کەمە، کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی لە کورستان هەیە کە پێی بێ تەوەجۆن، لەسەر یەک لە کوردستان جیاواز لە هەمووی ئەوانە بە لەحازی نەتەوەیی، کۆماری ئیسلامی لە ڕاستی‌دا مەوریدی ئیعترازو ڕقو کینی کۆمەڵانی خەڵکە. لایەکی دیکەی ئەو قەزیە کۆمەڵانی خەڵکن کە لە کۆماری ئیسلامی‌دا مافەکانیان وەبەر چاو ناگیرێ، ئیحترام بۆ حەقو حقوقەکانیان داناندرێ، بە تایبەت کە لە هەڵبژاردنی ئەخیری کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێک باس لە پێوەندی لەگەڵ ماف و ئازادی حیزبو هەروەها ئەقەلیت‌های میللی مەزهەبی ئەوەی کە بۆخۆیان دەڵێن، هاتنە گۆڕێ، بەڵام هیچ ئاڵوگۆڕێک نەهاتە پێشێ تەنانەت لەو ماوەیەدا خەڵکێکی زۆریش ئیعدام کراوە، زیندانەکان هەروا خەڵکیان تێدایە، هەمووی ئەوانە بوون بە هۆی ئەوە کە کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستانی ئێران وەزاڵە هاتوون، ڕقێکی پیرۆزیان هەیە، لەو فورسەتە کەڵک وەردەگرنو لە دژی کۆماری ئیسلامی بەکار دێنن. لەو بەینەدا کۆماری ئیسلامی لە جیاتی ئەوەی تەوەجۆ بە خواستەکانی ئەو خەڵکەی خۆپێشاندانیان دەکرد، بکا هێزی ئەمنییەتی هێنا لە موقابیلیان‌دا ڕاوەستا و خەڵکی تەحریک کرد کە بەداخەوە ئەو ڕقە بوو بەهۆی ئەوە ئەو هۆتێلەش بسووتێ کە ئەو ڕووداوەی لێ ڕوودا.

**لەپێوەندی لەگەڵ تەعامووڵو بەرخوردی چالاکانی سیاسیو مەدەنی کورد بە گشتی و ئەحزابی سیاسی چ لە نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو چ لە دەرەوە، جەنابت چۆنت بینی؟ کاک خالید عەزیزی بەم شێوەیە ڕوانینی خۆی دەربڕی:**

ئەوەندەی پێوەندی بە چالاکانی سیاسییەوە هەیە هەر کەسە بە جۆرەی تواناو ئیمکانی خۆیی لە نێوخۆیی وڵات هەوڵی داوە، لە دەرەوەی وڵاتیش لە ڕاستی‌دا تا ڕادەیەکی زۆر فعالینی سیاسی کورد بە شێوازی جۆراوجۆر بە خۆپێشاندانو تەزاهوڕات ئەو هەوڵیان داوە پێوەندی بگرن بە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بەو لایەنانە کە بە جۆرێک دەکرێ دەنگی نارەزایەتی ئەو خەڵکە ]لە دژی[ جمهوری ئیسلامی بە دنیا بگەیەنن ئەوانیش هەوڵو تێکۆشانێکی زۆریان داوە.

بەنیسبەتی بەرخوردی ئەحزاب دەکرێ بڵێم ئەحزابی کوردستانی بە گشتی بەرخوردێکی مەسئولانەیان بووە. تا ئەو جێیەی پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە لە ڕاستی‌دا لە تەواوی ئەو چەند ڕۆژە هەوڵمان داوە بە لەبەرچاو گرتنی هێندێک حەقیقەت جۆرێک کۆمەک بە مەسئەلەکە بکەینو تێکۆشاوین مەهاباد تەنیا نەمێنێتەوەو کۆمەڵانی خەڵک پشتیوانی لەو حەرەکەتەی مەهاباد بکەن.

... ئێمە لە حیزبی دێموکرات حەولمان داوە بە پێوەندی گرتن لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەگەڵ هەمووی ئەو لایەنانە بە تایبەت ئەو شوێنانەی کە پێوەندییان بە بڵاو کردنەوەی ئەو خەبەرانە هەیە بە زمانەکانی جۆراوجۆر ئەو خەبەرانە بڵاو بکەنەوە ئەو شوێنانەی کە لە ئاستی «سازمان ملل» یا لە ئاستی «ئەمنستی ئینترناشناڵ»یا لە ئاستی ئەو شوێنانەی کە لە لەحازی ئینسانی دیفاع لە حقوقی بەشەر دەکەن، دەنگی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو شوێنانە بگەیەنین.

...ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حەدی خۆمان‌دا لە هەموو بوارەکان‌دا هەوڵمان داوە کارمان بۆ کردووە کە ئاکارەکانو کردەوەکانی جمهوری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕادەی دونیادا ڕوون بکەینەوەو تێبکۆشین پشتیوانو یارمەتی‌دەر بۆ مافە ئینسانیو دێموکراتیکی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاد بکەین.

**کوردکاناڵ: ئەم ڕووداوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئەوەی مەهاباد ڕوویدا شتێک بوو چاوەڕوان نەکراو بوو لە پڕا ڕووی‌دا بەرخوردەکان جیاواز بوون جۆراوجۆر بوون بەڕای جەنابت ئەو ئەزموونانە چیە کە چالاکی سیاسی کورد ئەحزاب چالاکی مەدنی کورد چ لە ناوخۆ چ لە دەرەوە بەتایبەتی ئەحزاب دەبێ لە ڕووداوێکی ئاوادا بۆ داهاتوو کەڵکی لێ وەربگرن؟**

لە ڕاستی‌دا ئەو ڕووداوانە کۆمەڵێک ئەزموونو تەجروبەی بۆ ئێمە تێدا هەیە، یەکەم چەندین لایەن ئێمە لە ڕووداوانە هەر لایەنێک بە پێی بۆچوونی خۆی حەولی داوە خوێندنەوەی خۆی بۆ بکا و بەرچاوڕوونی دروست بکا کە ئێمە لە ئیدامەی ئەوەدا چۆن ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی ببینەوەو چۆن لەو پەیوەندیەدا خۆمان ڕێک بخەین. لێرەدا سەیر نیە ئەگەر بۆچوونی جیاواز هەبێ من بە شتێکی تەبیعی دادەنێمو ئەو بۆچوونە جیاوازانە ئێمە دەتوانین کەڵکیان لێ وەربگرین. یەکەم پێش هەموو شتێک لە نێوخۆی وڵات‌دا دەمێکە جموجۆڵ و چالاکیو فەعالیەتی سیاسی لە گۆڕێ‌دا هەیە، لانیکەم حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا پشتیوانیی ئەو جموجۆڵ و فەعالیەتە سیاسیانە لە نێوخۆی وڵات بووە هەمیشە بە هەموو فەعالینی سیاسی لە نێوخۆی وڵات گوتوە لە هەموو فورسەتەکان کەڵک وەربگرن، فورسەتی قانوونی، سیاسی، حیزبی، ئەدەبی، فەرهەنگی، مافی ژنان، ژینگەپارێزی، مەسائلی کۆمەڵایەتی بێ، خۆتان ڕێک بخەن مەوزوعاتو داواکانی خۆتان بێننە گۆڕێو خەڵکی بۆ سازمان بدەن. لەو پەیوەندیەدا پێمخۆشە ئاماژە بە شتێک بکەم، ئەویش ئەوەیە زۆرجار دێنە سەر پێناسە کردنی ئەو فەعالیەتە واتە فەعالییەتی مەدەنی کە ئێستا ئەو نیوەی بەخۆیەوە گرتوە، ڕاستیەکەی بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە ماوەی سی‌وپێنج ساڵی ڕابردوودا نەسلێک کە لە شۆڕشو فەعالیەتو تێکۆشانو کاری حیزبی‌دا هەبووە ئەو نەسلە ئێستا یا لە دەرەوەی کوردستانە، تا ڕادەیەک پەرتەوازە بووە، نەسلێکیش لە نێوخۆی وڵاتە ئێستا پێگەیشتووە و بە تەبیعەتی وەزعیەتی ئەوێو واقعیاتی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستانو چۆنیەتی تەعامول لە گەڵ جمهوری ئیسلامی سەیری ئەو مەسئەلانە دەکا. بۆیە دروست کردنی پردێک بەینی ئەو دوو بۆچوونە دەتوانێ کۆمەک بە ئێمە بکا، ڕەنگە نەسلێک لە دەرەوەی وڵات بە جۆرێک تەعامول بکەن لە چەندوچۆنی فەعالیەتی فەعالینی سیاسی لە نێوخۆی وڵات باش تێنەگەیشتبن یا باش مەوقعیەتی ئەوان لە بەرچاو نەگرن، جاری وایە بە سازشکاریان دابنێن یا نیوو ناتۆرەیان لە سەردابنێن، بەجۆرێک ڕخنەیان لێ بگرن بڵێن ئەو شێوەکارەو ئەو شێوە بەرخوردەی ئێوە جۆرێک سازان لە گەڵ جمهوری ئیسلامی یا جۆرێک دانی چرای سەوزە بە جمهوری ئیسلامی. ئەمن پێم‌وایە ئەو بۆچوونە ناتوانێ بۆچوونێکی واقعبینانەو مەعقولو موتاعادل بێ. ئەگەر ئێمە ئەوە قبووڵ بکەین حیزبە سیاسییەکان بە تەبیعەتی مەوقعیەتی خۆمانو پرۆژەی سیاسی خۆمانو بەرنامەی سیاسی خۆمان بەوجۆرەی کە بۆمان عەمەلیە تەعامول لە گەڵ وەزعی نێوخۆ دەکەین ئەگەر وایە ئێمە فاکتۆرێکین لەو سیناریۆیە، ئەگەر چالاکانی سیاسی بە جۆرەی وەزعیەتی خۆیانو تەبیعەتی مەوقعیەتی ئەوەیو چەندوچۆنی مەوقعیەتی ئەوەیو تەعامول لە گەڵ وەزعیەتەکە دەکەن تەعامول لە گەڵ جمهوری ئیسلامی دەکەن ئەوانیش فاکتۆرێکن. ئەگەر ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتیش بە جۆرێک ڕەنگە دووربن ڕاستەوخۆ لە نێوخۆی وڵات نەژین، بەڵام دڵیان بۆ وڵاتو ڕزگاری وڵاتەکەیان لێدەدا، دەبێ لەو سێ بۆچوونە پردێک دروست بکەین. جاری وایە کە باسی خەباتی مەدەنیو خەباتی چەکداری دەکرێ، بەعزێک پێیان وایە خەباتی مەدەنی ئەڵترناتیویەکە لە موقابیل خەباتی چەکداریو ئەوانەی دیفاع لە خەباتی چەکداری دەکەن جاری وایە پێیان‌وایە خەباتی مەدەنی بە مەعنای ئەوەیە مافی دیفاعی مەشروع لە خۆت تەنانەت بە شێوەی چەکداری لە لایەکەی دیکە دەستێننەوە. ئێمە لە ناوچەیەک‌دا دەژین ئەو ناوچەیە نێوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. بە تەبیعەتی کێشەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناکۆکیەکان جۆرێکە هەمووکەس موسەلەحە، بۆ موسەلەحن؟ هەمووی ئەوانە کە لێیان دەپرسی بۆ موسەلەحن دەڵێن بۆ دیفاع لە خۆمان.

لە ڕونگەی ئێمەوە لانیکەم وەک میلەتێک بۆ مافەکانی خۆمان تێدەکۆشین دیفاعێکی مەشروعە. خەباتی سیاسی لە نێوخۆی وڵاتو چالاکیی سیاسی لە نێوخۆی وڵات کاری جەمعێکەو دەتوانن بیبەنە پێشێ، بەڵام ئەو حەقە با لە خەڵکی دیکە نەستێننەوە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێمە مەجبوور بوین بە شێوەی چەکداری دیفاع لە خۆمان بکەین ئەوەیش حەقی مەشروعی ئێمەیە.

جمهوری ئیسلامی هیچ مەجالێکی بۆ ئێمە نەهێشتوەتەوە ئەگەر جمهوری ئیسلامی مەجال بدا بە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی هێمنانە تەزاهوراتو خۆپێشاندانەکانی خۆیان بکەن، داواکانی خۆیان بێننە گۆڕێ، خەڵک لەوێ ئیحساسی ئەوە بکا کە بە شێوەیەکی ئازادانە دەتوانێ شتەکانی خۆی بێنێتە گۆڕێ ڕەنگە لەو حاڵەتەدا تۆ دیفاعی مەشروع بە شێوەی موسەلەحانە کەمڕەنگ بکەیەوە، بەڵام لە حاڵی ئێستادا لە ڕوانگەی ئێمەوە هەمووی ئەوانە حەقی میلەتی کوردە لە کوردستانی ئێران لە کوێ چی پێویست بوو لەویان کەڵک وەربگرێ بۆ خەباتەکەی خۆی.

**کوردکاناڵ: کاک خالید ئەمانەی کە باسی دەکەی لە حاڵێک‌دایە کە زۆرجار لە زمانی جەنابتەوە دەبیسترێ کە فەلسەفەی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات ئیدارەی وڵات و بەڕێوەبردنی وڵاتە، یانی پێت‌وایە خەباتی مەدەنی و دیفاعی چەکدارانە هاوتەریبی یەک دەبێ ببن؟**

کاتی خۆی کە حیزبی دێموکراتی دامەزراوە بە شەڕی چەکداری دانەمزرا نەتیجەی فەعالیەتی جەمعێک پێشمەرگە نەبوو بچن شارەکان بگرنەوە. لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دامەزرا هەر لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیش قانوونی ئیدارەی وڵاتی دانا، هەر لە نێو کۆمەڵانی خەڵکێش دوور لە شەڕوو دوور لە چەکو دوور لە ژیانی پێشمەرگایەتی سەرکۆمارو کابینەی وەزیرانو ئیدارەی خۆی دامەزراند. فەلسەفەی حیزبی دێموکرات ئەو وەختی چ بوو ئێستاش هەر ئەوەیە ئێمە ئارەزوی ئەوەمان دەکرد لە ئێرانو لە کوردستانی ئێران مەجبوور نەبین پەنا بۆ چەک بەرین، ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو مەجالی نەدا هیچ موزاکرەیەک لە گەڵ میلەتی کورد سەربگرێ، ئێستاش مەجالی نەداوەو شەڕی بە سەر ئێمەدا تەحمیل کرد بۆیە تەبیعەتی شەڕی ئێمە لە ڕابردووداو تەبیعەتی دیفاع لە خۆمان ئەگەر لە داهاتوودا بێتە پێش تەبیعەتێکی دیفاعیەو تەواو مەشروعەو لە جێگای خۆی‌دایە یانی ئەوە هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە پرۆژەو سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەقیقەن ئەوەیە کە جەنابت لە سەرەتادا ئاماژەت پێ کردو ئێمەش ئێستاش هەر بە دوای ئەوەدا دەڕۆینو ئێستاش هەر پێمان وایە کۆماری ئیسلامی هیوادارین دوای ئەو ڕووداوانە بە ئیحساسی مەسئولیەتەوە بەرخورد بکا یا ئەگەر کەسانێکی دیکە لە نێو جمهوری ئیسلامی‌دا هەن خوێندنەویەکی دیکەیان هەیە بۆ ئەو ڕووداوانە بە ئیحساسی مەسئولیەتەوە بەرخورد بکەن، ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە شوێنێک‌دا دەژین مەسەلەی کورد لەو ناوچەیە بووە بە ئەمری واقع، تازە مەسەلەی کورد لە کوردستان ئێران بە کۆماری ئیسلامی نادیدە ناگیرێ ئیدامەی ئەو جووڵانەوانە دڵنیام شتی دیکەشی بە دوودا دێ.



ئێمە هەمیشە ئارەزوی ئەوەمان دەکرد لە کوردستانی ئێران مەجبوور نەبین پەنا بۆ چەک بەرین، ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو مەجالی نەدا هیچ موزاکرەیەک لە گەڵ میلەتی کورد سەربگرێ

**هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ بەرخوردی دەسەڵاتدارانی ئێران لەگەڵ ئەو ڕووداوەی مەهاباد کاک خالید عەزیزی بەم شێوەیە بۆ کوردکاناڵ دوا:**

جمهوری ئیسلامی لەماوەی سی‌وپێنج شەش ساڵی ڕابردوودا بەداخەوە بەرخوردەکانی بە ئیعترازاتی خەڵک هەمیشە ئاوا بووە لە قانوونی ئەساسی ئێران‌دا لە بەندی بیست‌حەوت‌دا دەگوترێ خۆپێشاندانو تەزاهورات بە شەرتێک موسەلەحانە نەبێ بە شەرتێک دژی مەبانی ئیسلام نەبێ ئازادە. خۆپێشاندانەکەی مەهابادو خۆپێشاندانەکەی سەردەشتو دەیان خۆپێشاندانو تەزاهوراتی دیکە یا گردبوونەوەو لەدەوری یەک هالانی پێشووی خەڵک لە کوردستانی ئێران هیچی لەو خانەیەدا پێناسە ناکرێ، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەوەشی تەحەمول نەکرد یانی بە گوێرەی قانوونەکەی خۆی کە بەندی بیستو حەوتی قانوونی ئەساسی ئێرانە حەق بە خەڵک دەدا کە بە شێوەیەکی ئازادو هێمنانە خڕ ببنەوە ئیعترازی خۆیان ڕابگەیەنن، تەنانەت ئەوەشی تەحەمول نەکرد، بۆیەش تائێستا تەعامولی کۆماری ئیسلامی لە پەیوەندی لە گەڵ قەزیەی کورد تەعامولێکی ئەمنیەتی، نیزامی، غەیرەمەدەنیە و غەیرە قانوونیە.

**لەپێوەندی لەگەڵ کاردانەوە جیهانییەکان بەو ڕووداوەی مەهاباد سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات گوتی:**

هەم لە ئاستی میدیا جیهانییەکان‌دا، هەم لە میدیاکانی کوردی‌دا، تاڕادەیەکی زۆر باسی کرا و مەوزوعەکەیان تەنیا مەحدوود نەدەکردەوە بە ڕووداوە کە لەو هوتێلە ڕووی‌داوە، بەڵکوو ئەهاتنە سەر ئەوباسە ئەو ئیعترازو نارزایەتیانە کە ڕیشەی لە سیاسەتەکانی غەڵەتو نامەسئولانەو دژی کوردی کۆماری ئیسلامیدا هەیە وکۆمەڵانی خەڵکی لە

←

# دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم «ظرفیتسازی» لە کوردستان



ئارەش لورستانی
و: سیروان مووساپوور

ئەو نارەزایەتیانەی دوای مەرگی فەرینازخوسرەوانی لە کوردستانو بە تایبەتی شاری مەهاباد هاتنە ئاراوە، هەڵوێستگەی جیاوازو تەنانەت نوێیان لە کەشی سیاسیو مەدەنی کوردستاندا بە دوای خۆیاندا هێنا. ژمارەیەک لایەنگری نارەزایەتی، جیددیەتو بەردەوامبوون لە دژایەتی، نافەرمانیی مەدەنیو هوشداری کۆمەڵایەتی بە سیستەمی دەسەڵاتدار بوونو ژمارەیەکیش، نیگەرانی لە نێوچوونی ئەو دەرفەتانە بوون کە بۆ سەرمایە گوزاریی ئابووری هەبوون یان لە لایەن حکومەتەوە بەڵێنی دروستکردنی ناوەندێکیان بۆ درابوو. ئەم دو لایەنە نوێنگەو نیشاندەری دووڕەهەندی ڕاستەقینەی کۆمەلگای کوردستانن کە بۆ گەشەو پێشکەوتنی نەتەوەی کورد تێدەکۆشنو لە بەرامبەر چارەنووسی هاوبەشی ئەم نەتەوەیەدا خۆیان بە بەرپرس دەزانن. دەرئەنجامە وەدستهاتووەکانی ئەم دوو لایەنە، ئەم پرسیارە گرینگە ڕووبەڕووی چالاکە سیاسیو مەدەنیەکانی کورد بە تایبەت حیزبە کوردستانییەکان دەکاتەوە بۆ گەشەو پێشکەوتنی کوردستانو بەهێزکردنی هاوپێوەندی کۆمەڵایەتی دەبێ چ بکرێ؟

لەوانەیە ئەم پرسیارە سەرەکیترینو خێراترین، پرسیارێک بێ کە بە زەینی چالاکە سیاسیو مەدەنیەکانو ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگای کوردستاندا بێ کە دەبێ بە وردبینیەکی زۆرو بێ دەمارگیری وڵامی بدرێتەوە، چونکە گوێ نەدان بەم پرسیارە گرنگە یان خۆلادان لە وڵامێکی دروستو لۆژیکی دەبێتە هۆی لێک دوورکەوتنەوەو پرشو بڵاویی لە نێو کۆمەڵگەو چالاکە سیاسیو مەدەنیەکاندا. لەوانەیە وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نەبێ یان ئەوە کە هەرگرووپو لایەنێک بە گوێرەی هەستیارییەکانو گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە، وڵامێکی جیاوازی بۆ ئەم پرسیارە هەبێ، لەم حاڵەتەدا بە ژمارەی لایەنو گرووپە جیاوازەکان، وڵامەکانیش جیاواز دەبن. بەڵام داخودا وڵامە بێ ژمارەکانو پێشنیارە جۆراوجۆرەکان، ئێمە بە ئامانجی دڵخوازمان کە هەمان «ظرفیتسازی»ی لە کوردستان بە کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکانە، دەگەیەنێ یان گرفتاری ئاستەنگەکانی بەردەممان دەبینو هەر دەرفەتێک دەبێتە قەیرانێکی سیاسی، مەدەنی ئابووری، کلتوریو شوناسی؟ کەواتە پێوەری ناسین و جیاکرانەوەی ڕێگە لە لاڕێ چیە؟ چۆن دەتوانرێ بە کەمکرانەوەی تێچووە مرۆییو ماددییەکان بە دەسکەوتی زیاترو باشتر بکەین؟

ئەگەر سەیری خاڵی جیاوازی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێران بکەین ناسیونالیزمو بزووتنەوەی ڕەگ داکوتاوی میللی- دێموکراتیکی کورد بە شێوەیەک لە کوردستاندا جێی خۆی کردۆتەوە کە دۆستانو دوژمنانی نەتەوەی کورد دانی پێدادەنێن. بەرگری لە شۆناسو بەرژەوەندییە نەتەوەیەکانی نەتەوەی کورد لە گرنگترینو سەرەکیترین فاکتۆر گەلێکن کە خاڵی هاوبەشی هەمووحیزبە سیاسییەکان، دامەزراوە مەدەنیو مافی مرۆیی، گرووپە ڕۆشنبیرییەکانو چالاکە سەربەخۆکانی کوردستان بووەو ئەم دوو بنەمایە (شۆناسی نەتەوەیی- بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان) دەتوانن وەک پێوەری هەڵسەنگاندنی چالاکییەکان دابنرێن- لە نارەزاییەکانی ئەم دواییەشدا، لە ڕاستیدا بەشێک لە خەڵکی کوردستان بەسەر دوو جەمسەری شۆناسخوازو بەرژەوەندیخوازدا دابەش بوون. هەرکام لەم دوولایەنە، بە سەرنجدان بە ئەولەویتی شۆناسی یان بەرژەوندییەکانیان، دروشمو ڕوانگەی جیاوازیان گرتەبەر کە سەرەڕای دڵسۆزیو خێرخوازی هەردوو لایەنەکە، لە ئاکامدا کۆمەڵگای کوردی شاهیدی فەزایەکی دوو جەمسەری بوو کە هەڕەشە لە سالمبوونی پێوەندی و هاوپێوەندی بزۆتنەوەی میللی- دێموکراتیکی کورد دەکا.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە لە شیکرانەوەو هەڵسەنگاندنی دۆخی ئاوادا زۆر جێگەی بایەخ پێدانە، هەستیاریو دژایەتی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ناسیونالیزمی کوردو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کوردستان لە لایەن پتانسیەلەکانی ئەم نەتەوەیە. کۆماری ئیسلامی ڕیشەی پتەوی ناسیونالیزم لە کوردستاندا دەبینێو مەهابادو کۆماری کوردستان بە بەشێکی جیانەکراوو گرنگ لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەزانێ. سیستەمی دەسەڵاتدار هەوڵی داوە هەمیشە لە نێوان نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا مەوداو ناکۆکی پێک بێنێو تەنیا یەک نەتەوە بە فەرمی بناسێو هەمووان لە پێناو بەرگری شۆناسو بەرژەوەندیەکانی ئەو نەتەوەیە دا هاوئاهەنگ بکا. داکۆکی لاواز و پشتیوانی کەمی غەیرە کوردەکان لە نارەزایەتییەکانی کوردستان بە باشی ئەم بابەتە دەردەخا. دیارە ئاشکرایە کە ئەم گوێ نەدان و پشتیوانی لاواز لە ڕووداو و نارەزایەتییەکانی رابردووشدا هەر بەم شێوەیە بوو.

هەڵبەت لەم کەمترخەمی پشتیوانی نەکردنەدا، نەتەوەی کوردیش تا ڕادەیەک بەرپرسە، چونکە نەیتوانیوە هەلومەرجەکە بە قازنجی خۆی بگۆڕێ. چاوەروانییان هەیە بێ هیچ هەوڵ و کۆششێک لە پشتیوانی غەیرە کوردەکان بەهرەمەند بن یان بە بێ هیچ زەحمەتێک نیگەرانیەکانی لایەنی بەرامبەر لەنیو بەرن.

دیارە گروپێکی دیکە لە چالاکە کوردەکانیش هەن کە لە بنەرەتدا خۆیان لە هەر چەشنە پەیوەندیی یان بەشداری، پشتیوانی و هاوکاری لەگەل نەتەوەکانی تری ئێران بێ نیاز و بێ منەت دەزانن. دەبێ لەو گرووپە بپرسین کاتێک ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران) بەشێک لە جوغرافیای سیاسی ئێران دێتە ئاراوە، ئایا ئەم گرینگی پێدان و لێک دوورکەوتنە، نابێتە هۆی قەیراناوی بوونی دۆخەکە و چوونە سەری بێ متمانەیی زیاد بوونی تێچۆکانی بزوتنەوەکە؟

لە کۆتاییدا بە سەرنجدان بە بارودۆخی هەستیاری نەتەوەی کورد و هەوڵی هەموو ئەو کەسانەی خۆیان لە بەرامبەر چارەنووسی نەتەوەی کورد دا بە بەرپرسی دەزانن، لەوانەیە تەنیا ڕێگە چارەیەکی دروست «ظرفیتسازی» لە کوردستاندا بێ، بە شێوەیەک کە بتوانین ئەو پەڕی لە دەرفەتە پێکهاتوەکان کەڵک وەربگرن و هەوڵ بدەین تا ئاستی گەنجاو کوردستان لە قەیران بپارێزین. «شوناسی نەتەوەیی بەرژەوەندییە نەتەوەیەکانیش دەتوانن وەک دوو هۆکاری سەرەکی و فاکتەری هەڵسەنگاندنی تەواوی چالاکی و کردەوەکانی ئێمە دا بندرێن، بە شێوەیەک کە زیاترهاوپێوەندی چالاکانی کورد پەرەبستێنێ و ناهەماهەنگییەکان نێو بەرن. شوناس و بە بەرژەندییەکان دەبێ وەک تەوەری سەرەکی خەبات و بزوتنەوەی ئێمە لەئاست دوژمندا کەڵکی لێوەرگیرێ ، نەک ئەو دوو هۆکارە ئێمە بەسەر دوو گرووپدا دابەش بکا و ببێتە هۆی جیایی و بێباوەڕی لە نێوانماندا . چونکە لەم حاڵەتە دا تەنیا براوەی ئەم دۆخە ئەو دوژمنە هاوبەشە دەبێ کە ساڵانێکە بە هەموو جۆرە گەلاڵە و پیلانەکانی خەریکی سەرکوتی بزوتنەوی نەتەوەیی - دێموکراتیکی کورد بووە و دەیەوێ بە لارێیدا برانی کۆمەڵگەی کوردستان لە ماف و داخوازییە مرۆییەکان خۆی، درێژە بە حاکمییەتی خۆی بدا.



**خاڵێکی گرنگی دیکە کە لە شیکرانەوەو هەڵسەنگاندنی دۆخی ئاوادا زۆر جێگەی بایەخ پێدانە، هەستیاریو دژایەتی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ناسیونالیزمی کوردو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کوردستان لە لایەن پتانسیەلەکانی ئەم نەتەوەیە. کۆماری ئیسلامی ڕیشەی پتەوی ناسیونالیزم لە کوردستاندا دەبینێو مەهابادو کۆماری کوردستان بە بەشێکی جیانەکراوو گرنگ لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەزانێ**

---

# درێژەی: وتووێژی کوردکاناڵ لەگەڵ کاک خالید عەزیزی

کوردستانی ئێرانی وەزاڵە هێناوە. ..

**کوردکاناڵ: کاک خالید بەم خوێندنەویە، لە ئاستی جیهانیدا بە جرەقەیەکی ئاوا مەسەلەی کورد لە ئێران دەکەوێتە بەر زومی میدیا جیهانییەکان، لە حاڵەتێکی وادا ئەرکی چالاکانی ناوخۆ لە چالاکانی سیاسیو مەدەنیەوە بگرە تەنانەت نوێنەرانی کورد لە مەجلسی شورای ئیسلامی و کەسایەتیە ئایینیەکان و دواتر ئەحزابی سیاسی کورد دەبێ چۆن بێت؟**

لایەنانەی کە پێویستە ئێمە تەئکیدیان لە سەر بکەین، یەکەم ئەوەیە لە ڕاستیدا لە نێوەخۆی وڵات دەبێ تێبکۆشین پردێک لە نێو جیاوازیەکاندا دروست بکەین. ڕووداوی‌وا دێتە پێشێ نەیەیینە نێو ئەوباسانە ئەرێ حیزبەکان چیان کرد حیزبەکان دەبێ چی بکەن، حیزبوخەڵک یا ئەوەی لەو دوایەیدا دەڵێن حیزبو ڕووناکبیران، عدەیەک ڕخنە لە حیزبەکان بگرن حیزبەکان ڕخنە لە عدەیەک بگرن، چالاکانی سیاسی نێوخۆی وڵات بە تەبیعەتی خوێندنەوەی خۆیان قەزاوەتێک بکەنو لە دنیای مەجازیدا جاریوایە ڕخنەکان جۆرێک بگرن هێندێک خەڵک لە دەرەوە بە خۆی بگرێ هێندێک خەڵک لە دەرەوە جۆرێک ڕخنە بگرێ کە ئەوە تەشەتوتێکو بەربڵاویو نارێکو پێکو لێکدابڕانێک لە نێو ئێمەدا دروست بکا، ئێمە وەزیفەمانە ئەوە بە جۆرێک مودیریەت بکەین کە لە داهاتوودا هەمووی ئێمە کە جەمعێکین لە نێو ئەو گۆڕەپانە سیاسیەدا هەینو لە داهاتوودا لە موقابیل ئەو سێناریو ناڕوونانەی کە دێنە پێشی ئامادەگی زۆرمان هەبێ مودیریەتی بکەین. دوو کاتێک ئێمە باسی خۆپێشاندان دەکەین لە نێوەخۆی وڵات بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی مەجالی ئەوەی نەمێنێ کە زۆر بە ڕاحەتی هەر نێوێک پێی خۆش بوو لە سەر ئەو خۆ پێشاندانەی دابنێ، من داوام ئەوەیە ئەوانەی ئەندامی مەجلسن خەڵک دەنگیان پێداون و ئێستا نوێنەرن لە مەجلسی ئێران، ئەوانەی کە فەعالی سیاسی ئێرانن، نوخبەگان ئەوانەی شت دەڵێنو شت دەنووسن و خەڵک قسەیان لێ وەردەگرێو تەوجویان پێ دەکەنو دەتوانن لە سەر ئەفکاری عمومی تەئسیریان هەبێ، مامۆستایانی ئایینی و هەموو ئەو چینوتووێژانەی کە بە جۆرێک لە کۆمەڵگادا دیارن، لەو تەزاهوراتانەدا بەشداری بکەن، لەو تەزاهوراتانەدا با لەگەڵدا بن، لەگەڵدا بوونی ئەوانە لەو تەزاهوراتانەدا سبەینێ کەسێک کە نمایندەی مەجلیسە کە تەزاهورات دەکرێ با ئەو بگیرێ نەخەیر با ئەو لەوێ بێ بڵێ ئەو تەزاهوراتەی ئێمە دەکەین لە سەر مافەکانی خۆمانە هەرەکی ئێوە دەڵێن کە ئینتزارتان هەیە نەخێر بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نیە کە ئێوە لێیدەترسێن، ئەوەیش دەیبینن زۆر هێمنانەیە جا ئەگەر وایە دەبێ دیفاعی لێ بکەن ئەوان دەبێ دیفاعی لێبکەن ئەوان هەڵبژاردراون لە ناو کۆمەڵانی خەڵکەوە بۆیە دیفاع لە مافەکانی خەڵک بکەن، خۆپێشاندان یەکێک لە مافەکانی سەرەتایی خەڵکە قانوونی ئەساسی ئێرانیش ئامازەی پێداوە جا ئەگەروایە ئەوانیش دەبێ لەو خۆ پێشاندانەدا بن. ئەگەر موقایسەیەکی نبسییش بەینی ئێرانو تورکیەش بکەین دەبینین ئەو مەجالە هەیە لە تورکیە ئەندامانی مەجلسی تورکیە، نوێنەرانی کورد لە پارلمانی تورکیە بۆ خۆیان دێن لە نێو خۆپێشاندانەکاندا دەبن جاریوایە لێشیان دەدەنو زیندانیشیان دەکەن با ئێمە لە کوردستانی ئێران ئەوە بکەین بە عادەت، با بیکەین بە عادت نوخبەگانو مامۆستایانی ئایینیو نوێنەرانی مەجلسو فەرمانداranو شارداڕەکانو کەسایەتییەکان و شورای شارەکان بچنە نێو خۆپێشاندانەکان،

**عادت نوخبەگانو مامۆستایانی ئایینیو نوێنەرانی مەجلسو فەرمانداranو شارداڕەکانو کەسایەتییەکان و شورای شارەکان بچنە نێو خۆپێشاندانەکان، باعەقڵیەتی دەسەڵاتو عەقڵیەتی ئەوانەی لە نێو دەسەڵات بە جۆرێک بە دوای حەلێکدا دەگەڕێن لە کاناڵیئەوانەوە باشتر لەو بابەتەوە مەعلوماتی پێ بدرێو متەوجەی قەزیەکە بن**

باعەقڵیەتی دەسەڵاتو عەقڵیەتی ئەوانەی لە نێو دەسەڵات بە جۆرێک بە دوای حەلێکدا دەگەڕێن لە کاناڵیئەوانەوە باشتر لەو بابەتەوە مەعلوماتی پێ بدرێو متەوجەی قەزیەکە بن. دانیشتوەکانی کورد لە دەرەوەی کوردستان لە دانیشگاکان ئەوانەی ئەهلی قەڵەمنو شت دەنووسن تێبکۆشن ڕەوشەنگەری بکەن لە سەر ڕووداوەکانی کوردستان.

لە درێژی ئەو باسەدا کاک خالید گوتی: هەروەها پارێزەران کە بە لەحازی حقوقیو قانوونی، باش قانوونی ئێرانو وەزعیەتی ئەوێ دەزانن، بەڵام پارێزەر ئەرکیەتی دیفاع لە خەڵک بکا، دیفاع لە موەکلی خۆی بکا. بە باوەڕی من دەستیان بە تەواوی ئاواڵەی بۆ دیفاع لەوانە.

بە باوەڕی من ئەرکێکی حقوقی قانوونی وەکیلەکانە، ئەرکێکی میللی نەتەوەیی و ئینسانی ئەوانە کە لە سەرتاسەری ئێرانو لە کوردستان دیفاع لەوانە بکەن کە گیراونو هەوڵ بدەن بە لەحازی قانوونی کۆمەکیان بکەن ئازاد بکرێنو لە هەمان کاتیشدا ئەو فشارە لە سەر کۆماری ئیسلامی دابندرێ کە ئەوە کۆماری ئیسلامیو مەئمورینی کۆماری ئیسلامیو دەزگاکانی ئەمنیەتییەکانیانن لە کوردستان تێدەکۆشن کوردستان ئەمنیەتی بکەن، پتر خەڵک موسەلەح بکەن، پتر بیکەنە بەهانە بۆ سەرکوتکردنی خەڵک بەتایبەت کە ئێستا لە ناوچەکەدا نیگەرانی ئەوەن کە ئایا کۆماری ئیسلامی لەوهەموو کێبڕکێو کێشانە کە دەیکا بەرەو کوێ دەڕوات.

# ڕۆژهەڵات تەوەری: تێکشاندنی تەلیسمەکان



عەزیز مەعرووفی

چەمکی ڕۆژهەڵات تەوەری و شکڵ گرتنیی بۆ هاوینی پار ڕاست بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە داعش پەلاماری شەنگال و ناوچەکانی دەورووبەری دا و شەڕێکی نەخوازراو و خوێناوی بە سەر باشووری کوردستاندا سەپاند. لەوە گەڕێین کام حیزبی ڕۆژهەڵات داهێنەر و داڕێژەری ئەو چەمکەیە و هەروەها قووڵ بوونەوە پەرەگرتنی چەندە خزمەت بە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکات، بەڵام حاشا هەڵنەگرە هێنانە گۆڕ و هەوڵ بۆ بەڕێژەو کردنی لێکدانەوەی دروستی بارودۆخی ناوچەیی و ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و گرتنەبەری جۆر و شێوەی دیکەی تێکۆشان و تێکشکانی تەلیسمەکانی بەردەم خەباتی ڕەوای کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دایە. کەواتە، ڕۆژهەڵات تەوەری چۆن قووڵ دەبێتەوە ؟ چۆن دەتوانێ تەلیسمەکان تێک بشکێنێ؟

ڕێژیمی ئێران، لە درێژەی دەسەڵاتی نامەشرووعی ٣٦ ساڵەی بە سەر نەتەوەکەمان دا، تێکڕای کوردستانی میلیتاریزە کردوە، دەیان و سەدان هەڵکەوتە و چالاکی سیاسی و ڕووناکبیری دە قوژبنی گرتووخانەکانی ئاخنیوە، هیچ چەشنە بوار و بەستێنێکی بۆ دەنگ هەڵبڕین و خۆ نواندنی کورد نەهێشتۆتەوە، بێ سڵ کردنەوە ساڵانە دەیان لاوی کورد لە سێدارە دەدا – چەندی بە ئاشکرا، ئەوەندیش بە نەهێنی- پەرە و برەو دان بە بڵاو کردنەوەی ماددەی هۆشبەر و هەوڵ بۆ گیرۆدە بوونی لاوانی کورد دوژمنایەتی زەقی ڕێژیم لە ئاست خەڵکی کوردستان و لاوەکانی دایە، هەروەها ساڵانە کوشتنی دەیان کۆڵبەری کورد و بە تاڵان بردنی بار و کۆڵەکانیان، دەست وەشاندن لە خەڵکی ناڕازی و گۆڕەوشار و کوشتن و بڕینیان، کوشتنی گوماناوی و نەخشە بۆ داڕێژراوی کوڕ و کچانی کورد و هەوڵی چڕ وپڕی دام ودەزگای دەوڵەتیی بۆ بەلاڕی بردن و لە داو خستنیان بە مەبەستی چاوترسێن کردن و تواندنەوەی خەباتی نەتەوەیی کورد و نیشتمانی کوردستان، ڕاستییەکن لە کەس و تەنانەت لە بیروڕای نێودەوڵەتیش شاراوە نین.

ترۆری ڕێبەرانی کورد د.قاسملوو و دوکتۆر شەڕەفکەندی لە پێتەختی پێشکەوتووی



وڵاتانی ئورووپا، ترۆری خەباتگێڕانی شۆڕشی کوردستان بە تایبەت لە باشووری کوردستان و تورکیە، پێناسەی ترۆریزمی یاغیی نێودەوڵەتی بە ڕێژیمی ئێران بەخشیوە. ئەو ڕێژیمە، دەستی لە دەیان ترۆری گەورەی دیکەی نێو دەوڵەتی دا هەبووە، دەستی لە پڕ چەک کردنی تاقم و گرووپە توندڕەوەکانی سەربەخۆی نەگێڕاوەتەوە. عێراق، سووریە، یەمەن، لوبنانی کردوون بە مەیدانی تەراتێنی سەربازانی ئیمام زەمان و بە دنەدان و پشت گرتنی تاقم و دەست و پێوەندەکانی، ئاڵۆزی و پاشان قەیران دەخولقێنێ. بۆیە لە هەر کوێیەک شەڕ، ئاژاوە و ماڵ وێرانی هەبێ نێوی ئێرانیش لەوێ هەیە.

گیان لە دەست دانی کچە کورد، فەریناز خوسرەوانی لە مهاباد و ڕووداوەکانی تایبەت بەو کە ڕاستەخۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لێی بەرپرسە ، ئەو دەرفەتەی بۆ پێک هێناوین، قووڵتر لەو چەمکە بەبڕشتە بڕوانرنین و لێکدانەوەی شێلگیرانەتر بۆ بیچم گرتن و شکل گرتنی بخەینە ڕوو؛



ڕۆژهەڵات تەوەری، نابێ تەورەی سیاسی و ئامانجی تەنیا حیزبێک بێ، بەڵکو دەشێ ئامانجی هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بە ورد و دڕشتەوە بێ و، هەموو لایەک پێکەوە بیرێکی نوێ، ڕێگا و شێوازی گونجاوتر بۆ دەستەبەر کردنی ماف و ئامانجەکانی کورد ببیننەوە. کوردستان و خەڵکەکەی کە لە بارو دۆخێکی دژوار و دڵتەزێن دایە پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانەی هەموو لایەک هەیە و شۆڕش و تێکۆشان بەشی تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان دەکات.

**ڕۆژهەڵات تەوەری، نابێ تەورەی سیاسی و ئامانجی تەنیا حیزبێک بێ، بەڵکو دەشێ ئامانجی هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بە ورد و دڕشتەوە بێ**

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان، بە درێژایی سەدەی ڕابردوو، کەمتر کاری لە شۆڤێنیزمی میللەتی دەسەڵات دار کردوە و ، کەمتر بەرپەرچی چاونزێری و حەزیای بێ سنووری پان ئێرانیزمی داوەتەوە، ئەمە کارێکی کردوە هەڵکەوتەو و ڕووناکبیری کورد- نەک هەمووی- بکەونە بن شەپۆلی بێ ئامانی بیری داپەلۆسێنەرانەی پان ئێرانیزم و ئێرانی بوون لە کورد بوونی بشواتەوە. گۆڕەوشار دانی بیری پان ئێرانیزم و ئاشنا کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە مافەکانیان وەک نەتەوەی خاوەن خاک و ناسنامەی تایبەت بە خۆی، بەوە بەستراوەتەوە کە ئاخۆ هێزە خەباتگێڕەکانی کورد دەتوانن پێکەوە کار بۆ گۆڕینی بیر و چۆنییەتی ڕوانگەی کۆمەڵگەی کوردستان و لەوەش گرینگتر ئامادەن کار بۆ بنکۆڵ کردنی بیری پان ئێرانیزم و ڕەواندنەوەی کارتێکەرییەکەی لە سەر کۆمەڵگەی کوردستان بکەن. لیرەدا ئەوە زۆر گرینگە، ڕۆڵەکانی کورد ڕاست شانازی بە کورد بوون و کوردستانی بوونی خۆیان بکەن نەک شانازی بە تراویلکەی شتێک کە بە درێژایی مێژوو کوردی گورچ و بڕ کردوە.

ڕاستە ڕێژێم، تاکوو ئێستا وەڵامی گشت داوکارێکی خەڵک بە گوللە و زیندان و شکەنجە داوەتەوە و دەستی لە هیچ جنایەتێک نەگێڕاوەتەوە. بەڵام ئایا شیاوە بەو پاساوە کۆمەڵانی خەڵک و ئازادیخوازان لە سەر خۆ وە دەنگ هاتن و لە هاتنە سەر شەقام بترسێنین؟ ئەو ڕێژیمە زەندەقی لە چەغماغەی دەنگی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان چووە، دەنا بۆ خۆشی چاک دەزانێ ئەگەر زۆری بۆ هات ناچارە لە بەرامبەر ئیرادەی یەکگرتووی خەڵک پاشکەشە بکات. گرینگە، چلۆنایەتی ڕوانگەی بەرەنگاربوونەوەی دژ بەو ڕێژیمە ڕێنسانسێک لە خۆی دا پێک بێنێ، چونکە دەسەڵاتی ڕەش و خوێناوییەکەی هیچ سەناریۆیەکی بێ ئەگەر نەهێشتۆتەوە.

هەر لە سۆنگە دا، وەنەبێ، کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە گژ سیاسەتی ڕەشەکوژی و سەرکوتی ڕێژیم دا نەچووبێتەوە. لەو چەند ساڵەی دواییدا لە سەردەشت، سەقز، مەریوان، سنە، مەهاباد، بۆکان، پیرانشار، خۆپێشاندانی بەرینی خەڵک بە دژی دەوڵەت و دەسەڵاتەکەی وەڕێ خراوە. ئەوە دەری دەخات، خەڵک ملی بۆ ئەو ڕێژیمە نەوی نەکردوە، بەڵام لە پشتیوانی ڕاستەوخۆی حیزبەکانی بێ بەری بووە و لانی کەم چاوەڕی بوونە هەموو پێکەوە بتوانن دەرفەت و هەلەکان بە باشترین شێوە بقۆزنەوە و سێبەری شوومی سەرەڕۆیی ڕێژیم لە سەر ژیانیان کەم بکەنەوە.

ڕۆژهەڵات تەوەری بۆ ئەوەی تەلیسمەکان بە چاکی تێک بشکێنێ، لە سەرێتی شێوە وقۆناغی خەبات بە باشترین شێوە لێک داتەوە و هەر بە پێی ئەو ڕاستییە و ڕاستییەکانی لە سەرەوە قامکمان لە سەر دانان، کەڵک لە هەموو جۆرەکانی خەبات وەرگرێ، جا ئەو خەباتە، قووڵ کردنەوەی خەباتی مەدەنی لە نێوخۆ و هاوکات پەرەدان بە خەباتی دیپلۆماسی، میدیایی و تەنانەت خەباتی چەکداری بگرێتەوە. تێکڕای جۆر و شێوەکانی خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە یاغی و سەرەڕۆیە، ڕەوا و پیرۆزن. خەباتی سەدەی ٢١ی کورد شیاوی ئەوەیە، هەموو هێزە شۆڕشگێر و تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان پێکەوە لە ژێر بەیداغی شۆڕشی تەوەر نەتەوەیی ڕۆژهەڵات لێک گرێ بدرێن و هەتا چاو هەتەرە دەکات لە دەسەڵاتی پاوانخوازانەی ریژیمی ئێران و شۆڤنیزمی چاوچنۆکی ئیران بدات. ئەو کاتە تیری ڕۆژهەڵاتتەوەری چاک بڕ دەکات، بەو ئامانجە دەڵین؛ سیاسەتی هونەری مومکین.

---

ڕۆژەڤی ئێران

# دۆخی ئانۆمیکی کۆمەڵگەی ئێران



حەسەن شێخانی

ئیدۆمی ئانۆمی وەبیرهێنەرەوەی ناوی کۆمەڵناسی فەرانسی، ئێمیل دۆرکیمە. ئەو ئیدۆمە لە لایەن دۆرکیمەوە تیۆریزە دەکرێ و ناو دەردەکا. دواتر کۆمەڵناسانی دیکەش بەکاری دێنن و خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکەن. بە کورتی دۆخی ئانۆمیک بە دۆخێک دەگوترێ کە نۆڕم و بەها کۆمەڵایەتییەکان لاواز دەبن و چەشنێک پشێوی کۆمەڵایەتی دێتەئارا. بە پێی بیری دورکیم ئەو دۆخە لەو کۆمەڵگایانە دێتە ئارا کە لە حاڵەتی ڕاگوزاری دان؛ واتە لە حاڵەتی نەریتی هاتوونەدەر، بەڵام هێشتا بە تەواوی مۆدێرن نەبوون. نیشانە و دەرکەوتی نەریت و مۆدێرنیزم بە تێکەڵاویی لەو کۆمەڵگایانەدا دەبینرێ.

گریمانەی ئەم نووسینە ئەویە کە بە پێی زۆر داتا و دەرکەوتی ئاکاریی، کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران تووشی چەشنێک دۆخی ئانۆمیک بووە. بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە ئاماژە بە چەند نموونە دەکەین و بەستێنەکانی ئەو دەرکەوتانەش باس دەکەین.

ئێران زیاتر لە یەک سەدەیە کە لە دۆخی نەریتی هاتۆتەدەر و چۆتە نێو قۆناغی ڕاگوزارەوە. بە هۆی نەبوونی سیستمێکی کارای دەسەڵاتداریی، قۆناغی ڕاگوزاری کۆمەڵگەی ئێران زۆر درێژ بۆتەوە و هەتا ئێستاش نەیتوانیوە بچێتە نێو بازنەی وڵاتانی گەشەسەندوو. تا هەنووکەش خاوەنڕایانی بواری گەشەسەندنی ئێران لە لێگەڕینی هۆکارەکانی وەدواکەوتنی ئێران دان. ئەمە لە حاڵێک دایە کە زۆر وڵاتی دیکە، دوای ئێرانیش لەگەڵ مۆدێرنیزم ئاشنا بوون و عەیامێکە چوونە نێو گرووپی وڵاتانی پەرەسەندوو. خەڵکی ئێران هێشتاش کێشەی دابین کردنی پێداویستییە سەرەتایی و سەرەکییەکانی ژیانیان هەیە. دۆخی ئابووری بە ڕادەیەک خراپە کە خەڵک بێ گوێدانە نۆڕم و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ بەدەست هێنانی لانیکەمی پێداویستییەکانی ژیان، شەو و ڕۆژ دەخەنە سەریەک و زۆر لایەنی پێویستیی ژیانیان فەرامۆش کردوە. ئاخر کەسێک کە پێویستییە سەرەتاییەکانی دابین نەبێ، ڕەنگە درۆ بکا، دزی بکا. سروشتییە کەسانێک هەبن کە لە هەمبەر دابین نەبوونی پێویستییە سەرەتاییەکانیان، هەروا پابەندی نۆڕمە ئەخلاقییەکان نەبن.

کەلێنی چینایەتی لە ئێراندا بێداد دەکا. ڕێژەیەکی بەرچاوی تاکەکانی کۆمەڵگە، دوای تەواوکردنی خوێندنیش، ناتوانن لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بن و خۆیان دابین بکەن. بە قسەی کارناسانی ئابووری، ڕادەی هەلی کار لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا وەک خۆیەتی و هیچ نەگۆڕاوە. بە پێی ئامارەکان هەنووکە لە ئێراندا ٥-٦ ملیۆن بێکار هەیە کە ئەگەر ئابووریی ئێران بە گەشەیەکی سەقامگیری ٧ لە سەدی نەگا، ئەوە ژمارەی بێکارانی ئێران زۆر زیاتریش دەبێ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی زۆر گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و پشتگوێ خستنی نۆڕم و بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانە.

لە ئێراندا ڕێژەی تەڵاق زۆر لە سەرێیە و نێونجی تەمەنی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیش چۆتە سەر. بە چەشنێک کە ئاستی دیاردەی تێپەڕاندووە و بۆتە قەیران. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم قەیرانەش گیروگرفتی ئابوورییە. لە وەها دۆخێک دایە کە دیاردەیەک بە ناوی «زەواجی سپی» سەریهەڵداوە. کچ و کوڕ یان ژن و پیاو، بێ ئەوەی کە لە یەکتر مارەکرابن و بە پێی عورف و یاسا ژیانی هاوبەشیان پێکهێنابێ، لە ڕاستیدا بێ گوێدانی نۆڕم و بەها کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ یەکتر دەژین و ئەگەر بێتوو لە ئێستاوە ئەم دیاردەیە خەسارناسی نەکرێ و چوارچێوەمەند نەکرێ، دەبێتە قەیرانێک کە زۆر لێکەوتەی نەرێنی دەبێ.

بە هۆی پێکهاتەی نەخۆشی سیاسی و ئابووریی ئێران، چینێکی تازە پێگەیشتووی دەوڵەمەند هەیە کە یەک شەوە و بێ هێچ چەشنە هەوڵ و ماندوو بوونێک، لە ڕێگەی قاچاغ، بازرگانیی ماددە هۆشبەرەکان، ڕانتخۆریی، پێوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی، پارەیەکی زۆریان وەسەریێک ناوە. ئەم چینە مشەخۆرە بەرهەم هێنتەوەر نییە، فەرهەنگی تایبەت بە دەوڵەمەندی ئەسیل و خاوەن ریشەیان نییە و، بە هۆی ئاکاری دژەبەهایان، دەرونی کۆمەڵگەیان تێکداوە. ئەو چینە بە لایانەوە گرینگ نییە کە کۆمەڵگە چی بەسەر دێ و کارە نایاسایی و نامرۆڤانەکانیان چ ئاسەوارێکی خراپ لە سەر کۆمەڵگە بەجێ دێڵێ، ئەوەی کە بیری لێدەکەنەوە تەنیا و تەنیا بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆیانە.

بە هۆی ئەو دۆخەی کە لە ئەنجامی سیستمێکی ناکارا خوڵقاوە، ڕۆحی هاوپێوەندیی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا لاواز بووە. ئەگەر لە گۆڕەپانێکی باڵاشاری تاران، کەسێک هاوشارییەکەی بەرچەقۆ بدا و بیکوژێ، خەڵک لە دەوری دەهاڵێ بەڵام بەر بەو کارەساتە ناگرن. ئەمە نیشاندەری ئەوپەڕی نزمبوونی ڕۆحی هاوپێوەندیی گشتییە. نیشانەی ئەوەیە کە مەنتقی نەخۆشی خودتەوەری زاڵ بووە و بەها ئەخلاقی و مرۆییەکان لاواز بوون.

شەو و ڕۆژ لە ڕاگەیەنە ڕەسمییەکانەوە باسی ئەخلاق دەکرێ و ئامۆژگاریی خەڵک دەکرێ؛ بەڵام لەو لاوە پەیتاپەیتا پەروەندەی گەندەڵی ماڵی ئاشکرا دەبن. جێنشینانی ئیمامی زەمان لە ڕواڵەت جۆرێک خۆ دەنوێنن و قسە دەکەن، بەڵام لە خەڵوەتدا «آن کار دیگر می کنند». لە تیۆری ئۆرگانیکی دەوڵەتدا، دەوڵەت بە باوک و سەرپەرستی کۆمەڵگە دەشوبهێنرێ. ئەگەر ڕەفتار و کردەوەی سەرپەرەست بەو جۆرە بێ، بێگومان بۆخۆی دەبێتە ماکە و سەرچاوەی هەرەسی ئەخلاق، دەبێتە قوتابخانەی فێربوونی دووڕوویی و ساختەچێتی. تەواوییەتخوازی سیستم و پێویستیی داسەپاو، خەڵک ناچار دەکا کە بە پێچەوانەی خودی واقیعی، خۆی ویترین بکا و بنوێنێ.

پشێویی کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندیخوازیی هەوسارپچراو و بێ پرەنسیپ و، لاوازیی نۆڕم و بەها ئەخلاقی و مرۆییەکان، دەرەنجامی دەسەڵاتداریی ئۆلیگارشی ئاخوندانە کە تا ئێستاش ئیدیعای دروست کردنی مەدینەی فازیلەی ئیسلامی دەکەن.



# «ڕۆژهەڵات، تامەزرۆی شۆڕشێکی بەربەرین»

**سمایل زارعی**

ئەوەی لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لە شاری مەهابادو بە دوای کوژرانی کیژێکی کورددا ڕوویدا، ڕاشکاوانە ئەو پەیامەی بە هەمووان گەیاند کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێوچان و سوورتر لە جاران هەوڵ بۆ گۆڕانکاری قووڵ و گرینگ دەدا و تەنانەت لەو پێناوەدا ئەگەر دەرەتانی هەبێ، دەست بۆ شۆڕشێکی بەربەرینیش دەبا. سەبارەت بە وردەکارییەکانی چۆنییەتی یان تەنانەت هۆکاری ڕوودانی کوژران یان خۆشکوژی بە تۆپزی «فەریناز خوسرەوی» زۆر گوترا، نووسرا و دیترا کە پێویست ناکات بچینەوە سەریان، بەڵام ئەوەی لەم وتارەدا ئاوڕی لێ دەدرێتەوە وردبوونەوەیە لە هاتنە سەر شەقامی بە لێشاوی خەڵک لە ڕۆژهەڵات و هەڵسەنگاندنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو چەشنە هاتنە سەر شەقامانەیە. لەبۆیەش بە وردبوونەوە لە ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی کە لە شاری مەهاباد و چەند شار و شارۆچکەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵات دا ڕوویان دا، جارێکیتر دیتمان تینی پشکۆی شۆڕش و هەستانەوەیەکی بەهێز لە بن خۆڵەمێشی سەرکوت و زەبرو زەنگی زیاتر لە سێ دەیەی کۆماری ئیسلامی بەسەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا پەنگی خواردۆتەوە و درەنگ یان زوو، بە هەر بیانوویەک بێ ئەو گڕە کڵپە دەستێنێ و بە دەورووپشتی خۆی دا پەل داوێژێ. لە کەس شاراوە نیە کە ڕاستە ڕووداوی گیان لە دەستدانی کیژێک بووە بیانوو و سەرچاوەی ناڕەزایەتییەکان، بەڵام کەسیش نیە نەزانێ کە شێوازی سەرکوتی بێبەزەییانە و شەڕفرۆشی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر خەڵکی ناڕازی دا لە لایەک و لە لایەکیتریشەوە ڕەوتی پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان بە شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەم لە ڕۆژهەڵات و هەم لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دا بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن بۆ ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ترسی لە مۆتەکەی شۆڕش و گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەیە و هەم هاووڵاتییانی کوردیش لە هەمبەر کێشە و ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە کوردستان دا نەک هەر بێدەنگ نابن، بەڵکە بۆ ئەستاندنی مافەکانی خۆیان کەڵک لە هەموو دەرفەتێک وەردەگرن و بۆ وەدیهاتنی مافە ڕەواکانیان تەنانەت دەست بۆ شۆڕشێکی نوێش دەبەن. خراپ نیە وەبیر هەموو لایەکی بێنینەوە کە پاڵنەری هاتنە سەر شەقام لە مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان، جیا لە داکۆکی کردن لە «کەرامەت و ئازادییە تاکەکەسییەکانی تاکێکی کورد»، بەڵکوو لێپرسینەوە لە گیانی مرۆڤێک و جگە لەوەش ناڕەزایەتی بەو هەموو زەبر و زەنگ و سەرکوت و ئازارایە کە کۆماری ئیسلامی بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتی خۆی دژ بە کوردی ڕەچاو کردوە. ڕەنگە خراپ نەبێ، وەک بەڵگەی هەرە زیندوو بۆ ئەو زەبرو زەنگە ئەوە بێ کە تەنانەت هاوکات لەگەڵ ئەوەی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتنە سەر شەقام، ناڕەزایەتییەکی گەورەش لە شاری تەورێز سەبارەت بە کێشەی بوونە یەکەمی تیمی فووتباڵی ئەو شارە هاتە ئاراوە و لێکدان و ناڕەزایەتییەکی زۆریش هاتە گۆڕێ، کەچی نە کۆماری ئیسلامی ئەو توندوتیژییەی لە کوردستان دا و بەرامبەر بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردی لە تەورێزیش نواندی و نە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک خەڵکی تەورێز زۆر زوو دامرکانەوەو وازیان لە داواکەی خۆیان هێنا. ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژ بە خەڵکی کوردی ناڕازی سەر شەقام کردی، جگە لە جەنایەت و کردەوەی نائینسانی، ڕێک کۆپی و هەوڵێک بوو بۆ سەرکوتی خەڵک بە شێوازی سەرکوتی شۆڕش و جووڵانەوەیەکی بەربەرینی نەتەوەیی.

بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونییەکی زۆرترمان لە باسەکەدا هەبێ، واباشە هەر لە دەلاقەی شێوازەکانی سەرکوتی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بچینەژوور:

**. شێواز و هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی:**

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی وێڕای ئەوەی بە توندترین شێوە پەلاماری ناڕەزایەتییەکانی دا و هەموو هەوڵێکیشی بۆ بەرگرتن لە پەرەسەندی زیاتری ناڕەزایەتییەکان دا، هەوڵی بۆ چەواشەکاری لە ڕووداوەکە دا و بە بڵاوکردنەوەی کورتە فیلمێک کە پتر لە شانۆیەکی گاڵتەجاڕانە دەچێ هەوڵی بۆ کەلێن خستنە نێوان و دڵکرمێ کردنی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و ناڕازی دەدات. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی زۆر باش لەو ڕاستییە تێگەیشتووە کە داوای و مەبەستی خەڵک لە هاتنە سەر شەقام هەر تەنیا بە پرسی مەرگی خوالێخۆشبوو «فەریناز خوسرەوی« نەدەبەسترایەوە و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دوای کۆمەڵێکی زۆر مەبەستی دیکەوەیە کە لە هەر دەرفەتێک بۆ هێنانەگۆڕێی ئەو داوایانە کەڵک وەردەگرێ، بەڵام کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هەموو هەوڵێکی جینایەتکارانە بۆ سەرکوت و کپکردنی دەنگی ناڕەزایەتییەکان، تەنانەت دەستی لە ئابڕوو و کەرامەتی بنەماڵەیی فەرینازی کۆچکردووش نەپاراست. ئەوەی لێرەدا و لەم قۆناغەدا بۆ زۆر کەس پرسیارە، ئەوەیە کە مادام کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان دەست لە هیچ جەنایەتێک ناپارێزێ و بە زەبری چەک و بە قڵت و بڕی خەڵکی ناڕازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەوڵ بۆ پاراستنی دەسەڵاتی پڕ لە زەبر و زەنگی خۆی دەدا، تاکی ناڕازی کورد دەبێ دەبێ چ بکات و چلۆن بچێتە پێش کە بە کەمترین خەسار، باشترین و گونجاوترین مەبەستی خۆی بپێکێ؟ تاکی ناڕازی کورد دەبێ چاوکراوە و وریا بێ و لانیکەم بە هەڵسەنگاندنی شێوازی بەگژداچوونەوەی کۆماری ئیسلامی لە تەورێز و لە کوردستان دا ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوێ کە ئەو حەساسییەتەی بە بزووتنەوە و ناڕەزایەتییەک لە کوردستان هەیەتی، قەت بە هیچ کوێی دیکەی وڵاتی ئێران ئەو هەستیارییە لە کۆماری ئیسلامییەوە هەست پێ ناکرێ، لەبۆیەش بە توندترین شێوە هەموو چەشنە بزاوتن و هەستان و ڕاسانێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە سەرکوت دەکرێ. خراپ نیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو قسەیە کە دەڵێین کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک و هەوڵ بۆ سەرکەوتی بێبەزەییانەی خەڵکی ناڕازی کوردی دەدا ئاماژە بە چەند هەوڵێکی ئەم وایبانەی کۆماری ئیسلامی لەم بارەوە بکەین:

ئا: تەقەکردن بە گازی فرمێسک ڕێژ و بە چەکی فیشەک ساچمەیی کە تا ئاستی مردن جێی مەترسییە،

ب: تێکردنی هێزێکی زۆر و زەوندی دژە شۆڕشی سەرکوتکەر،

ج: ئاوساندنی بارودۆخی شارەکانیتری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هێزە نیزامییە سەرکوتکەرەکانی،

د: هەوڵنەدان بۆ چارەسەرکردنی پرسی فەرینازی کۆچکردوو،

ە: خۆدامالین لە کێشە سەرەکییە و تاوانبارکردنی هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تەشەسەندنی هەرچی زیاتری ناڕەزایەتییەکان، و...

و: هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ خۆدامالین لە کێشەی سەرەکی و کارکردن بۆ بە لاڕێدابردنی ناڕەزایەتییەکان.

کەوابوو لە بنەڕەت دا، هۆکاری هەر چەشنە توندوتیژییەک دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی کاربەدەست و هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی و لەو بارەوە هیچ تاوانێک ناکەوێتە سەر خەڵکی ناڕازی، بەڵام هەر ئەوە بە تەنیا بەس نیە و واباشە کە ئەرکی شێوازەکانی بەرەورووبوونەوە دژی کۆماری ئیسلامی دابەش بکرێ و هەر توێژ و کۆمەڵێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکێکی تایبەتی خۆی لەسەر شان بێ بۆ ئەوەی هەمووان یەکدەست بتوانن وڵامی زەبر و زەنگی کۆماری ئیسلامی بدەنەوە.

**. دابەش کردنی ئەرکی بەگژداچوونەوە:**

خراپ نیە تاکی ناڕازی کورد لەو ڕاستییەت بگات کە نە هاووڵاتییانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک هاووڵاتییانی ئازەری لە وڵاتی ئێران دان کە کەس بە هانای کەسەوە نەیەت و کەس لە پشت کەس ڕانەوەستێ و نە کۆماری ئیسلامیش وەک تەورێز سەیری کوردستان دەکات. ڕاسان و ناڕەزایەتیی هاوکاتی لە شارەکانیتری ڕۆژهەڵات و بەشەکانیتری کوردستان و تەنانەت دەرەوەی وڵاتیش و هەروەها مانگرتنی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن بۆ ئەوەی تاکی کورد لەو ڕاستییە دڵنیا بێتەوە کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکگرتوویە و تاکی ناڕازی تەنیا نیە و هاووڵاتییانی کوردی لە هەر کوێیەکی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش پشت و پەنا و یارمەتیدەری تاکی ناڕازین.

هەر وەک ئاماژەی پێدرا، کۆماری ئیسلامی بۆ کپکردن و سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان دەست لە هیچ شتێک ناپارێزێ و لەو پێناوەش دا تەنانەت جیاوازی ناخاتە نێوان هیچ کەسێکی ناڕازییەوە و سیاسەتی «شەلم، کوێرم، ناپارێزم»ی گرتۆتە بەر، بەڵام پێویستە تاکی ناڕازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر وریا و بە هاوئاهەنگی و لێک تێگەیشتنی زۆرترەوە بەرەوڕووی ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بێتەوە و بە بڕوای من دابەشکردنی ئەرکەکان بۆ شێوازی بەگژداچوونەوە دژی کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو ئاڵتەرناتیڤانەیە کە پێویستە سەرنجی بدرێتێ. هەتا ئێمە زۆرتر هاوئاهەنگیمان هەبێ و تا پتر هەوڵ بۆ لێکتێگەیشتن بدەین، پتر لە مەبەستەکانمان نزیک دەبینەوە و زۆرتر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دژی یەکگرتوویی بنەماڵەی گەورەی کورد پووچەڵ دەکەینەوە، بەڵام چۆن ئەرکەکان دابەش بکەین و کێن ئەوانەی دەبێ ئەرک وەئەستۆ بگرن؟

ئا: کەسایەتی و ڕۆشنبیران، چ لە نێوخۆی و چ لە دەرەوەی وڵات. ئەرکی ئەو کەسانە ڕۆشنگەری و تێگەیاندنە و پێویستە ئەو کەسانە وەک ئەرکێکی ئەخلاقی، شۆڕشگێڕانە و مرۆڤدۆستانە هەوڵ بدەن کەس و کەسانی بێئاگا لە ڕاستی ڕووداو و داواکان تێبگەیەنن و کار بۆ ئەوە بکەن کە لایەنگر و هاودەنگی زۆرتر بۆ ناڕازییەکان کۆبکەنەوە. ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە کە لە لایەن کەسایەتی و ڕۆشنبیرانەوە خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ ڕووداو و جووڵانەوەکان بکرێ، بەڵام زۆر گرینگە دەربڕینی ڕوانگەکان لەو ڕەوتی ساردکردنەوە و تاوانبارکردنی بزووتنەوەکەدا نەبێ. سەرباتی ئەوەش گرینگە کە ئەوان ببنە دەنگی ڕاستەقینەی ناڕەزایەتی و داواکانی خەڵک و لە هەموو ڕێگاکانی کۆمەڵگا، ڕاگەیاندن و ناڕەزایەتی سەرشەقامەوە هەوڵ بۆ گڕ و تین پێدان بە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکان بە شێوەیەکی لەبار کە لە قازانجی گشتی نەتەوەکەمان دا بێ بدەن.

ب: حیزب و لایەنە سیاسەتی و مەدەنییەکان، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات. ئەوەی کە وەک حیزب و لایەنی سیاسی لە دەرەوەی وڵات چاودێری و پەیسەری ڕووداوەکانی نێوخۆ دەکات پێویستە زۆر وریا و وردبین بێ لە شێوازی مامڵەکردن لە شێوازی ڕاگەیاندن و گەیاندنی دەنگی ناڕازییەکان بە ئەندام، لایەنگر و گوێگری خۆیان هەم لە دەرەوە و هەم لە نێوخۆی وڵات. زۆر گرینگە وا نەکەین داواکانی خەڵک بە لاڕێدا بچن و لە دەلاقەی حیزبییەوە هەوڵ بۆ پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان بدرێن، چونکە ئەزموون دەریخستووە کە توێژە ناڕازییەکان هیچ کات بە دەنگی تاکە حیزبێک و بۆ تاکە داوایەک نەهاتوونەتە سەر شەقام و ئەو کارەی ئێمە ڕەنگە زەربە لە بەردەوامبوونی ناڕەزایەتییەکانیش بدات. لایەنە مەدەنییەکانی نێوخۆش پێویستە لەسەر شانیان، بە هەر شێوە و شێوازێکی بۆیان دەلوێ پشت و پەنای ئەوانە بن کە هاتوونە سەرشەقام و بێدەنگ دانەنیشتن. بێدەنگبوونی ئەوان جۆرێک هەوڵە بۆ دڵساردکردنەوەی ئەوانەی کە دەنگی ناڕەزایەتییان هەڵبڕیوە و هەر ئەم بێدەنگبوونەی ئەوان گەورەترین

ل ٨



---

له ڕۆژهەڵاتەوە...

# شەقام نابێ تەنیا بێ!



**خالید محەممەدزادە**

لەم چەند ساڵەی دواییو لە دوای ناڕەزایی دەربڕینەکان بۆ کوشتنی شوانەی سەید قادر، هیچ خۆپیشاندانو ڕووداوێک بە قەد کاردانەوەکانی گیان لە دەستدانی فەریناز خوسرەوانی لە مەهاباد، نەیتوانی پرسی کورد لە ئێران بۆ جارێکیتر میدیایی بکاتو بیهێنێتە نێو بیروڕای گشتی کوردستانو جیهان.

ئەگەرچی ڕوودانی هەردوو ڕووداوەکەو ئەو کاردانەوە گەورەی بە دوای خۆی هێنا، جارێکی تر پێگەیەکی وەک شاری مەهابادی خستە ڕۆژەڤەوە کە چون شارێک دەتوانێ ناڕەزاییەکەی بکات بە ناڕەزایی هەمووانو شارێکی تریش ناتوانێ ناڕەزاییەکەی بکات بە نارەزایی گشتی!

بەڵام کاردانەوەو جۆری بە دەنگەوە هاتنی ئەم خۆپیشاندانو ناڕەزاییە جەماوەرییە ئەوەشی پێ وتین کە توانایی ئانالیزەکردنو ڕێکخستنەوەی نارەزاییەتییەکان دەبێ یەکێک لە کاردانەوەکان بێ بۆ ئەوەی شەقام بە تەنیا نەمێنێتەوە.

با لەوە گەڕێین لە هەر حاڵەتێکی هاوشێوە لە شەقام، بە پلەی یەکەم پەراوێزێک دروست دەکات بۆ لێکترازانی چالاکانی کوردیو سەنگەرگرتن لە یەکتر، بەڵام ئەگەر چالاکی مەدەنیو سیاسی، حیزبو ڕێکخراوەکان ناتوانن جووڵێنەری شەقامو خواستی گشتی بن، بێگومان دەتوانن لە گشتاندنی خواستو نارەزایی شەقامو بوون بە تریبونی ئەم نارەزاییە بۆ ئاستی جیهانی هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵگرن.

ئەگەرچی فەلسەفەی جووڵانی شەقام بە پێچەوانەی کۆی تێزەکانی سەدەی پێشوو لە «هێزی پێشرەو»و «خیتابی شۆرشگێرانە« لە ئێستادا گواستراوەتەوە بۆ سەر شانی جووڵەی هاووڵاتیو جمەی خۆرسکی شەقام، بەڵام بە گۆڕانی ئەم معادلەیەش، دیسان ئەرکی هێزە گۆڕانخوازەکان پاڵپشتی شەقامو بە دەنگەوە هاتنە تا ئاستی پاراستنو دەستێوەردانی مەدەنیانە بۆ بەرزراگرتنی داخوازییەکانیانە نەک دوورگرتن بە بیانووی ئەوەی هەر بە دەنگەوە هاتنێک دەبێتە هۆی لێدانی خەباتی مەدەنیانەی خەڵک.

لە دۆخی جووڵانو نارەزایی شەقام، دوورەپەرێزیو چاوەڕوانی دەبێ جێگەی خۆی بدات بە هاوکاریو پاڵپشتی مەدەنیانە تا ئاستی بوون بە تریبونی ئەم نارەزاییەو پێکهینانی بەستەری زیاتر بۆ نارەزایی گشتیترو هاتنە مەیدانی زیاتری هاووڵاتی، بە جۆرێک کە هاووڵاتی هەست بە دەنگدانەوەی ناڕەزایی خۆی بکاتو هەست بەوە بکات کە تەنیا نیەو لە دەرەوەی کۆی سیستمی توتالیتەرو لە نێو کۆمەلگای مەدەنییش گوێی لێدەگیریتو بە دەنگەوە هاتن هەیە.

ناڕەزایی گەورەی مەهابادو چەند شارێکی دیکە پێی وتین ئەم کۆمەڵگایە هەڵگری ناڕەزایی گەورەو خواستی گەورەیە کە بە هیچ جۆرێک لەم سیستمە بە دی نایەت، بەڵام ئەم نارەزاییو خواستە ئامادەیە ئەوەشی پێوتین ئەم نارەزاییە لە بێ سازمانیو بێ مودیرییەتیو بێ ڕێبەری دا دەناڵێنێ. بێگومان هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان ئەگەر ڕێبەری نەکرێن دەکرێت لە دواجار هەڵگری خەساری گەورەو نائۆمیدی گەورە بێ، لە دۆخێکی ئاوادا، ئەگەر خواستی جیاوازی ڕێکخراوەکان ناتوانن پێکهێنەری کۆدەنگییەک بێ، بێگومان خواستو نارەزایی شەقام دەتوانێ کۆکەرەوەی ئەم هێزانە بێو دەکرێت خۆرانان بە نارەزایەتییەکانی شەقام، تەرجومە بکرێتەوە بە گشتاندنو بە دەنگەوە هاتنی شەقام.

لە هەر حاڵدا ئێمە ئەزمونێکی ترمان لە بەستێنی ناڕەزایی جەماوەری و کاری ڕێکخراوەیی بەرهەم هێنا کە دەکرێت ئەم دوو بەستێنە زیاتر ئانالیزەوو پۆلێن بەندی بکرێن، بە جۆرێک کە خەسارەکانی هەتا بێ کەمتر بکرێتەوەو کاریگەری گەورەی لێ بکەوێتەوە، کاریگەرییەک بتوانێ بەستێنی نوێو دەرفەتی نوێو هێزی کاریگەری نوێو مەیدانی بخولقێنی بەوەی ئەم کۆمەڵگایە مل بە سەرکوت کردن نەداتو ئەم کۆمەڵگایە بە تەنیا ناهێلرێتەوە.

ئەوەشی پێ وتین کە لە ئامادەیی جەماوەری بۆ خستنەوەی نارەزایی گەورە، هەتاکوو ئێستاش کۆمەلگای مەدەنی لە نێوخوی ڕۆژهەڵات لە پاراستنو پشتگیری کردنی ئەم ناڕەزاییانە لاواز هەڵسوکەوت دەکاتو ناتوانێ ببێ بە بەشێک لە ناڕەزایی گشتیی شەقام.

لە ڕاستی دا ڕاسانی جەماوەریو نارەزایی شەقام لە ئەگەری بە تەنیا مانەوەی گومانو پرسیار تەنیا ڕووبەڕوی حیزبەکان ناکاتەوە کە درەنگ عەمەل دەکەن، بەڵام ئەم چاوەڕوانیەشی لە کۆمەڵگای مەدەنیو ڕێکخراوو چالاکانی مەدەنی هەیە کە بەشێک بن لەو بە دەنگەوە هاتنە، بە جۆرێک کە وەک تریبونو پاڵپشتی شەقام هەنگاو هەڵبگرن نەک بێدەنگیو خەڵوەت نیشینی هەڵبژێرن.

# پاساوی تەقەکردن لە خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی رۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟



عومەر باڵەکی

رووداوی گیان لەدەستدانی فەریناز خۆسرەوانیو دژکردەوەی خەڵکی شاری مەهاباد پێتەختی کۆماری کوردستان بەو رووداوە ماوەی زیاتر لە حەوتوویەکە بۆتە جێگەی باسو خواستی میدیا کوردستانیو جیهانییەکانو لە روانگەی جیاوازەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێ. لەو وتارەشدا دەمانهەوێ سەرنج بدەینە ئەو خاڵە گرینگە کە بۆچی هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە رۆژی خۆپێشاندانەکەی مەهاباد بە چەکی گەرم تەقەتیان لە خەڵکی خۆپێشاندەر کرد؟ کێو کام بەرپرس مەسئولیەتی ئەو تەقەکردنە لە ئەستۆ دەگرێو بە کام ئیزنو ئیجازە فەرمانی ئەو تەقەکردنە دراوە؟ ئەو پرسیارانە مەبەست ئەوە نییە شکو گومان بخەینە سەر تێڕوانینی ئەمنیو دوژمنکارانەی بەرپرسانی بەرزی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە کوردستانو خەڵکی کوردستان، بەڵام تەنیا مەبەست ئەوەیە کە ئەو هێزە بەناو ئەمنیو ئینتیزامییانەو بەرپرسانیان خۆیان چەندە پابەندن بە یاساکانی کۆماری ئیسلامی.

بەپێی ئەسڵی ٢٧ی یاسای بنەڕەتی ئێران خۆپێشاندەرانی مەهاباد بە پێشێلکاری قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیان نەکردوە، چونکە لەو ئەسڵەدا دەڵێ» هەموو جۆرە خۆپێشاندانو رێپێوانێک ئازادە بەو شەرتە چەکدارانە ودژایەتی لەگەڵ بنەمای ئیسلام نەبێ». ئەگەر ئەو ئەسڵە شی بکەینەوەو لەگەڵ حەرەکەتو داوای خۆپێشاندەرانی مەهاباد پێکی بگرین بۆمان دەردەکەوێ ئەو خۆپێشاندانە نەک چەکدارانە نەبووەوخۆپیشاندەران دەستیان بەتاڵ بووە، بەڵکوو هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا دا نەبووەو لەراستیدا نە مەبەستی خۆپێشاندانەکەو نە شوعارو لێدوانەکانی نێو خۆپێشاندەران بە هیچجۆر پێوەندی بە دینی ئیسلامەوە نەبووە. ئەگەر وایە هێزە ئەمنیەتییەکان بە پێچەوانەی ئەو ئەسڵە لەگەڵ خۆپێشاندەران جووڵاونەوەو بە سەرنجدان بە قانوونەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامیش بۆمان دەردەکەوێ کە هێزە ئینتیزامیو ئەمنیەتییەکان خۆیان قانوونشکێن بوون. ئەوەتا لە مادەی ٤ی قانوونی هێزە ئینتیزامییەکان بەو شێوەیە باس لە کەڵکوەرگرتنی چەک دەکا.... کاتێک مەئموورین ناتوانن پشێویو نائارامییەکان کۆنترۆڵ بکەن بەو مەرجانەی خوارەوە دەتوانن لە چەک کەڵک وەربگرن.

ئەلف: بۆ بڵاوە پێکردن پێشتر لە کەرەسەی دیکە «غەیرە چەک» بەپێی رێو شوێن کەڵک وەرگیرابێو کاریگەر نەبووبێ.

ب: پێش ئەوەی چەک بەکار ببرێ خۆپێشاندەران و نارازییان تێگەیەندرابن کە چەک بەکار دەهێنن.

بەپێی ئەو مادە قانوونییە بێت دەبوایە لە شاری مەهاباد پێشتر هێزە ئەمنیەتییەکان بۆ بڵاوپێکردنی خۆپێشاندەران لە کەرەسە باوەکانی وەک ماشێنی ئاوپڕژێنو شتی لەو بابەتە کەڵکیان وەگرتبایەو کاتێک دەستیان بۆ چەک دەبرد تەقەی هەواییان کردبا، بەڵام ئەوەندەی لە وێنەو فیلمو دیکیۆمێنتەکانی پێوەندیدار بە خۆپێشاندانەکەی خەڵکی مەهاباد دەبینین نەک هیچ ماشێنێکی ئاوپڕژێن یا کەرەسەکانی باو لە دنیای مردێرندا نابینین، بەڵکوو بێ سێو دوو، بێ هیچ پاساوێک هێزە ئەمنیەتییەکان راستەوخۆ و روو بە خۆپێشاندەران بە چەکی گەرم تەقەیان کردوە.

لە کۆتایی مادەی ٤ی یاسای هێزە ئەمنیو ئینتیزامییەکان تێبینییەک هاتووە کە دەڵێ: « هەڵسەنگاندنو لێکدانەوەی بارودۆخە نائارامییەکان لە ئەستۆی «شوورای تأمین استان و شهرستان»ە و یاسادانەر بۆیە ئەوەی هێناوە کە هێزە ئەمنیەتییەکان بێ بڕیارو تەئیدی ئەوانە ناتوانن لە خۆوە دەست بۆ چەک بەرن.



پرسیار ئەوەیە ئایا هێزە ئەمنیەتییەکان سەرسەری تەقەیان لە خۆپێشاندەران کردوە یان شوورای تەئمینی ئوستانو شار دەستووری تەقەیان داوە؟ هەرکام لەوانە بێت پێویستە وەڵامی خەڵک بدەنەوە کە هەڵسەنگاندنو تێڕوانینیان بۆ ئەو خۆپێشاندانە لەسەر چ ئەساسێک بووە کە بڕیاری تەقەکردنیان بەو بەربەرینیە بە هێزە چەکدارەکان داوەو لە بەرامبەردا خەڵکی بێ چەکو بێدیفاع بریندار بوونو ئێحتمالی شەهیدبوونیشیان لێ دەکرێ.

لە سەردەمی ئێستادا ئەگەر رووداوی تەقەکردن لە خۆپێشاندەرانی مەهاباد لە هەرکامە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری دێموکراسیو ئازادی روویدابا بێ سێو دوو هەموو ئەو پۆلیسانەو تەنانەت فەرماندەی پۆلیسی ئەو شارەش لەلایەن دادگاوە دەستبەسەر دەکران و تەنانەت فەرمانداری ئەو شارەش کە رووداوی لەو چەشنە تێیدا رووی داوەدەستی لەکار دەکێشاوەو دەچوو بەرەی خەڵکەوە.... چونکە لەو وڵاتانە مرۆڤ بایەخی خۆی هەیەو گیانی مرۆڤەکان بە مادییات هەڵنەسەنگێندرێ و لەو وڵاتانەی کە بە شێوەی دێموکراسی بەڕێوەدەچن لە حاڵەتی ئاوا دا قەت زیانو زەرەری مادی وەپێش زیانو زەرەری گیانی ناخەن. بەڵام بەداخەوە ماوەی ٣٦ ساڵە لە ئێران بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی ئەوەی بایەخی نییە گیانی مرۆڤەکانە. ئەوەتا دوای خۆپێشاندانەکەی خەڵکی نیشتمانپەروەری مەهاباد کاربەدەستانی ئیداریو لەشکری لە رادەو پلەی جیاوازدا لە سەر ئەو بابەتە هاتوونەتە قسەو بەجێگەی ئەوە بایەخ بە هەستو سۆزی خەڵک بدەنو بەداخ بوونی خۆیان لە مەرگی فەرینازو بریندارەکانی خۆپێشاندانەکە دەرببڕن، کەوتوونەتە هەڕەشە کە چیدیکە خزمەتی مەهاباد ناکرێو سەرمایەگوزاری لەسەر ئەو شارە ناکەن. هەر وەکی بڵێی لە ماوەی ئەو ٣٦ ساڵەدا بە دەیان کارخانەو کارگەیان لە مەهابادو ناوچەی مەهاباد دامەزراندبێو بە هەزاران هەلی کاریان بۆ لاوانی ئەو شارە رەخساندبێ کە ئێستا وا هەڕەشەیان لێدەکەن. ئەگەر مەهاباد پێشکەوتنێکی بۆ خۆیەوە دیبێ ئەوە ناگەڕێتەوە بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەڵکوو شانازییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی دڵسۆزو بە ئەمەگی ئەو شارە کە هەموو کاتو لە هەموو دەورانەکاندا هەوڵیان داوە شارەکەیان لە هەموو بوارێکەوە پێش بکەوێو ناوو ناوبانگی کوێر نەبێتەوە.

بەڵام کۆماری ئیسلامیو تەنانەت نیزامی پاشایەتی بەچاوی ئەمنییەوە روانیویانەتە کوردستانو شاری مەهابادیش جیا نەبووە لە کوردستانو پرسی نەتەوەیی کورد، هەر بۆیە لە بەرامبەر هەر داواو وکردەوەیەک کە لەلایەن کورد بە گشتی یان تاکەکانی کورد رووبەڕووی دەسەڵاتدارانی تاران بۆتەوە بەجێگەی دانیشتنو لێکحاڵی بوون بە توندوتیژیو چەک وەڵامی کوردو داخوازیەکەی دەراوتەوەو خۆپێشاندانە نارەزاییەتیەکەی خەڵکی مەهاباد بە مەرگی گوماناوی فەرینازو ئاکامەکانی دەرخەری ئەو راستییەن، چونکە هەتا ئێستا هیچ دامو دەزگایەکی دەوڵەتی داوای لێکۆڵینەوەی لە تەقەی هێزە ئەمنییەکان کە روو بە خۆپیشاندەرانی دەست بەتاڵ کردوویانە، نەکردووەو هیچ کەسیش لەو پێوەندییەدا دەست بەسەر نەکراوە.

لە کۆتاییدا پێویستە وەبیر نوێنەری مەهابادو هەموو نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی ئێران بێنینەوە کە ئەوە ئەرک و وەزیفەی ئەوانە کە لەو رووداوە بەگشتیو تەقەی هێزە ئینتیزامییەکان رووبە خەڵک بەتایبەتی بکۆڵنەوەو داوای بەسزا گەیاندنی بکەرانی ئەو رووداوە بکەنو لە هەمان حاڵدا بە دوای تیمارکردنی بریندارەکانو قەرەبوو کردنەوەیاندا بڕۆنو لە هەوڵی ئازادکرانی دەستبەسەرەکاندا بن، بەدڵنیاییەوە ئەگەر وا بکەن خەڵک بە نوێنەری خۆیانتان دەزانێو پێچەوانەوە خەڵک لێتان دڵساردو بێئومێد دەبێ.



---

درێژەی:

## «رۆژهەڵات، تامەزرۆی شۆڕشێکی بەربەرین»

بەڵگە دەبێ لەسەر ئەوەی ئەوان وەک پێویست ئەرکی خەباتی مەدەنی خۆیان بەجێ نەگەیەنن. با هەر لەو پێوەندییەدا ئاماژە بە دوو نموونەی زیندوو بدەین کە یەکیان بە خراپ و ئەویتریان بە باشی لێکەوتەوە. یەکەم ئەوەی کەسان و کەسانێک لە دەرەوەی وڵات بە فیتی حیزبێکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆرتر بە هێزێکی سەرەکیتر لە باکووری کوردستانەوە گرێدراوە، بە دەربڕینی نارەزایەتی خۆیان بە شێوەیەکی تەواو حیزبییانە و بە هێنانی وێنە و سیمبولی حیزبییەوە تەنانەت دەنگیان تا ئاستی راگەیاندنی هەواڵی ئەو نارەزایەتییە لە سەر سایتی فەرمی ئەو حیزبە زیاتر نەچوو و تەنانەت زۆریشیان گلەیی و گازندە هاتەوە سەر. نموونەیەکی بە پێچەوانە و باش ئەوە بوو کە بەشێکی بەرچاو لە حیزب و لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کە تا ئێستاش سەربەخۆیی سیاسی خۆیان پاراستووە بە هاندانی خەڵک بۆ مانگرتنێکی گشتی لە رۆژ و کاتێکی دیاریکراودا وای کرد کە هەم خەڵک لە رۆژهەڵاتی کوردستان دڵی بە بزووتنەوە و هێزە سیاسییەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات خۆش بێ و هەمیش دەستکەوتی ئەوەی لێکەوتەوە کە بەشی هەرە زۆری ئەوانەی دەستبەسەر کرابوون ئازاد بکرێن. خۆ ناکرێ ئەوەش بە دەستکەوتێک نەژمێرین کە ئەم هەڵوێستە باشەی هێزە سیاسییەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات هاندانێکی باشی خەڵک بوو بۆ یەکگرتوویی و لە تەنیشت یەکتری راوەستان.

ج: ئەوانەی نارازین، بەڵام لەسەر شەقام نین، ئەرکە لەسەر شانیان کە بەر لەوەی هەوڵ بۆ بەگژداچوونەوە و نارەزایەتی ئاشکرا بدەن، خوێندنەوە و تێگەیشتنێکی باشیان لەسەر کۆی گشتی نارەزایەتییەکانی گەلی کورد هەبێ و دڵنیا بن لەوەی کە دەربڕینی نارەزایەتی ئەوانیش بە هەر شێوەیەکی گونجاو دەتوانێ لایەک لەو ئەرکە گەورە و نیشتیمانییە وەخۆ بگرێ و یارمەتیدەر دەبێ بە خێراتر و کاریگەرداتربوونی رەوتی نارەزایەتییەکان و وەدیهاتنی داوا رەواکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان. رێگای ئەم دەربڕینانەش هەمیشە هەر ئەوە نیە کە هەمووان بێینە سەرشەقام، بەڵکە بە دەربڕینی نارەزایەتییەکان لە ئینتێرنێت (تۆڕە کۆمەڵایەتیی و سایتەکان دا)، بە باسکردن لەگەڵ کەس و کەسانی نزیک و تێگەیاندنیان لە راستی رووداوەکان، بە ئیرادەکردن بەوەی کە بتوانن «نا» بەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بڵێن و دەیان و سەدان رێگای گونجاویتر دەتوانن بەشێک لە ئەرکی نارەزایەتی دەربڕین وەخۆ بگرن.

د: ژنان و کچانی کورد. ژنان و کچانی کورد پێویستە زۆر باش لەو راستییە تێبگەن کە ئەوان لە نێو بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵی کورددا جێگە و پێگەی جێی رێز و شیاوی خۆیان هەیە کە ئەوەش دوو لایەنەیە و بەر لە هەموو شتێک بەرهەمی هەوڵی بێوچان و شان بە شانی کێژان و ژنانی کورد بۆ وەدیهاتنی مافە رەواکانی گەلی کورد بووە، بەڵام هەروەک زۆر جاری دیکەش گوتراوە، ژنان لە نێو کۆمەڵی کوردەواری دا دوو جار دەچەوسێنەوە، جارێک بە هۆی کولتووری دواکەوتوویی کۆمەڵگای خۆمان و جارێکیش لە لایەن دوژمنانی کوردەوە. راستییەکی حاشاهەڵنەگر کە کۆماری ئیسلامیش زۆری لێترساوە ئەوەیە کە رەوتی گۆڕانکاری کولتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنان لە نێو کۆمەڵگای کورددا زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و زۆر لەمێژە ئەو رەوتە بەردەوام لەبەرەو پێشچوونێکی باشتر و باشتردایە، هەربۆیەش کۆماری ئیسلامی بەردەوام بۆ شکاندنی ئیرادەی بەهێزی ژنی کورد لە رۆژهەڵات رێگا و هەوڵی جۆراوجۆری تاقی کردۆتەوە و بە دڵنیاییەوە رووداوی دڵتەزێنی «فەریناز»ی کۆچکردوو نە یەکەمین و نە دوایین هەوڵی کۆماری ئیسلامی دەبێ. جارێ بە خنکاندن و فڕێدانی تەرمی خوێندکارێک، جارێک بە کوشتنی جێی شک و گومانی خوێندکارێک لە خوێندنگایەکی ئێران، جارێکی دیکەش بە بەرداکردنی جلی ژنی کورد بە تاوانبار یان هەڵەکارێک لە روانگەی کۆماری ئیسلامی دا و گێرانیان بەناو شاردا و... ئەرکە لە سەر ژنی کورد لە لایەک لەگەڵ دەنگی نارزییەکان بکەون و لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵ بۆ رۆشنگەری زۆرتر سەبارەت بە ماف و ژیان و داواکانیان بدەن. ئەوە راستە کە وەک سروشتی ئەخلاقی و ئینسانی هەر پیاوێکی بەویژدانیش کاتێک پێشێلکرانی مافی ژنان دەبینێ، ئەرکە لەسەری کە دەنگ هەڵبرێ و داکۆکی لە مافی ژنان بکات، بەڵام هیچ کەس وەک ژن خۆی، ناتوانێ بەرگریکەر و هەوڵدەرێکی باش بێ لە پێناو ماف و ئازادییەکانی دا.

**. چ بکرێ باشە؟**

چ ئەمجارە و چ جارێکیتر، پێویستە بزانین کە چیمان کرد و چیمان نەکرد؟ خراپ نیە پلانمان هەبێ کە لە کات و دۆخی ئەو چەشنەدا چ بکەین باشە؟

**یەکەم**: بەردەوامبوون لە نارەزایەتی دەربڕین دا:

ئەو قسەیە زۆر باوە کە دەڵێن ئەوەی کە لە خەباتکردن دا بەردەوامە ئەگەری بردنەوە و وەدەستخستنی داوا و مافەکانی هەیە، بەڵام ئەوەی کە نارازی نیە نەک قەت بە هیچ ماف و داوایەکی ناگات، بەڵکە هەمیشەش دۆڕاوە. راستییەکەی ئەوەیە کە هەتا ئێمە بەردەوامتر و سوورتربین لە سەر نارەزایەتی دەربڕینمان، پتر سەرنجمان دەدرێتێ و زۆرتریش دەتوانین مافەکانمان دەستەبەر بکەن و لە گەیشتن بە مەبەستەکانیشمان نزیکتر دەبینەوە.

**دووهەم**: گۆڕینی شێوازەکانی نارەزایەتی بە شێوەیەکی بەردەوام:

هاتنە سەرشەقامی تاکی نارازی کورد گەورەترین و کاریگەردارترین رێگا و شێوازە بۆ خستنەرووی داوا و ویستەکان، بەڵام بە دابەشکردنی ئەرکەکان و هەروەها بە بەردەوامی ئێمە لە رێگای جۆراوجۆرەوە وا دەکەین کە نارەزایەتییەکان هەر بە یەک شێوە دەرنەبڕدرێن و زەخت و سەرکوتیش لەسەر ئەو کەسانەی لەسەر شەقامن کەمتر دەکرێتەوە. جگە لەوەش گەیاندنی دەنگی تاکی نارازی بە شوێنەکانی دیکەی کوردستان، ئێران و جیهان دەبێ لە رێگای تاقیکردنەوەی شێوازەکانی راگەیاندن، سیاسی، حقووقیەوەو هتد بێ.

**سێهەم**: پەرەپێدانی زیاتر بە نارەزایەتییەکان بۆ هەموو شار و شارۆچکە و شوێنێکی کوردستان:

پەرەئەستاندنی هەرچی زیاتری نارەزایەتییەکان لە لایەک هەم یارمەتیدەر دەبێ بەوەی کە فشارەکان لەسەر نارەزایەتییەکان لە ناوچەیەک کەم ببنەوە و لە لایەکی دیکەشەوە یەکدەنگی و یەکگرتوویی کورد بۆ وەدیهاتنی ماف و ویستەکانی دەردەخات. ئەوە وا دەکات کە کۆماری ئیسلامی نەک هەر نەتوانێ بە مەبەستی چەپەڵ و دژە ئینسانی خۆی بۆ سەرکوتی نارەزایەتییەکان بگات، بەڵکوو ترس لە پەرەسەندنی زیاتری نارەزایەتییەکان بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران بە دڵنیاییەوە وای لێدەکا کە بەرامبەر بە ویست و داواکانی گەلی کورد چۆک دابدات. سەرەڕای ئەوانەش، هەتا ئێمە رێژەمان وەک نارازی دژ بە کۆماری ئیسلامی زیاتر و لە شوێن و ناوچەی زۆرتر خۆپیشاندان دەربڕین، پتر سەرنجی دنیای دەرەوەش بۆ پرسی کورد لە وڵاتی ئێران دا رادەکێشین کە لە کورتخایەن و درێژخایەن دا دەتوانن ببنە فاکتەر و هۆکاری گرینگ بۆ چارەسەری کێشە و پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا.

**چوارەم**: بەرینترکردنی داواکانی نارەزایەتییەکان:

ئەزموونی خەبات دژ بە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان دەریخستووە کە هەتا بە کەمتر رازی بی، ئەو کەمترت پێ رەوا دەبینێ. جگە لەوەش تاکی کورد دەبێ ئەو راستییە بزانێ کە مافەکانی ئەو رەوان و هیچ کات نابێ چاوپۆشییان لێبکرێ. لە هەموو ئەوانەش گرینگتر ئەوەیە کە بەردەوام دووپاتبوونەوەی داوا و ویستی گەلی کورد بۆ وەدیهاتنی مافە رەواکانی خۆی لە لایەک کولتوورێکی دروست هەم لە نێوخۆی کوردستان و هەم لە دەرەوەی وڵات و لە لایەکی دیکەشەوە سووربوونی کورد بۆ وەدەستخستنی ئەو مافانە دەگەیەنێ.

**پێنجەم**: سووربوون لەسەر گەیشتن بە وڵام و داواکانمان:

تاکی نارازی کورد نابێ تەنیا بە مەبەستی نیشتنەوەی رق و بێزاری دژ بە کۆماری ئیسلامی بێتە سەر شەقام، پێویستە لەبیرمان بێ کە دەربڕینی نارەزایەتیی بۆ گەیشتنە بە مەبەست و داوایەک. کۆماری ئیسلامی دەریخستووە کە تەنانەت لەو جێیانەش کە نەیتوانیوە بەرامبەر بە نارەزایەتییەکان هیچ شتێک بکات و بەری نارەزایەتییەکانی بۆ نەگیراوە، کەچی هیچ کات گوێی لە داواکانیان نەگرتووە و زۆر جارانیش تەواو بە پێچەوانەی ئەو داوایانە هەڵسوکەوتی کردوە. تەنانەت خراپمان نەگوتووە کە جاری واهەبووە لە نارەزایەتییەکان کەڵکی وەرگرتووە بۆ ئەوەی بیکاتە ئەزموون بۆ شێوازی بەربەرەکانی بێبەزەییانەتر و سەرکوتی هەرچی زیاتریش. بۆیە سووربوون و بەردەوامی لەسەر نارەزایەتییەکان و لەبیر نەکردنی ئەم چەشنە نارەزایەتییانە لە مێژووی خەباتی هەر تاکێکی نارازی دا وا دەکات کە کۆماری ئیسلامی هیچکات دەرفەتی ئەوەی بۆ نەرەخسێ کە لە نێوان نارەزایەتییەکان دا دەرفەتی خۆ رێکخستنەوەی هەبێ و شێوازی هەرچی دژە مرۆڤانە و جینانەتکارانەی دژ بە نارەزایەتییەکان بگرێتە بەر.

**شەشەم**: کۆدەنگی هێزو لایەنە سیاسییەکان و دیاریکردنی کات و شوێنی هاوکات بۆ دەربڕینی نارەزایەتییەکان:

کۆمەڵگای کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی کە خەڵک لەودا بەسەر بیر و باوەڕی جۆراوجۆر و هێز و لایەنی جۆراوجۆردا دابەش بووە. ئەوە هەم دەکرێ باش و هەمیش دەکرێ خراپ بێ، بەڵام کۆدەنگی هێز و لایەنە سیاسییەکان بۆ کۆکردنەوەی هەموو دەنگەکان لە رۆژ و کاتێکی دیاریکراودا وا دەکات کە هەم یەکگرتوویی لە نێو کورددا دروست بکات و هەمیش کولتووری پێکەوە کارکردن و پێکەوەهەڵکردن لە نێو کۆمەڵگای کورددا زیاتر بکات کە هەرچەندی ئێمە بیرو بۆچوونمان سەبارەت بە بابەتەکان جیاواز بێ، لە کۆتاییدا ئێمە یەک چارەنووسمان هەیە و دەبێ هەوڵ بۆ گۆڕینی ئەو چارەنووسە بە باشترین شێوە بدەین. سەرەڕای ئەوانەش ئەو کۆدەنگییە وامان لێدەکات کە هەم بە کۆمەڵگای ئێران و هەم بە دنیای بسەلمێنین کە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە باری تێگەیشتنی سیاسییەوە پێگەیشتووە و دەتوانێ ئەزموونێکی باش و سەرکەوتووی کۆمەڵگایەکی دیمۆکرات بێ. ئەوە سەرباری ئەوەی کە ئەو کۆدەنگییانە هەم فشارەکان کەمتر دەکاتەوە و هەمیش زۆر هاسانتر دووژمن بەچۆکدا دێنێ.

# مەرگی کچە کوردێک، دنیای لە ئێران هێنایە دەنگ



ئازادکەریمی

کەمتر لە دوو هەفتە پێش ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وێنەی کچێکی مەهابادی بە ناوی فەریناز خۆسرەوانی بڵاوکرایەوەو ئەم هەواڵەش لەگەڵیدا هاوپێچکرابوو: فەریناز خۆسرەوانی کارمەندی هوتێل تارا لە مەهاباد لە نهۆمی چوارەمی هۆتێلەکە کەوتوەتە خـــوارەوەو گیانی لـە دەســت داوە، هەروەها «نادرمەولودی» بەڕێوەبەری ئـەم هۆتێلەش دەسـتی لـە کـوژرانی ئـەم کـچـەدا هـەیـەو ویسـتویـەتی بۆ وەرگرتنی « بڕوانامەی پێنج ئەستێرە» بۆ هۆتێلەکەی، بڕیاری داوە فەریناز بـە مـەبـەسـتی چـەوسـانـدنـەوە( سوء استفادە)ی سێکسی بدا بە بەرپرسێکی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئێران کە تورکێکی خەڵکی تـەورێـزە، بـەڵام فەریناز ملی بەم سووکایەتییە نەداوە و بە ناچاری خـۆی فـڕەداوەتـەخـوارەوەو گیانی لە دەستداوە.

بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە لە نێو تـۆڕە کۆمەڵایەتیەکان‌دا کـاردانـەوەی تـونـدی لـیّکـەوتـەوەو دەسـتـبـەجـیّ شەپۆلی نارەزایەتی خەڵکانێکی زۆر بەدوای خۆی‌دا هێنا. هۆکاری سەرەکی ئـەم دەنـگـدانـەوە بـەرچـاوە بێجگە لە مردنی ئەو کچە کوردە بە شێوازێکی نـاشـیـریـن(خـۆکـوشـتن یـا کـوشـتـن)، دەرکـەوتـنـی کەسێکی غەیرە کوردی سـەربـە دەزگـای هـەواڵگـری ئێرانی واتە « ادارەی اطلاعات» لە ڕووداوی مەرگی فەریناز خۆسرەوانی بوو.

بەهەرحاڵ دوای ئەوەی خەڵکێکی زۆر بە شێوازی خۆڕسک و بیّ ئەوەی لە لایـەن کەس یان لایەنێکەوە پلان‌و نەخشەی بۆ داڕێـژەرابـیّ کاتیان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی‌و سەرکۆنەکردنی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە دیاری کردو قسـەی خـۆیـان بـردەسـەرو بـڕیـاری کۆبوونەوەی نارەزایەتی دەربڕینیان بە کردوە ئەنجامدا. هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم ڕژانە بەردەرکی «هۆتێل تارا»و هـەمـوو دەوروبـــەری شـوێـنـەکـایـان کۆنترۆڵ کرد و کاردانەوەی توندیان لە بەرانبەر تووڕە بوونی خەڵک نواند. دیارە هەتا ئەو کاتە لیدوانێک لە لایەن هـیـچ کـاربـەدەسـتـێـکی ئـێـرانـیـەوە بە ڕەسمی‌و غەیرەڕەسمی سەبارەت بەم بابەتە بڵاو نەکرایەوە وەک ئەوەی هیچ شتێک لە گۆڕێدا نیە.

کاتیّ هێزە ئەمنیەتییەکان تەقەیان لە خەڵک کردو وێنەی برینداربوونی چەند کەس بە خێرایی لە فەیسبووک‌و پێگە ئنتێرنێتیەکان بـڵاو بـوونـەوە، شاڵاوێکی توندی تووڕەیی بەرپابوو و باسی ئـەوە هاتە گۆڕیّ شارەکانی دیکە بۆ دەربڕینی هەستی هاوخەمی بۆ کـوژرانـی فـەریناز‌و بریندارەکانی بـەردەم هۆتێل تارا دێنە سەر شەقام، دەنـگـۆی ئـەوە بـڵاو کـرایـەوە گۆایە نووسینگەی سـەرۆک کۆماری ئێران بڕیاری داوە بەرنگاری خۆپیشاندەران نـەبـنـەوەو هێزە ئەمنییەکان تەقە لە خەڵک نەکەن‌و دواتر ئەوەش باس‌کرا ئـەو هەواڵە ڕاسـت نیەو نووسینگەی حەسەن ڕووحانی ئەو بابەتەی بڵاو نەکردوەتەوە.


کوژرانی ئەو کچە گەنجە مەهابادیە لـە مـاوەیـەکـی زۆرکـەمـدا ڕووی نیگای هەموو جیهانی بـەرەو ئێران‌و ڕۆژهـەڵاتـی کوردستان کـردەوە. ئەو چـاوەی کـە مـاوەیـەک بـوو دەگـوتـرا هیچ دیمەنێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نـابینیّ. دیـسـانـەوە دۆزی کـورد لە ڕۆژهـەڵاتـی کـوردسـتـان کـەوتـەوە ئەجێندادی سیاسی جیهان... کۆماری ئیسلامی هەرچەندە» شۆک» بوو بەڵام بە گوێرەی ئەزموونی درێژخایەنی لە سەرکوتکاری بەتایبەت دژ بە کورد لە ئەوپەڕی دڵـەڕاوکیّ‌و تـرس‌دا هێزێکی یـەکـجـار زۆری هـەنـاردەی سنەو مەهابادو شارەکانی دیکەی کوردستان کردو هەروەها بۆ وێنە بەرنامەیەکی چەواشـەکـارانـەی بە پـەلـەی بە ناوی «ڕێزگرتن لە کوژراوانی کوردی سەر بە ڕژیم» کە لە فەرهەنگی جەماوەری‌و نوسراوەیی هەموو نەتەوەی کورددا بە «جاش» دەناسرێن ڕێکخست‌و ئەم کارنـاواڵـە پێکەنیناویە وەرزشـی‌یـەی سازکردو ڕایگەیاند خەڵکی سەقز بە یادی «جاشە» کوژراوەکانەوە دەچن بۆ ڕێپێوان و شاخەوانی! هەرچەندە لە سەردەشت‌و سنە و مەریوان خەڵک لـە گـەڵ هێزە ئەمنیەتییەکان کەوتنە بـەربـەرەکـانیّ‌یـەوە بـەڵام بـارودۆخـی کوردستان بە دژواری لە لایەن هێزە سەرکوتکەرە تایبەتییەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە کۆنترۆڵ کرا... سەرەڕای ئەم ڕووداوانە، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کـوردسـتـان بـە بـڵاوکـردنـەوەی « بەیاننامە» یەکی ڕەسمی پشتگیری لە ڕاپەڕینەکەی مەهاباد کردو ڕووداوی مەرگەساتی خەمباری کوژرانی فەریناز خۆسرەوانی‌یان سەرکۆنە کردو داوای لـە خەڵکی ڕۆژهـەڵاتـی کـوردسـتـان‌و هـەمـوو نـەتـەوەی کـورد لـە سیّ بە شەکەی دیکەی «کوردستانی گەورە» کـورد پشتگیری خەڵکی ڕۆژهـەڵاتی کوردستان‌و ڕاپەڕینەکەی مەهاباد بکەن. دەرئەنجامی ئەم هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتی کـوردسـتـان، ژمـارەیـەکـی زۆر حیزب‌و پارتە سیاسییەکانی هەر چـوار پـارچـەی کـوردسـتـان سـەردانی بارگای حیزبی دێموکڕاتی کورستانیان کردو یەکریزی‌و یەک هەڵوێستی گەلی کوردیان لە چوار پارچەی کوردستان سەبارەت بە ڕووداوەکـەی مەهابادو مەرگی گوماناوی کیژێکی مەهابادی ڕاگەیاندو داوایان لە کۆماری ئیسلامی کرد هەرچی زووترە وردەکارییەکانی ئەم مەرگە ساتەو هـەروهـا سزادانی ئـەو هێزانەی کە تەقەیان لـە خەڵکی بەردەرکی هۆتێل تارا کردوە بە کردەوە نیشان بدەن. هەروەها پشتگیری خۆیان لە خۆپیشاندرانی مـەهـابـادو هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند... لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراوی «لێبوردەیی نێونـەتـەوەیی» لـە ڕاگـەیـانـدراوێـک‌دا داوای لـە دەسـەڵاتـدارانـی کـۆمـاری ئـیسـلامـی ئـێـران کـرد ڕێـز لـە مافی خۆپیشاندەران‌و نارەزایەتی دربڕینی ئاشتیخوازانە بگرن‌و ئـەوەش دەڵـیّ: ئێمە بە بەڵگەنامەوە دەیسەلمێنین ئێران مێژوویەکی درێژی لەسەرکوتکردنی خۆپیشاندەران هەیە، بۆیە پێویستە کۆماری ئیسلامی ئێران لە جیاتی بە کارهێنانی هێز، لیژنەیەکی بیّ لایەن بۆ لیکۆلینەوە لە رووداوەی کوژرانی فەریناز خوسرەوانی پێک بهینیّ.



هـاوکـات لـەگـەڵ ئـــەوەش‌دا ڕای جیهانی هاتە دەنگ‌و بە گشتی کەشێکی پڕ لـە زەخـت‌و گـوشـار بـۆ کـۆمـاری ئیسلامی هاتە ئاراوە. دەزگا ڕاگەیاندنە گشتییەکان لە چوار گۆشەی جیهانەوە بەشێوازێکی بیّ‌وێنە بە دواداچوونیان بۆ ڕووداوەکـانـی مەهابادو شرۆڤەی بـارودۆخـی ڕۆژهـەڵاتـی کوردسـتـان دەکـرد. بۆ نموونە کاناڵە هـەرە بەناو بانگەکانی «الـجـزیـرە»، «المسقبل»، سکای نیوز، بی بی سی، کاناڵ ٢ی ئیسرائیل‌و میدیاکانی تورکیاو سعودی‌و وڵاتانی دیکەی عەڕەبی‌و چەند کاناڵی تـەلـەڤـزیـۆنـی هـەرێـمـی بـاشـووری کوردستان شرۆڤەی کـەش‌و هـەوای ئـاڵـۆزاوی ڕۆژهـەڵاتـی کوردستانیان دەکرد.

بـەهـەرحـاڵ هـەرچـەنـدە هـەنـدیّ ڕۆژنـامــەو بـــڵاوکـراوەی کـۆمـاری ئیسلامی ئێران بابەتی «هۆتێل تارا»یان کرد بە مانشێتی خۆیان، بەڵام هۆتێل تـاراو سـوتـانـدنـی، لـە چـاو گـەورەیـی کـارەسـاتـی کـوژرانـی کـارمـەنـدەکـەی خـۆی واتـە فـەریـنـاز خـوسـرەوانـی و بریندار بوونی چەند گەنجی دیکەی خۆ پیشاندەر هیچ نەبوە، هەروەها لە قاودانەوەی ئەم روداوانە لە لایەن گەلی کوردوە، سەرنجی ڕای جیهانی، بەرەو بابەتی هەستیاری نێونەتەوەیی دۆزی کورد لە پارچەیەکی زۆر گرینگ بۆ گەلی کوردو بۆ هەموو جیهان ڕاکێشا... ئـــەوەش «دۆسـیــەی ڕۆژهــەڵاتـی کوردسـتـان»ە کە هـەمـوو کـات وەک «پـاشـنـەی آشـیـل»ی ئـێـران وایـەو ئـەزمـوون نیشانـدەری ئـەو ڕاستیەیە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوەیەو بەکراوەیی دەمێنێتەوە...

# ڕقی پیرۆزی مەهاباد، لە میدیا جیهانیەکاندا



ئاگری باڵەکی

جاناتان ڕەنداڵ لە کتێبی قاسملووی کوردان دا دەڵیّ: «مهابادێک سیمبولی ناسیۆنالیزمی کـوردی لە سـەدەی بیستەمدایە» ئەمە وتەی نوسەرێکی ئەمریکاییە کە ئاوا باس لە مەهاباد دەکـات. ئەگەر باس لە ناسیۆنالیزمی کوردی دێتە پێش یەکەم جار ناوی مەهاباد دێت، کاتێک کە باسی سەرکردە ناسیۆنالیستەکان دەکریّ شاری مەهاباد پشکی شێری بەردەکەویّ، کاتێک باس لە بەرخۆدان و ڕقی پیرۆز دەکریّ دوبارە شاری مەهاباد دەبێتە ناوەندی ئەو ڕاسان و ڕاپەرینانە، بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو زۆربەی هەرە زۆری شۆرش و جووڵانەوەی کورد کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری‌هەڵداوە بەشی زۆریان لە ناوچەی مەهاباد بوون، لە جووڵانەوەی مەلا خەلیل ڕابگرە تا دەگاتە ژێکاف و کۆماری کوردستان، ئەمانە نموونەی خەروارێک لە خەبات تێکۆشانی ئەو شارەن. کەباس لە پێشمەرگە و شەهیدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکریّ مەهاباد پشکی شێری بەردەکەویّ بە هەزاران شەهید و بە هەزاران پێشمەرگەی ناوچەی مەهاباد لە ریزی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی و بگرە بەشەکانی دیکەش دا بوونیان هەیە، ئەو ئامارانە بۆ شارێکی نەچەندان گەورە لە حەشیمەت دا بەڵام گەورە لە بەخشەندەیدا بەردەوام ناوەندی سەرنجی میدیایەکانی دروەوە بووە.

ڕۆژی ١٣ی بانـەمـەڕ، کـات ٤ی ئێـوار شوێن شـاری مـەهـابـاد «هـوتێل تـارا»، گیان لـەدەسـت دانـی «فەریناز خوسرەروانی» لەروداوێکی دڵتەزین دا ، خەڵکی مەهاباد ڕۆژی دواتر دەستی تاوان بۆ کاربەدەستێکی حکوومەتی و خاوەنی هوتێل ڕادەکێشن.

ڕۆژی ١٥ی بانەمەڕ خەڵکی خوێن گەرمی مەهاباد دوو ڕۆژ دوای ئەم تاوانە کە دەبینن خەریکە مەرگی کچێکی کورد پەردەپۆش دەکرێت، بریار دەدەن کە نارەزایەتی خۆیان بە گوێی حکوومەت بگەیەنن.

ڕۆژی ١٧ی بانەمەڕ، خەڵکی شاری مەهاباد دەرژێنە سەر شەقام بە نیشانەی نارەزایەتی دەچنە بەردەم هوتێل تارا، خۆپێشاندانێک کەدەتوانی پێناسەی بکەین بەوەی کە مەهابادییەکان بۆ پاریزگاریی لە کەرامەتی ژن ڕاپەرین.

بەداخەوە هـەروەک چـاوەروان دەکـرا، نارەزایەتی خەڵکی مـەهـابـاد بۆ ئـەنـجـام دانـی عـەدالـەت بـە چـەک و توندوتیژی وەڵامدارایەوە. ڕاسانی ئەوجارەی خەڵکی مەهاباد لەدوای ماوەیەکی زۆر کپ و بیّ دەنگی گۆمی ئارامی ئەو ناوچەیەی شڵەقاند، کە ماوەی چەندین ساڵە باڵی بەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا کێشاوە، ئەو بیّ دەنگیە بەشێوەیەک بوو کە زۆر لە سیاسییەکوردەکانی پارچەکانی دیکە بە ئاشکرا دەیانگوت کە شـۆرش لـە ڕۆژهـەڵاتـی کوردستان بوونی نەماوە، بەڵام ڕقی پیرۆزی مەهابادییەکان وەڵامێک بوو بۆ هەموو ئەو کەسانە کە پێیان وایە بەرخۆدان و خۆراگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونی نیە.

بـەڵام گرینگی نارەزایەتی مەهابادییەکان کاتێک دیار کەوت کە چەند کاتژمێرێک داوی سەرهەڵدانەکە بە دەیان کاناڵی ڕاگەیاندنی جیهانی هـەواڵـی ئـەو نارەزایەتیەیان

**ڕاسانی ئەوجارەی خەڵکی مەهاباد لەدوای ماوەیەکی زۆر کپ و بیّ دەنگی گۆمی ئارامی ئەو ناوچەیەی شڵەقاند، کە ماوەی چەندین ساڵە باڵی بەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا کێشاوە، ئەو بیّ دەنگیە بەشێوەیەک بوو کە زۆر لە سیاسییەکوردەکانی پارچەکانی دیکە بە ئاشکرا دەیانگوت کە شۆرش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونی نەماوە**

بـڵاوکـردەوە، چەندین کەناڵی ڕاگـەیـانـدنـی ئـەورووپـایـی و ناوچەکە سەدرێری هەواڵەکانیان لە سووریە و یەمەنەوە کـردە ڕۆژهـەڵاتـی کوردستان و شـاری مەهاباد. کەناڵی (الجزیرە) یەکێک لە گەورەترین کەناڵەکانی جیهان لە هەردوو کەناڵی خۆیەوە (عەرەبی و ئینگلیزی) ئاوا باسی ڕاسانی مەهاباد دەکات: «نارەزایەتییەکانی کوردەکان لە ئیران بەهێز وەڵامـدراوە». ئەلجەزیرە لە چەند گەشتی هەواڵی داو لە راپۆرتێکی دوردێژدا باسی نارەزایەتی کوردەکان دەکات دژ بەحکوومەتی ئێران و شاری مەهاباد بە ناوەندێکی گەورەی شۆرش لە کوردستانی ئیران پێناسە دەکات.

کەناڵی (الجزیرە) لە وتوێژێک لەگەڵ بەرێز خالیدی عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان گرینگیەکی تایبەتی دا بەو ڕووداوانە، کاک خالید لەو دیمانەیەدا گوتی: بۆ ئێران ئاسان نییە هەیمەنەی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنیّ.

کـەنـاڵـی CNNبـەشـی عـەرەبـی لـە چـەند راپـۆرتـی جۆراوجۆردا بەم شێوەیە باسی لە ڕووداوەکانی مەهاباد کرد: خۆکوژی کچێکی کورد فریناز خوسرەوانی «بوعزیزی مەهاباد»، CNN فرینازی بە محەمەد بوعزیزی تونسی بەراورد و دەڵیّ ئەگەر لە تونس لەسەر خۆسوتاندنی لاوێک بـەهـاری عـەرەبـی دەسـتی پێکرد، ئێستا لە ئێران کچێکی کـورد بە نـاوی فریناز خوسـرەوانی بۆ دیفاع لـەوەی کە کاربەدەستێکی حکوومەت دەستدرێژی نەکاتە سەری خۆی دەکوژێ (٢).

لەراپۆرتێکی دیکەی کەناڵی CNN لەسەر ڕووداوەکانی مەهاباد ، دەڵیّ: «ڕووداوەکانی مەهاباد برینی کوردەکانی ئێرانیان نویّ کردوە». لە راپۆرتەکەدا باس لە پێشینەیەکی مێژووی دەکات کە کوردەکان چۆن بوونە قوربانی دەستی حکوومەتی مەرکەزی، کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوا وەک نموونە دێنێتەوە و دەڵیّ ڕووداوەکانی مەهاباد برینی کوردەکانیان سەر لەنویّ تازە کردوە.

کەناڵی سکاڵی نیوز ( SKY NEWS) بریتانیایی لە چەندین راپۆرتی وێنەیی و ڤیدیۆیی دا گرینگیەکی تایبەتی دا بە خۆپێشاندانی مەهابادییەکان، لەو پەیوەندیەدا لە یەکێک لەراپۆرتەکانی دا ئیشارەی بەوە کرد کە ٣٠٠ کەس لە خەڵکی مەهاباد بەدەست هێزە ئەمنیەتییەکانەوە گیراون. ئەو کەنالە لەگەڵ ئەوەی باسی کرد کە کوردەکان کەمە نەتەوەن لە ئێراندا بـەڵام تا ئیستا هەر وەک هاووڵاتی پلەدوو سەیر دەکرێن و داواکاری کوردەکان لەلایەن حکومەتی تارانەوە بە گیران و ئیعدام وەڵامدراوەتەوە.

هەرەها لە راپۆرتێکی دیکە دا کەناڵی سکاڵی نیوز (SKY NEWS) هەولیّ داوەکە ڕووداوە مێژووییەکان بەیەکەوە گریّ بداتەوە، ئەو دەنووسیّ ئەو شارەی کە یەکەم سەرۆک کۆماری کوردی لیّ لە سێدارە درا ئەورۆ دوای ٧٠ ساڵ لەهەمان شار خەڵک دژی دەسەڵات دووبارە ڕاپەریونەوە.

ڕۆژنـامـەی Aftenposten سوێدیی لە راپۆرتێکی ڕۆژنامەیی و ڤیدیۆیی دا تیشکی خستە سەر ڕاسانی خەڵکی مەهاباد و شاری مەهاباد وەک پایتەختی کوردستان دەست نیشان دەکات و دەڵیّ کچێکی کورد بۆ پاراستنی ژیانی خۆی لە ترسی دەستریژی کاربەدەستێکی حکوومەتی خۆی لە تەبەقەی ٤ی هوتێل تارا را دەخاتە خوارەوە.

دەنگدانەوەی ئـەو ڕووداوانــەی مەهاباد بە جۆرێک بوو کە ڕۆژنامەکانی تاران نەیانتوانی ئەو کارەساتە وەک کارەساتەکانی تر پەردەپۆش بکەن و بەشی زۆیان ڕۆژی ١٨ی بانەمەڕ لە لاپەرەی یەکەمەکانیان دا ئیشارەیان کردبوو بە ڕاسانی خەڵکی مەهاباد.

لە ماڵپەرە کۆمەڵایەتیەکانی وەک فەیسبووک و تویتێر کە ماتۆری وەرێخستنی ئەو نارەزایەتیانە بوو، بەدەیان هەزار پۆست بە دەیان زمانی جیاواز لەسەر ڕووداوەکانی مەهاباد بڵاوبۆوە، گرینگی ئەو کارە لە حالێکدا دیار دەکەویّ کە سەفیری هولەند لە تاران یوس دوما (JOS DOMA) لە تویتێری خۆی کاردانەوەی هەبوو بەرامبەر بەو ڕووداوە و گیان لەدەست دانی فەریناز.

فشارەی میدیا جیهانییەکان لەسەر ڕاسانی مەهاباد بە شێوەیەک بوو کە کۆماری ئیسلامی دژکـردەوەی نیشاند بـدات و هێزێکی زۆر ڕەوانـەی کوردستان بکات و هەر ئەمەش وایکرد کە Amensty internatinal لەبەیانامەیە دا داوای لە حکوومەتی ئێران کرد کە نابیّ هێز بەکار بهێنێت دژی خۆپێشاندەران .

ئـەوانـە چـەند نـموونـەیـەک بـوون لـە سەرنجی میدیا جیهانییەکان بە ڕووداوەکـەی مەهاباد. بە پیّ ئامارەکانی ماڵپەری گوگل Google تەنها لە ماوەی ٣ ڕۆژدا زیاتر لە ٣٥٠٠ جار ناوی مەهاباد لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی دا نوسراوە و بڵاوکراوەتەوە.

کوردکـانـاڵ وەک تاکە کەناڵی کـوردی ڕۆژهــەڵات و تلویزیۆنی ڕووداو وەک کەناڵی باشووری کوردستان ئەو ڕووداوانـەیـان ڕاستەوخۆ بڵاودەکردەو بەشی زۆری ئەو هەواڵانەی کە لەکورد کاناڵ و ڕووداو دا دا بڵاو دەبوونەوە، لەلایەن کەناڵە خاریجیەکانەوە وەردەگێراوە سەر زمانەکانی دیکەی جیهان و بۆ خوێنەرانی خۆیان بڵاو دەکردەنەوە.

هەرلێرەدا پێوێستە بگوترێ کە جێگای کەناڵی ڕاگەیاندن بەزمانی ئینگلیزی لە نێو ئێمەی کوردا خاڵیە، بوونی وەها کەناڵێکی ڕاگەیاندن بە زمانی ئینگلیزی دەبێتە هۆی ئەوەی کە جیهان بە شێوەیەکی تر لە کوردەکان بڕوانێت.

ڕووداوی مەهاباد هەرچیەک بوو ئـاوا بـەو ئاسانیە دامرکاندانەوەی لەلایەن حکوومەتی تارانەوە ئاسان نیە. هەربۆیە پێویستە کە ئەو هەواڵانە بە میدیایی بکردرێت.

**سەرچاوە:سەرچاوە:**

- http://www.aljazeera.com/news/2015/05/150507171113919.html
- http://arabic.cnn.com/world/2015/05/10/iran-kurds-ptotests
- http://arabic.cnn.com/world/2015/05/11/mahabad-iran-kurds
- http://www.skynewsarabia.com/web/article/
- http://www.skynewsarabia.com/web/video/744599
- http://www.aftonbladet.se/nyheter/article20757810.ab
- Twiter, Facebook
- Www.kurdistnukurd.com

تەمەرچیان

# گەلۆ تورکیە، کێشەی کوردی نییە؟

چەند ڕۆژ بەر لە نەورۆزی ئەو ساڵ، ڕەجەب تەیپ ئەردۆغان، چەند لێدوانی لە ڕاستای حاشا کردن لە کێشەی کورد، دان. ناوبراو گوتی:» لە تورکیە کێشەی کورد نییە. ئێمە (تورکەکان) چمان هەیە کە کورد نەیبێ؟» هەروەها :» لە تورکیە ٣٦ نەتەوەی جیا دەژین، هەموومان کێشەی تایبەت بە خۆمان هەیە و کەس بێ کیشە نییە». ئەو قسانە، لە گەڵ بەرپەرچی سێ بەرە بەرەوڕوو بۆوە. تەیفی یەکەم؛ چەند نووسەری تورک بوون، ئەو نووسەرانە کوتیان مادام کێشەی کورد نییە، ئەدی بۆچی پرۆسەی ئانکارا- ئیمڕاڵی لە گۆڕێ دایە؟ ئەدی بۆچی سرری سۆریان ئۆندەر- پارلمانتێری چەپی هەدەپە- دەنێری بۆ ئیمرالی؟ دووهەم و سێهەم، سیاسی کاران و بەرپرسانی پارتی دێموکراتی گەلان (هەدەپە) و چەند نووسەری تورکی‌نووسی کورد بوون. وەڵامی ئەو دوو بەرە وێرای ڕاوەستان لە سەر وەڵامی ئەو چەند نووسەرە تورکە، ئەگەرچی خۆیان لە وەڵامێکی جێی ڕەزامەندی بوارد بەڵام دژکردوەیەکی توندتریان پێ دایەوە.

ئەردۆغان، ساڵی ٢٠٠٥ لە دیاربەکر، ڕوو بە بیروڕای گشتی وڵاتەکەی و کوردەکان، پێی لە جەرگی خۆی ناو گوتی:» کێشەی کورد هەیە و تەنانەت ئەو کێشەیە، کێشەی منیشە». لە ٢٠٠٧ەوە هەمان ئەردۆغان، جار نا جارێک ئەو قەرزە لە کورد دەستێنێتەوە و بە تێپەڕینی کات، نوکی هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر خەباتی سیاسی و کێشەی لە مێژینەی کورد، تیژتر کردوە. لە کاتێکدا، کورد لە هەڵبژاردنی پارلمانی ٢٢ی تەموزی ئەو ساڵەدا، ٢٠ نوینەری بردبۆوە، دەبا ڕوانگەی دەسەڵاتداری تورکیە بەرامبەر بە کورد جێگای هومێد و دەستخۆشی زیاتر با.

ژانویەی ٢٠١٢، ناوبراو لە کۆبوونەوەی پارتەکەی، سەبارەت بە کۆمەڵکوژی کورد لە ١٩٣٨-١٩٣٦دا، داوای لێبوردنی لە کورد کرد، داوای لێبوردنێک کە جیا لە بەدیزە بەدەرخۆنە و لە کوڵ خۆ کردنەوە و شاردنەوەی قووڵایی کۆمەڵ کوژییەکە شتێکی دیکە نەبوو، بەڵکوو لە پاڵ ئەوەدا هێرشی کردە سەر کورد و دەسکەوت و خەباتی سیاسی ئەوانی بە پاشکۆی ترۆر و نامەشروع، قەبڵاند.

نموونە لە سەر ئەوەی ئەردۆغان و سیستمی تورکیە، تۆمەتی ترۆر، بە کورد و کێشە لە مێژینەکەی دەدەن و تاوانی نارەوا و قێزەوەن دەخەنە پاڵ کورد زۆرن، بەڵام بۆوەی لە باسەکەمان دوور نەکەوینەوە، دێینە سەر کاکڵی باسەکەمان.

ئەردۆغان، کاتێک دەڵێ لە تورکیە ٣٦ نەتەوەی جیا هەن و هەموو کێشەی تایبەت بە خۆیان هەیە، دەیهەوێ ئەو مەبەستە بوەشێنێتە کورد، کورد، نابێ بیر لە دەوڵەتی سەربەخۆ بکەنەوە و هەر لە جێدا ئەو مافەتان نییە، جیا لەوە، هەر کاتێک ئەرنەوات و بۆشناک و هتد... داوای دەوڵەت و کیانی سەربەخۆیان کرد، با کوردەکانیش ئەو مافە داوا بکەن. هەرگیز لە نووسەرە کوردەکان، سیاسییەکانی ئەو بەشەی وڵاتەکەمانم نە دیت بڵێن، با کورد لەوێ ڕاوەستێ چما جیا لە لاسەکان، چەرکەزەکان، عەرەبەکان – کە ئەوانیش لێک دابڕ دابڕ کراون- سیستمی نوێی سەد ساڵەی تورکیە، هێشتوویەتی ٣٢ نەتەوەکەی دیکە ئاسەوارێک لە کەلتوور و ڕەسەنایەتیان، بمێنێتەوە؟ ئەوان قەت نەهاتن بڵێن، کێشەی نەتەوایەتی کورد لە گەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی دیکە کە چەند ساڵ لەوەپێش لە باڵکان، یۆنان، قوبرس، بولغارستان... پەڕیوەی تورکیە بوون و تواونەتەوە، ئاسمان و ڕیسمان جیاوازی هەیە، قەت نەیان کوت کێشەی کورد لە باکوور بەشێکە لە کێشەی نەتەوەیەکی ٤٥ میلیۆنی و، بەشێکی دانەبڕاو لە کێشەی نیشتمانی کورد لە هەموو بەشەکانی دیکەی دایە. کێشەی کورد لە بەرچاوی ئەردۆغان، ئەورۆ بەوە لێک دەدرێتەوە کە دەوڵەت ئابلۆقەی سەر گڕاوی ئیمڕاڵی هەڵگرتووە، تەلویزیۆنێکی بە ١٢ کاناڵ بۆ بەڕێز ئۆجەلان دابین کردوە و بایکۆتی سەر کتێبەکانی بەڕێزی هەڵگرتووە ، بەوە لێک دەدرێتەوە کە مادام مەترسی کۆدەتا لە سەر تورکیە ڕەوەویتەوە و «کەنان ئەڤرن»ەکان بە مێژوو سپێردراون، کێشەی کورد تەواوە بووە. لایەنی کەمایەسی کوردیش لە باکوور ئەوەیە کە گۆیا چەمکی دەوڵەت –نەتەوە، لە گەڵ ڕاستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەک ناگریتەوە. لە ڕاستی دا، پەرەدان بە دژایەتی ئەو چەمکە لە لایەن سیاسییەکانی کورد کە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان داڕێژەریتی، دەستی ئەردۆغان و سیستمی تورکیەی ئاوەڵا هێشتۆوەوە کە بە وەخت و ناوەخت پەلاماری دەسکەوتەکانی کورد و پیرۆزییەکانی بدەن.

ڕاست بە پێچەوانەی پێناخۆش بوون و مەیلی ئەردۆغان، ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر کێشەی کورد هەیە و لە هەموو کاتێک قووڵترە. کێشەی کورد، لە باشووری کوردستان گەیشتۆتە چڵە پۆپەی خۆی و لە سەر مێزی زلهێزانی نێودەوڵەتی دایە و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی ئەو بەشەی کوردستان لە زۆر وڵات وەک سەرۆک دەوڵەتی کوردی پێشوازی لێ دەکرێ. زۆر دەوڵەتی گرینگی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش کۆنسولیان لە کوردستان کردۆتەوە. هەر ئەو ئەردۆغانەش، وەک ناوەندەی دەسەڵاتی سیاسی کورد، سەری لە هەولێر داوە. ئیدی لەوەش گەڕێن، لێدوانەکانی ناوبراو لە سەر کوردستانی باشوور کە چەند ساڵ لەوەپێش دەیکردن و بزووتنەوەی کوردی بە یاغی بوونی چەند سەرۆک عەشیرەت، دادەنا، چوونە زبڵدانی مێژوو.

> **پاشقول دانی ڕاستتیەکان و حاشاکردن لە کێشەی ڕەواوی کورد، هیچ خزمەتێک بە دەوڵەتی تورکیە ناکات، واباشە ئەو دەوڵەتە و سەرۆککۆمارەکەی بە پێچەوانەی خوڕێن مەلە نەکەن و، خۆڵ دەچاوی بیروڕای گشتی وڵاتەکەیان نەکەن**

هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کێشەی کورد نییە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خاوەن مێژوویەکی پڕشنگدار و زێڕین لە خەبات بە دژی هەر دووک دەوڵەتی پاشایەتی و ئیسلامی دایە. خاوەن چەندین پارتی پێشکەوتووی سیاسی و بە بڕشتی نەتەوایەتییە و، ڕووداو و کارەساتی بچووک، دژ کردەوەی جەماوەری بە دووی خۆیدا دەهێنێ و بە هۆیەوە کێشە سیاسی و نەوەتەوەییەکەی هاتۆتەوە بەرچاوی بیروڕای گشتی نێودەوڵەتی. کارەساتی مەرگی گوماناوی فەریناز خوسرەوانی لە شاری مەهاباد لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ئەو ڕاستییەی سەلماند.

لە ڕۆژئاوای کوردستانیش، کێشەی کورد هەرگیز بە چەشنی ئێستا زەق نەبۆتەوە. هێرشی ڕێکخراوی ترۆریستی داعش بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەت بۆ سەر کۆبانی چونکە پشتیوانی و هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هاوسۆزی نەتەوەیی کوردی لە پشت بوو داعش تێکشکێندرا و پشتیوانی دەستە ئاشکرا و نەهێنییەکانی ئەو دەوڵەتانەش بۆ ئەو ڕێکخراوە دەیان نواند، بۆ دونیا ڕوون بۆوەوە. ڕاستە، ڕۆژئاوای کوردستان بەو جۆرە کورد دەیهەوێ بەرەوپێش نەچووە، ڕاستییەک کە پێوەندەی بە ناوماڵی خودی کوردەوە هەیە و بەو ڕاستییەش لە ڕەوا بوون، قووڵایی و ناسرانی ناسنامەکەی، ناشۆردرێتەوە.

خۆ کێشەی کورد لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، درێژ کراوەی کێشە نەتەوەییەکەی لە باکوور و ڕۆژهەڵات نەبا و، دەسکەوتەکەیان، بە دەسکەوتی خوشک و براکانیان لە ڕۆژهەڵات و باکوور هەژمار نەکرابا، لە نێو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی دا، لە هاوکێشە سیاسی، ئابووری و ئەمنیتییەکانی ناوچە دا جێی نەبباوە، ڕەنگ بێ بۆ ئەردۆغان بە ئاسانی بوو بڵێ کێشەی کورد لە تورکیە نییە و قورسایی ئەوان هەر ئەوەندەیە کە ئەرنەوات و بوشناکەکان هەیانە. کەوابوو، کێشەی کورد لە باکوور، جیا لەوەی بۆ تورکیە سەر ئێشەیە و شیاوی ئاوڕ لێ دانەوە و لەبەرچاو گرتنە، بەڵکوو لە تەواوەتی خۆیدا پانتایی ناوچەیی و جیهانیشی هەیە و بۆتە فاکتۆرێکی گرینگی ناوچەیی، بۆیە هیچ کام لە دەوڵەتانی داگیرکەر چ ئانکارا، چ لە تاران و دەمشق، ناتوانن حاشای لێ بکەن.

پاشقول دانی ڕاستتیەکان و حاشاکردن لە کێشەی ڕەواوی کورد، هیچ خزمەتێک بە دەوڵەتی تورکیە ناکات، واباشە ئەو دەوڵەتە و سەرۆککۆمارەکەی بە پێچەوانەی خوڕێن مەلە نەکەن و، خۆڵ دەچاوی بیروڕای گشتی وڵاتەکەیان نەکەن. ڕەنگە چاوەڕوانیمان لە نووسەرانی تورک لە مەڕ کێشەی نەتەوایەتی کورد، چاوەڕوانییەکی ژیرانە نەبێ، بەڵام خۆبواردنی نووسەران و شۆڕشگێڕە سیاسییەکانی باکووری کوردستان لەو بارەوە پاساو هەڵناگرێ.

# پرۆسەی ناتەواوی نەتەوەسازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست



ڕێبوار مەعروفزادە

دەوڵەت-نەتەوە لە پاش دارمانی ئیمپراتوورییەکان بۆتە بەرچاوترین فۆرمی سیستمی سیاسی لە جیهان. دەوڵەتەکان لە سەدەی هەژدە بەملاوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژی و دامەزراوەی نوێ وەک زانکۆکان هەوڵیان داوە خەڵکی خۆیان لە چوارچێوەی خاکێکی دیاریکراو هاورەنگ بکەن و لە خەڵکانی دیکە جیایان بکەنەوە. دەوڵەتەکان بۆ نەتەوەسازی جگە لە تەکنۆلۆژی و دامەزراوەی نوێ، هێندێک تایبەتمەندیی مێژووییشیان سەر لە نوێ زیندوو کردەوە. بۆ نموونە دەوڵەتەکان زۆربەی کات تێکۆشان کە زمانی گرووپێکی کەمینە یا زۆرینەیە بکەن بە زمانی هەموو نەتەوەکە. بەڵام پرۆسەی نەتەوەسازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناسەرکەوتوو بوو، چونکە قۆناخی تێپەڕین لە سیستمی ئیمپراتووری بەرەو سیستمی دەوڵەت-نەتەوە ناسەرکەوتوو بوو بەو واتایە کە ناتەبایی و نەگونجانێک لە نێوان سنوورەکان و شۆناسی خەڵکەکان دروست بوو. لە ڕوانگەی مێژوویییەوە پێویستە جەخت لەسەر ڕۆلی زلهێزەکان لە ناسەرکەوتوویی پرۆسەی نەتەوەسازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکرێتەوە. بەڵام دەوڵەتگەلی نادێموکراتیک و دیکتاتۆر لە بەردەوامی ناسەرکەوتوویی ئەو پرۆسەیە ڕۆلی بەرچاویان هەبووە. لە سەردەمی بەجیهانیبوون شۆناسە نافەرمیی و نادەوڵەتییەکان هەرچی زیاتر دەرەتانی پەرەسەندن و خۆزیندووکردنەوەیان پەیدا کردوە.

## دەوڵەتگەلی دەستکرد و نەتەوەسازی

زلهێزەکان بەتایبەتی لە دوای شەری یەکەمی جیهانی کۆمەڵێک دەوڵەتی دەستکردیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێکهێنا. ئەو دەوڵەتە دەستکردانە زیاتر ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان بوون و لەگەڵ خواست و فرەچەشنی خەڵکی ئەو ناوچانە نامۆ و ناتەبا بوون. دابەشکردنی عەرەبەکان لە دوای دارمانی ئیمپراتووری عوسمانی بەسەر چەندین دەوڵەت و لەبەرچاونەگرتنی وێکچوونی زمانی و کولتووری ئەوان، یەکێک لە بەرجەستەترین نموونەکانی پێکهێنانی دەوڵەتگەکی دەستکرد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. هەروەها ریشەکانی کێشەی فەلەستین-ئیسرائیل دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆلەی زلهێزەکان بەتایبەتی بریتانیا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست هەیبوو. کێشەی لەمێژینەی ئیسرائیل-فەلەستین نەتەنیا خەساری بە ئیسرائیلییەکان و فەلەستینیەکان گەیاندوە بەڵکوو کێشەیەکی ناوچەییشی لە نێوان زۆرینەی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسرائیل یان لە ئاستێکی بەرفراوانتر لە نێوان موسلمانەکان و ئیسرائیلییەکان پێکهێناوە. دابەشکردنی کوردەکان لە نێوان چوار وڵاتی تورکیە، ئێران، عێراق و سووریە نموونەیەکی دیکەیە لە ناتەبایی نێوان سنووری نەتەوەیی لەگەڵ شۆناسی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراستە. کوردەکان لە هەموو پارچەکان بزووتنەوەی بەهێزی نەتەوەییان هەبووە و داوای چەشنێک لە ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەریان کردوە. بۆ نموونە هەر لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمارێکی کوردیان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزراند و شۆناسی نەتەوەیی خۆیان بەرجەستە کردەوە. هەروەها تەنیا لە باکووری کوردستان لە شەری نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و تورکیە بەراورد دەکرێ کە زیاتر لە ٣٠،٠٠٠ کەس گیانی لەدەست دابێ کە زۆربەشیان کورد بوون. کەوایە زلهێزەکان ڕۆڵێکی زۆر نەرێنیان هەبووە لەوەی سیستمی دەوڵەت-نەتەوەیان بەزۆر و لەسەربنەمای قازانجی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست پەرە پێ دا.

## دەوڵەتی نادێموکراتیک و نەتەوەسازی

دەوڵەتەکانی نادێموکراتیک یەکێک لە لەمپەرەکانی بەردەم سەرکەوتنی پرۆسەی نەتەوەسازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراستن. زۆربەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست ڕێگە بە هاووڵاتیانیان نادەن کە ماف و دەرفەتی هاوبەشیان هەبێ بۆ ئەوەی لە پێکهێنانی داهاتووی وڵاتەکەیان بەشدار بن. بۆ نموونە لە ئێران کە شیعە وەک مەزهەبی فەرمی وڵات دیاریکراوە و شیعەکان زۆربەی پۆستە سیاسی و گرینگەکانی وڵاتیان بەدەستەوە گرتووە، ئەستەمە هەستێکی هاوبەش و شۆناسێکی هاوبەش لە نێوان سوننی و شیعەکانی ئێران دروست بێ. کاتێک دەوڵەت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە نوێنەراتی هەموو گرووپەکان ناکا، ئەو گرووپانەی لەپەراوێزخراون، هەوڵ دەدەن شۆناسی گرووپی خۆیان بەهێز بکەن یان پەیوەست بە شۆناسگەڵی بان نەتەوەوەیی و جیهانی‌تر بن. بۆ نموونە لە ئێران سوننییەکان جەختیان لەسەر سوننی بوونی خۆیان کردۆتەوە و یان بۆ نموونە ئەوەی کەیسی مردنی فەریناز خوسرەوانی دەبێتەوە هۆی نارەزایەتی گەورە لە مەهاباد و تەنانەت چەندین شاری دیکەی کوردیش نارەزایەتی دەردەبڕن، بەرهەمی ئەو سەرکوتکردنە شۆناسەیە کە بەشێوەیەکی سیتماتیک لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران دا ڕووی داوە. ئەگەر لە وڵاتێکی دێموکراتیک با، هاووڵاتیان متمانەیان بە دەوڵەت دەکرد و کەیسێکی وەک فەریناز خوسرەوانی بە سادەیی و لە ڕێگەی سیستمی یاسایی چارەسەر دەکرا. هەتا کێشەی ناتەبایی سنووری نەتەوەیی و شۆناسی نەتەوەیی چارەسەر نەکرێ، وێککەوتنی شۆناسی دەوڵەتی و شۆناسی گرووپگەڵی نادەوڵەتی لە نێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بەردەوام دەبێ.

## نەتەوەسازی لەسەردەمی بەجیهانی بوون

مودێرنیزم یارمەتی دەوڵەتانی دا بۆ ئەوەی کۆنترۆلیان بەسەر پرۆسەی نەتەوەسازی دا هەبێ، بەڵام بەجیهانی بووون واتە سەردەمی فرەشۆناسی کۆنترۆلی دەوڵەتی لە نێو سنوورەکانی خوی خستە ژێر پرسیار. پێکهێنانی ئەرتەش، سیستمی خوێندن، دراو و پاسپۆرت هەموو بەشێک لەو هەوڵانەن کە دەوڵەتان بۆ پێکهێنانی شۆناسێکی هاوبەش لە چوارچێوەی خاکێکی دیاریکراودا لەقەڵەم دەدرێن. بۆ نموونە خزمەتی سەربازی پراکتیزەکردنی ئەو ئایدیایە بوو کە جگە لە ماڵی تاکەکەسی، ماڵێکی گەورەتریش بە ناوی وڵات هەیە کە پێویستە پارێزگاری لێ بکرێ. دەوڵەتان سیستمی خوێندنیان پەرە پێ دا تا منداڵان لە هەر گۆشەیەکی وڵات بە خوێندنی ڕومانێکی هاوبەش، زمانێکی هاوبەش و مێژوویەکی هاوبەش پەروەردە بکرێن. بۆ نموونە لە وڵاتی ئێران کە پێکهاتووە لە نەتەوەکانی عەرەب، تورک، بەلووچ، تورکەمەن، کورد و فارس، زمانی فارسی واتە زمانی دەوڵەت بووەتە زمانی هاوبەش لە نێوان ئەو نەتەوانە. دەوڵەتان لە ڕێگەی قوتابخانە و زانکۆکان هەوڵیان داوە مێژوو و تێگەیشتنێکی هاوبەش لە ڕابردوو لە نێو هاووڵاتیانیان دروست بکەن چونکە خاکی هاوبەش بە تەنیا ناتوانێ خەڵک هاوچەشن و هاورەنگ بکا. هەر بۆیە تیۆری داڕێژی ناسیۆنالیزم، ئێرنێست ڕێنان، دەڵێ نەتەوەسازی بە بێ دەستکاری کردنی ڕابردوو ناکرێ.

بەجیهانی بوونی کومەڵایەتی کە جەخت لە بڵاوبوونەوەی ئایدیا، وێنە و خەڵک لە جیهاندا دەکاتەوە، سنوورە دەوڵەتی‌یەکانی پڕکەلێن و پڕدەرز کردوە. بۆ نموونە لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەم دا ٣٢ میلیۆن هاووڵاتی ئەمریکا واتە ١١،٥ لە سەدی حەشیمەتی ئەمریکا لەو کەسانە پێکدێ کە کۆچیان بۆ ئەمریکا کردوە و لە ئەمریکا لە دایک نەبوون. هەروەها نزیک ٣٠ میلیۆن کەس ساڵانە سەردانی ئەمریکا دەکەن. کەوایە تەنانەت بۆ بەهێزترین دەوڵەتی جیهانیش کۆنترۆلکردنی سنوورەکانی بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو زۆر دژوار بووە. بەجیهانیبوونی کۆمەڵایەتی پێوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی زۆر ئاڵۆزتر کردوە چونکە دامەزراوەکانی دەوڵەتی وەک قوتابخانەکان و میدیای دەوڵەتی چیدیکە تەنیا سەرچاوەی زانیاری خەڵک نین. گلۆبالیزم واتە بەجیهانیبوون بە کەمکردنەوەی تێچووی بەکارهێنانی تەکنەلۆژی نوێ، یارمەتی شۆناسە سەرکوتکراوەکانی داوە. بەجیهانیبوون تێچووی بەکارهێنانی ئامرازی نوێ وەک پرێنت و تەلەڤیزیونی کەم کردۆتەوە بەچەشنێک کە ئێستا شۆناسە نادەوڵەتی‌یەکانیش نەتەنیا دەتوانن پارێزگاری لە شۆناسی خۆیان بکەن بەڵکوو دەتوانن پەرە بە شۆناسی خۆشیان بدەن. بۆ نموونە ٥ ساڵ لەمەوبەر زۆرێک لە کوردەکان لە ئێران، عێراق و تەنانەت تورکیا زانیارییەکی ئوتۆیان لەسەر کوردەکانی سووریە نەبوو، بەڵام ئێستا بە هۆی میدیای لۆکالی، تورە کۆمەڵایەتی‌یەکان و میدیای جیهانی، کوبانی، شارێکی ڕۆژئاوای کوردستان بۆتە سەمبولێکی کوردان لە هەموو بەشەکان. دروستکردنی ئەو هەستە هاوبەشە چەند دەیە لەمەوبەر بۆ گرووپێکی بێ دەوڵەت وەک کورد بابەتێکی یەکجار ئەستەم بوو.

## ئاکامگیری

زلهێزەکان بە دروستکردنی دەوڵەتگەلێکی دەستکرد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست تۆوی کێشەیەکی بەرفراوانیان لەو ناوچەیە چاند. ئەو کێشەیە کێشەی نێوان شۆناسی نەتەوەیی و سنووری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست. دەوڵەتانی سەرەرۆ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بە سەرکوتکردنی شۆناسی هێندێک لە گرووپەکان و نەرەخساندنی ماف و دەرفەتی هاوبەش بۆ هەموو گرووپەکانی نێو خاکەکەیان، کێشەی نێوان شۆناسی نەتەوەیی و خاکی نەتەوەیان زیاتر کرد. دواجار بەجیهانیبوونی کۆمەڵایەتی وێککەوتنی شۆناسە پەراوێزخراوەکان و شۆناسە دەوڵەتییەکانی لێکەوتۆتەوە و ناتەواوبوونی پرۆسەی نەتەوەسازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بەرجەستە کردۆتەوە.


Sources

Nye, Joseph S, David .٢٠١٤ .Welch, and Joseph S Nye Understanding Global Conflict and Cooperation : an Introduction .to Theory and History

Fawcet, Louise. “International Relations of Middle East,” (Oxford .(٢٠٠٩ ,University Press: Oxford

Akçam, Taner. From Empire to Republic: Turkish Nationalism and the Armenian Genocide. .Print .٢٠٠٤ ,London: Zed

Watson, Ivan and Comert, Yasim. “Reports says Turkey’s Kurdish conflict has turned more violent,” published by CNN in .٢٠١٢ ,September

Nemat, Marina. “Religious Minorities in Iran,” published by the International Religious .٢٠٠٤ Freedom Report

Guvenc, Muna. “Constructing narratives of Kurdish nationalism in the urban space of Diyarbakir, .٢٠١١ Turkey,” published in

# ڕووناکبیری لە « بیرۆکە»وە تا «کردەوە»!



عەلی لەیلاخ

رووناکبیر یان ((Intellectu*کــــە بە مانای، بیرمەند وخاوەن هزرو رەخنەگرە، ئەم ناوە بەو کەسانە دەگوترێت کە بە جۆرێک هەڵگری بیری نوێ وخاوەنی بەهرەی فیکرین و لە هەمان کاتدا بەرانبەر بەهەر چەشنە دۆخی نالەبار یان بە مەبەستی بەروپێشبردنی کۆمەڵگە وکەم کردن و سڕینەوەی خاڵە نیگەتیڤەکانی جڤاک وژینگەی خۆیان بەهەڵویست گرتن ودەنگ هەڵبرین دەبنە پێش قەراوڵی چاکسازیی ولە ئاڵۆگورە سیاسی ومەدەنی وفەرهەنگییەکان دەورورۆڵی بەرچاویان هەیە.

ئەگەر پرسیارو پشکنینی هزریی بە بنەمای فەلسەفەی بزانین و گەشەی فەلسەفە کە هەمان گەشەی ئاوەزوعەقڵ بە حیساب بێنین، بەداخەوە کەمتر وڵاتانی خۆرهەڵاتی گرتۆتەوە. هەر ئەمەش بەچەشنێک لە ڕەوتێکی مێژوویی بۆتە ڕێگرێک لە بەردەم گەشەی سیاسی وفەرهەنگی وڵاتانێک کە ئەمرۆبە «جیهانی سێیەم» ناوزەد کراون.

نیشانەی گەشە ئەستاندنی وڵاتێک لەڕادەی بنەما دیموکراتیکەکان و خۆش بژیوی وبار ئەمنی.. ئەو وڵاتە پێناسە دەکرێت. لە نێوانی بوونی ئەم خاڵانە و ئاست و ڕادەی رووناکبیران لە کۆمەڵگە پێوەندییەکی قووڵ هەیە یانی هەر رادە ئاستی رووناکبیریی کۆمەڵگایەک لەسەربێ، (کە یەکێک لە ئەرکەکانی رووناکبیران بردنە سەری رووناکبیریی کۆمەڵگایە)ئەو کۆمەڵگە بە پرنسیپە دیموکراتییەکان وخۆش بژیویی ئابووری وگەشەوپەرەی فەرهەنگ وشارستانیەت نزیکترە و راست ئەم قسەش بە پێچەوانەکەیەوە وایە.

ئامانجە بنەرەتییەکانی رۆشنبیران کە هەردەم دەبێ رووی رەخنەیان لەوانە بێ:

–دۆگمەکان، نەریتە کۆن وداخراوەکان، خورافات
–دەوڵەت، دەسەڵات
–خاوەندارانی دین وئایدۆلۆژیا (ئەحزاب، ناوەندە ئاینیەکان، رووحانییەت.)

بە پێی ئەم خاڵانە هەرچەشنە خۆ دزینەوەی رووناکبیران بەرانبەر بە کێشە کۆمەڵایەتی وسیاسی وفەرهەنگییەکان دەرخـــەری ئـەوەیـە کـە ئـەوان بەتەواوی لە مانای راستەقینەوبنەڕەتیی رووناکبیری تێنەگەیشتوون وبەرەبەرە دەبیتە هۆی سڕینەوەیان لە کۆمەڵگا چونکە لە رەساڵەت وئەرکی سەرەکیی خۆیان لایان داوە.

ئەگەر یەکەم تایبەتمەندیی لۆژیکی رووناکبیر خۆناسین وپشکاندنی پرس وگرفتەکان بێت، کەواتە رووناکبیرتوێژەرێکی واقع بینە، بە دوور لە هەر چەشنە دەمارگرژیی وجەزم بوون، دەبێ دەنگێکی جیاوازو بە هەڵوێست بێ بە نیسبەت ڕووداوەکانی کۆمەڵگە.

راستە رووناکبیر دەبێ هەردەم بۆ دارِماندنی بنەما نەگریس وبەربەستەکان لە تەقەلادا بێ، بەڵام هاوکات دەبێ هەوڵیش بدا کە شتی نوێ وتازەش بنیات بنێت و بە تەواوەتی لەسەر کۆمەڵگەی خوی زانیاری وناسیاری هەبێت.

چەند تایبەتمەندی رووناکبیری

–زانست وئاگاهی
– پێڕەوی کردنی هزری رەخنەگرانە
– نوێخوازو باوڕشکێن(مەبەست ئەو باورانەیە چ لەباری مێژوویی چ لەباری زانستی بێ بنەما ولاواز بێ بۆ نموونە شاملوو توانی لەسەر باوەرمەندێکی دەمارگژانە بە نیسبەت مێژووی ئێران یان موسیقی سوننەتی بە دیدێکی رەخنەگرانە و بوێرانە بە دەنگ بێ ورەخنەی لێ بگرێت)
– بەرپرسایەتی و دەروەست بوون
– پراگماتیسمی و هەوڵدان بۆ بەکردەوەیی کردنی بیرۆکە فیکرییەکان کە ئەم خاڵە کاکڵەی ئەم بابەتەیە ولە دوو روانگەوە جێگای سەرنجە. یەکەم لە تایبەتمەندیی

رووناکبیرییە، دووەم نەبوون یان لاوازی پراگماتیسمی زۆرجار لە خەسارناسی رووناکبیری دەخرێتە بەرباس.


رووناکبیر تەنیا توێژەرولێکۆڵەری بێ لایەن نیە، بەڵکوو هەموو کاتێک دەبێ بۆ کەم کردنەوەی رەنج ومەینەتی کۆمەڵگا بە کردەوە لە خزمەتی بردنەسەری ئاستی ئازادی و یەکسانی ودادپەروەریی بێ و بۆ جێخستن وبەدەست هێنانی مافە دیموکراتیکەکانی کۆمەڵگا لە «ژووری بیرۆکە، بەرەو شەقامی کردەوە»هەنگاو هەڵێنێ. ئەگەرئاوڕێک لە شۆرش وچاکسازیی سیاسی وڵاتی فەرانسە بدەینەوە دەبینین رووناکبیرانێک وەکوو «ڤۆلتێر و» رۆسۆ»و «ژان پۆل سارتەر»، هەتا بڕژادە عیلمییەکان و قەڵەم بەدەستان وهونەرمەندان بە پاڵپشتی لە خەڵک چەندە دەورونەقشی سەرەکییان گێراوە. ئەگەر لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ڕادەی رەگەزپەرەستی گەیشتووتە نزمترین ئاست، بێ شک ئەمە زیاتر بەرهەمی فیکری رێبەرانی سیاسی بەتواناو هاوفیکری رووناکبیرانی پراگماتیسمی وبوێرە. کەسانێکی»سارتەر»کە بەتوندترین شێوە دەسەڵاتی فەرانسەی بەنیسبەت هەڵسوکەوتی رەگەزپەرەستانە دەخستەبەر رەخنەوگازندەو تەنانەت بۆ پاڵپشتی رەشپێستە «ئەلجەزایرییەکان»دەهاتە سەرشەقام وخۆی بە شەریکی خەم ورەنجی ئەوان دەزانی.

ئەگەرلەوڵاتێکی وەکوو ئێران کە وڵاتێکی فرەچەشنە لەباری دێموگرافی ونەتەوەکانەوە، هێشتاکە بیرۆکەی داخراوی رەگەزپەرەستی زاڵە وئەمەش لە میدیاکان و تۆرەکۆمەڵایەتییەکان زۆرجار دەردەکەوێ، بێ شک ئەم گرفتە بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ ئەوە کە بەداخەوە رووناکبیرانی ئێران ئەرکی خۆیانیان بە دروستی بەجێ نەهێناوە. پاساوهێنانەوە، خۆ دزینەوە، یان پاڵ دانەوە بە حاکمیت سێ خاڵی نەرێنی بەشێک لە بژاردە فیکری و ئەدەبیەکانی کۆمەڵگەی ئێرانن. کاتێک بەشێک لە نووسەران وئەدیبانی فارس کە بەشێکی بەهێزوبەرچاون لە کۆمەڵگەی رووناکبیری، هێشتاکە بەرانبەر بە مافە رەواکانی نەتەوەکانی دیکە وەکوو زمانی زگماکی ومافی شارومەندی بە دیدی شووڤێنستییەوە دەڕوانن و هیچ هەوڵێک نادەن بۆ سرینەوەی نەریتی رەگەزپەرەستی ئاینی و نەتەوەیی ، ئیتر هەڵگری باری مانایی ئەو نازناوە نین و لە ئەرکی حەقیقی خویان دووردەکەونەوە. ئەم چەشنە رووناکبیریەی («بێ لایەن» بە نیسبەت ڕووداوەکان، یان «لایەندار»بەنیسبەت دەسەڵات وئایدیایەک.. ) لە سەدەی بیستەم لەسەردەستی بیردۆزانێک وەکوو «تـئـودور آدورنـو (Theodor Adorno) کە گەلاڵەی «رووناکبیری دژە رووناکبیر»نووسی یان ژۆلین بندا (Julien Benda)* بە کتێبی «خەیانەتی رۆشنبیری» کەوتە بەر رەخنەوپلار گرتنی راستەوخۆ، «بندا» رووناکبیر بە مرۆڤێکی بیرمەند ورەها لە چوارچێوەی تاریخی ومیللی، بە هێزێکی جیهانشموول پێناسە دەکات. «آنتونیو گرامشی (Antonio Gramsci)* یەکیک لەو فیلسوفانەیە کە لە نێوان رووناکبیرانی سوننەتی»واتا (مامۆستایان، قەشە وروحانییە ئایینەکان، دیوانسالارەکان) کە بە جۆرێک لە خزمەتی مانەوەی فەرهەنگی دەسەڵات خوازوسەرەرۆدان، لەگەڵ ئەوبەشە لە رووناکبیرانی مەدەنی کە پێیان دەڵێ (رووناکبیرانی ئورگانی) جیاوازی دادەنێ ولەسەر ئەوباوەڕیە کە رووناکبیرانی مەدەنی توانایی زیاتریان هەیە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەرچەشنە خۆبەزل زانینی رەگەزی و ئاینی و دەتوانن لە ئاڵۆگۆرەکانی کۆمەڵگادا رۆڵی باشتر بگیرن.

**رووناکبیر تەنیا توێژەرولێکۆڵەری بێ لایەن نیە!!بەڵکوو هەموو کاتێک دەبێ بۆ کەم کردنەوەی رەنج ومەینەتی کۆمەڵگا بە کردەوە لە خزمەتی بردنە سەری ئاستی ئازادی ویەکسانی ودادپەروەریی بێ وبۆ جێ خستن وبەدەست هێنانی مافە دیموکراتیکەکانی کۆمەڵگا ،لە «ژووری بیرۆکە، بەرەو شەقامی کردەوە»هەنگاو هەڵێنێ**

ئەگەر کۆمەڵگەی ئێستای ئێران وبەتایبەتی کوردستان لەپێش چاو بگرین، دەزانین بە هۆی حاکمیەتی توتالیتروسەرەرۆ زۆرێک لە مافە رەواکانی کۆمەڵگە پێشل دەکرێت. کەواتە نەقش ورۆڵی رووناکبیران بۆ هەوڵدان وخستنە گەڕی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگا لەم هەلومەجەردا بە پێویست تر هەست پێدەکرێ. بەداخەوە ئەوەی ئێستا کە لە لایەن بەشێکی بەرچاو لە «رووناکبیرانی ئورگانی» یان مەدەنی کوردستان وەکوو (نووسەران، شاعیران،هونەرمەندان، رەخنەگران،) بۆتە باو ئەوەیە کە لە هەمبەر هەر رووداوێکی سیاسی یان فەرهەنگی دەڵێن: ئێمە کارمان بە سیاسەتەوە نیە یان سیاسی نین!) ئەمە لە کاتێک دایە بە پێوەری کۆمەڵناسی لە سیستەمێکی نالەباری سیاسی هەر وڵاتێک تاک بە تاکی ئەو کۆمەڵگا بەتایبەتی بژاردەفیکرییەکان ورووناکبیران بەرپرسن. جاروبار بێ ئەوەی خومان بە تاوانبار بزانین لە گەڵ سەرەڕۆیی سیاسی، پێشلکاریی ومافخۆری و..هتد..ئەگەر هاودەست نەبین ، بێ دەنگی کردن وهەڵویست نەگرتن وپاسیڤ بوون نیشان لە قبوولکردن وتەئیدی ئەو دۆخەیە!

سەرچاوەکان:
ژیاننامەی «ژان پۆل سارتەر»
ماڵپەری «ایران گلوبال»
«دانشنامەی رشد»



..........................      ..........................

**هەرچەشنە خۆ دزینەوەی رووناکبیران بەرانبەر بە کێشە کۆمەڵایەتی وسیاسی وفەرهەنگییەکان دەرخەری ئەوەیە کە ئەوان بەتەواوی لە مانای راستەقینەوبنەرەتیی رووناکبیری تێنەگەیشتوون وبەرەبەرە دەبیتە هۆی سڕینەوەیان لە کۆمەڵگا جونکە لە رەساڵەت وئەرکی سەرەکیی خۆیان لایان داوە**

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:656 may 2015

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی

# «ناموس» غەدرێک لە ژن



کوێستان فتوحی

زۆر جار مرۆڤی وڵاتی ئێمە لە ژێر ناوی چەمکی «ناموس»دا ژیانی لێسەندراوەتەوە یان بە ترس و خۆفەوە درێژەی بە ژیان داوە. «ناموس» تەنیا وشەیەکی رووت و بەتاڵ نیە، بەڵکوو چەمکێکە لە نێوی‌دا دیوارێک لە ستەم هەڵچنراوە. لە نێو ئەم چەمکەدا مرۆڤ لە مرۆڤ بوون بەتاڵ کراوەتەوە. کاتێک ئینسان ئازادییەکانی لێدەسەندرێتەوە، هەموو جووڵەیەکی لەژێر تارمایی ترس دایە، مرۆڤێکی داروخاو و بێ ئیرادە دەبێ.

لە کۆمەڵگەی «ناموس»تەوەردا کە ئێمەش بەشێکین لەو کۆمەڵگایانە، ترس سەرتاپای ژیانی مرۆڤەکان بە پیاو و ژنەوە دادەگرێ. ترس لە دەستدرێژی، ترس لە لەدەستدانی «پاکیزەیی و پیرۆزایەتی»، ترس لە سووکایەتی و بەلاڕێداچوون، ترس لە تۆڵەکردنەوە، کە ئەمانە هەموویان دەچنەوە نێو قالبی چەمکی «ناموس»ەوە.

***

### فەریناز دووجار قوربانی

پیاوانە دەستی پێکرد و پیاوانە کۆتایی پێ‌هات! تەنیا مردنەکەی بە مانای راستەقینە ژنانە بوو! هەڵبەت ئەمنیش ژنانە خۆشبین بووم، پێم وانەبوو هەموو کێشەکان دەکەونەسەرەوەی کێشەکەی فەریناز و دواتر کێشەکەی ئەو وەک تارای سووری بەر هەتاو کاڵ دەبێتەوە.

... «بۆ دیفاع لە فەریناز رێگا زۆرن و خەڵک وا زوو ناکشێنەوە، چونکە غەدری «ناموس» لە کۆمەڵگەی ئێمەدا غەدرێک نیە بۆ لێخۆشبوون بێ»!

پێشبینییەکان وەک بیرکردنەوەکانم نەبوون، هەر لە ناشتنەکەی‌ڕا دەرکەوت فەریناز هەر زوو کەوتە پەراوێزەوە. هەژارانە تەرمەکەی بەبێدەنگی و بە شاراوەیی بەرەوگۆڕستان برا، تەنانەت ژنانیش (بەرادەی پێویست)خۆیان نەکرد بە خاوەنی کێشەکەی، هەر بۆیە زەحمەتیان بەخۆیان نەداو نەچوونە ژێر دارەمەیتەکەی!

بەشێک لە چالاکانی مەدەنی و تەنانەت بەشێکیش لە حیزب و راگەیەنەکانیش کە هەمووکات ئیدیعای پێشڕەوایەتیان کردوە، چەمکی «ناموس» وەک بەهایەک لە وتەو لێدوانەکانیادا دووبارە دەبۆوەو وەک پیرۆزییەک چاویان لە مردنی فەریناز دەکرد.

لە حاڵێکدا ئینسانێک گوماناوی گیانی لەدەست دابوو ئایا کوشتیان یان خۆی کوشت؟ لەهەر حاڵدا بووە قوربانی ناپاکی و هەستی گڵاوی کەس یان کەسانێک کە وەک زۆر ژن و کچی دیکەی ئەم نیشتمانە بووە هۆی گیان لەدەست دانی. بەڵام ئەگەر ئەو پێناسەیەی ئێستا بۆ «ناموس» هەیە نەبوایە، رەنگە فەریناز لە ئێستادا لە ژیان‌دا ماباو بەشێوەیەکی دیکە دیفاعی لە مافی خۆی کردبایە. بەڵام ئەو باش دەیزانی ژیان لە نێو ترس و گومان‌دا چەندە دژوار دەبێ!

لەو رووداوەدا کەس بەدوای ئەم پرسیارەدا نەگەڕا ئەگەر فەریناز خۆی فڕێ نەدایەو گیانی لەدەست نەدایە، دوای ئەم رووداوە - هەوڵی دەستدرێژی کرانەسەری- چۆن لەو کۆمەڵگەدا ژیانی بەسەر دەبرد؟ ئایا ئەو خەڵکەی دوای مەرگی بۆی وەدەنگ هاتن ئەوکاتیش پشتیوانی دەبوون؟ چۆنیان مامەڵە لەگەڵ کەسێک دەکرد کە دەستدرێژی کراوەتەسەر؟ یا هەوڵی دەستدرێژی کردنەسەری دراوە؟ ئایا ئەگەر ئەو کەسەی ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتەسەر فەریناز، مۆرەیەکی سەربە رێژیمی کۆماری ئیسلامی نەبوایە، ئەو پشتیوانیە لە فەریناز دەکرا؟ وڵامەکان روونن و ئەگەر وەک زۆر بابەتی دیکە خۆی لێ لانەدەین لەلای هەمووومان ئاشکرایە.

فەریناز وەک هەر مرۆڤێک خاوەنی مافی سروشتی خۆی بوو، واتە ژیان بەبێ ترس، بەڵام ترس گیانی لێسەند. خۆی کردە قوربانیی پارێزگاری لە»ناموس». خۆ ئەگەر ماباش دیسان هەر دەبووەوە قوربانی «ناموس». ئەگەر مەرگی هەڵنەبژاردایە و توانای دیفاعیشی لەخۆی نەبوایە و دەستدرێژی کرابا سەر، دیسان ئەو بەجۆرێکی دیکە دەمرد، چونکە ئەو کۆمەڵگەی ئەوی تێدا دەژیا بەچاوێک لێیان دەڕوانی کە مەرگ هەزارجار باشتر دەبوو لە ژیانەکەی. ئەو بەتاڵ دەبۆوە لە مرۆڤ بوونی، چونکە نێوەرۆکی ژن «ناموس»ە. ئەو مۆتەکەیەی زۆری لەسەر کوژراون و زۆری لەسەر «بێ‌ئابڕوو» کراون! هەر بۆیە پێش ئەوەی گیانی لێبستێنن خۆی گیانی لەخۆی سەندوە.

رووداوەکە کۆتایی پێ هات یان کۆتایی پێ‌دێ، بەڵام ئایا لاپەڕێکی نوێ لە وەزعی ژن و مەسەلەی «ناموس» لە کوردستان هەڵدەرێتەوە؟ ئایا «ناموس» بەوزووانە لە جەستە یان سێکسوالیتەی ژن دێتەدەر یان هەر بەشێک دەبێ لە هۆوییەتی ژن.

### «ناموس» بەبێ ژن و ژن بەبێ «ناموس» چ بێواتان!

«ناموس» برینێکی کۆنە و بەهەر لێککەوتنێک قەتماغەی ئەو برینە هەڵدەکەندرێ‌و خوێن لەوبرینە دێ. دەڵێن لە رابردوودا شەڕی «ناموس»بە خوێن نەبێ ئاشتبوونەوەی نەبوو! زۆربەمان نموونە و چیرۆکی زۆرمان لەلایە. پیاوان بۆ لێدان و تۆڵەکردنەوە و سووکایەتی بە یەکتر هەر جەستەی ژنیان داوەتە بەر چەقۆ و زەهری «ناموس». راستییەکەی ئەوەیە کۆمەڵگەی کورد ئێستاش رێگەیەکی دوور و درێژی لەپێشە کە «ناموس» پێناسەبکاتەوە و لە جەستەی ژنی دەربێنێ.

زۆربەمان سەرەڕای ئیددیعاکانمان، کە هەر کات باسی چەمکی «ناموس» دەکرێ، ئێستاش نەمانتوانیوە یان نەمانوێراوە «ناموس»بە ژنەوە پێناسە نەکەین. کەم ژن هەیە بە ئاشکراو لە تریبوونێکەوە روو بەخەڵک بڵێ «من ناموسی هیچ پیاوێک نیم، بەڵکوو مرۆڤم و خاوەنی هەموو ئەو مافانەم کە مرۆڤ دەبێ لێی بەهرەمەند بێ». زۆر جار لەم دەستەواژەیە کە ژن بەکاری دێنێ واتە (من ناموسی پیاو نیم) کەڵکی خراپ وەردەگیرێ. بە باوەڕی من ئەوە بەو مانایەیە مرۆڤ روح و جەستە و بیر و هۆشی هی خۆیەتی و کەسیش مافی ئەوەی نیە بۆمەبەستێکی تایبەتیی و بەرژەوەندیخوازی لە جەستەو بیرو هۆشی کەسی دیکە کەڵک وەربگرێ. بۆیە دەبێ رووناکبیران و چالاکانی مافەکانی مرۆڤ ئەو شەهامەتەیان هەبێ «ناموس» پێناسە بکەنەوە و رێگە نەدەرێ چی دیکە کەڵکی ئامرازی لەو جەستەیە وەربگیرێ.

## چەند دیمەنێک لە نارەزایەتی‌و خۆپێشاندانەکان‌و مانگرتنەکان بەرامبەر رووداوی هۆتێل تاراو پشتیوانی‌و هاودەنگی کوردستانیان لەگەڵ خەڵکی مەهاباد، لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌و دەرەوەی وڵات

